RÛDAW
ڕووداو
ژمارە (497) دووشەممە 2018/3/12 – 21ی ڕەشەمێ 2717 (750) دینار

# ئەمریکا مەنبج
# بە یەپەگە چۆڵ دەکات

**ڕووداو– هەولێر**

بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا، ئیدارەی ئەمریکی بە ئەنقەرەی ڕاگەیاندووە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەدات. یەکەم هەنگاویش بۆ ڕازیکردنی تورکیا لە مەنبجەوە دەستپێدەکات.

بەرپرسێکی حکومەتی تورکیا بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "جەوهەری مەسەلەکە ئەوەیە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) لە شاری مەنبج بکشێنەوە و بەرەو ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات شوێنگۆڕکێیان پێبکرێت". مەنبج 40 کیلۆمەتر لە سنووری تورکیاوە دوورە و هێزەکانی سووریای دیموکرات لە کۆتاییەکانی مانگی ئابی 2016 لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دەریانهێنا.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا تا ئێستا چەند جارێک هەڕەشەی کردووە کە پاش عەفرین نۆرەی مەنبج دێت. هەفتەی ڕابردوو، یەکەم دانیشتنی گروپی هاوکاریی ئەمریکا و تورکیا لە واشنتن بەڕێوەچوو. ئەو گروپە دوای سەردانەکەی مانگی ڕابردووی ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بۆ ئەنقەرە دامەزرا. بەگوێرەی واشنتن پۆست، بەرپرسانی کۆشکی سپی و تورکیا هیچ خشتەیەکی زەمەنییان بۆ دوورخستنەوەی یەپەگە لە مەنبج دانەناوە، جارێ ئاماژە بۆ ئەوەش نەکراوە میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە چۆن دەبێت. بەرپرسانی هەردوولا باسیان لەوە کردووە ئەو مژارانە لە کۆبوونەوەکانی دیکەی گروپی هاوکاریی تورکیا و ئەمریکادا تاوتوێ دەکرێن.

6»

محەمەدی حاجی مەحموود بۆ (ڕووداو):
## کورد دەبوو بایکۆتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکات
5

## 350 کادر و پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان تیرۆر کراون
6

## یەکێتی کۆنگرەی دواخست بۆ دوای هەڵبژاردن
3

بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی بۆ (ڕووداو):
# نەجمەدین کەریم یەکێتی نەماوە، با هەر بڵێت ئەندامی سەرکردایەتیم


3

ئابووری 8
## 50 هەزار قاتی کوردیی چینی هێنراوەتە کوردستان


کۆمەڵایەتی 13
## گورچیلەی خۆی بۆ گواستنەوەی دەسگیرانەکەی دەفرۆشێت

تاراوگە 11
## کۆچبەرێکی کورد چارەی کەچەڵەکانی ئەوروپا دەکات


ڕاپۆرت 7
## مزگەوتەکەی ئەردۆغان گەورەترە لەوەی سوڵتان


ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (497) - دووشەممە 2018/3/12



## دوای 33 ڕۆژ تەرمی گەنجێک دۆزرایەوە

**ناسر عەلی/ ڕووداو - دهۆک**

دووایی 33 ڕۆژ لە ونبوونی، تەرمی گەنجێکی تەمەن 20 ساڵی شاروچکەی شێلادزێ بەناوی ئیسماعیل عەبدوڵڵا، لە ڕۆژی 2018/3/11 لە چیای کورەژای دۆزرایەوە. مێهڤان بێزەلی کە ئامۆزای ئەو گەنجەیە بە (ڕووداو)ی گوت "ئیسماعیل لە ڕۆژی حەوتی مانگی ڕابردوو لە ماڵ دەرچوو و نەگەڕایەوە لەو ڕۆژەوە بەدوایدا دەگەڕاین. هەر جارێک قسەیەکیان دەکرد، هەندێک دەیانگوت چووەتە دەرەوە، هەندێکیان دەیانگوت بووەتە پەکەکە، بەڵام دواجار چەند گەنجێک کە بۆ گیای بەهاری چووبوونە چیا، تەرمەکەیان دۆزییەوە". گوتیشی "پێدەچوو مێهڤان لە چیا کەوتبێتە خوارەوە، ئاژەڵی کێوی گۆشتی جەستەیان خواردبوو".

فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دروستدەکەن

# گەنجانی کورد هەڵەبجە دەکەنە شاری بەرهەمهێنانی فڕۆکە



گرووپی ئاڕسی کورد هەشت گەنجی بەهرەمەندی لەخۆی کۆکردووەتەوە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو - سلێمانی**

کۆنترۆڵێکی بەدەستەوەیە و خۆی ئامادە کردووە بۆ تاقیکردنەوەیەکی گرنگ. ئەگەر ببینێ فڕۆکە بچووکەکە بەو شێوەیە جوڵە دەکات کە ئەو دەیەوێ، مانای وایە قۆناغی یەکەمیان سەرکەوتوو بووە. فڕۆکەکە بە خێرایی دەڕوات و دواتر بەرز دەبێتەوە. خەریکە لە چاو ون ببێت و پاشان دەگەڕێتەوە هەمان ئەو جێگایەی لێیەوە فڕیوە و دەنیشێتەوە. خۆشییەکی زۆر لە ڕوخساری فەیروز و هاوڕێکانیدا بەدی دەکەی کە نازانن چۆن گوزارشتی لێبکەن.

گرووپێکی فڕۆکەوانی بچووکی هەشت کەسی، بە خەونێکی گەورەوە چاویان بڕیوەتە ئەوەی لە ئاسمانی کوردستاندا بەهرە و لێهاتوویی خۆیان لە بواری دروستکردنی فڕۆکەدا تاقی بکەنەوە. ئەوان توانیویانە چەندین فڕۆکەی بچووک دروستبکەن. هەرچەندە پێکهاتەی کەلوپەلی فڕۆکەکانیان سەردەمیانە نین، بەڵام ئەوەیان بەدیهێنا کە لە مێژە خەونی پێوە دەبینن، فڕاندنی فڕۆکە، بەتایبەت فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

فەیروز سەعدی، سەرۆکی گرووپی فڕۆکەوانیی ئاڕسی کورد، دڵخۆشە بەوەی توانیویەتی هەشت گەنجی شارەزا و خاوەن بەهرە لە شاری هەڵەبجە و کەلار و شارەزوور کۆبکاتەوە بۆ دروستکردنی فڕۆکەیەک کە بەرهەمی دەستی خۆیانە "ئێمە هەفتانە فڕۆکەیەک دروست دەکەین. هەموو کەرەستەکانی بێجگە لە ئەلیکترۆنییەکانی، خۆماڵین. هەر یەکێکمان لە بوارێکدا پسپۆڕین، هەمانە لە بواری ئەلیکترۆنی و هەیە لەبواری دروستکردنی هەیکەلی فڕۆکەکە".

ئەو گەنجانە دەیانەوێ بەردەوام لە هەڵەبجە کۆببنەوە و هەرلەوێش پلان و پرۆژەی نوێ بخەنەڕوو. باشتر وایە بگوترێ، ئەوان لە داخی ئەو فڕۆکانەی لە 1988/3/16 دا شارەکەیان کیمیاباران کرد، دەیانەوێ هەڵەبجە بکەنە شاری بەرهەمهێنانی فڕۆکە.

ڕێبین عەلی، ئەندامی گرووپی فڕۆکەوانی ئاڕسی کورد، پسپۆڕی بواری دروستکردنی هەیکەلی فڕۆکەی گروپەکەیەتی و پێیوایە ئەو کارەی دەستیان داوەتێ دانانی بناغەیەکی بەهێزە کە بتوانن لەداهاتوودا کاری گەورەتر بکەن "فڕۆکەکان لە دووبەش پێکهاتوون، بەشی یەکەمی کەرەستەی خۆماڵییە، لە فلین و تەپەدۆر و فایبەر گلاس و داری بارسایە، تیپ و لاستیک، ئەمانە هەمووی لە هەیکەلەکەیدا بەکاردەهێنرێت، بەشی دووەمی ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانە لەسەر خواستی خۆمان لە دەرەوە داوای دەکەین".

ئارسی کورد، لە گەنجانی چەند شارێکی کوردستان پێکهاتووە، دەشزانن دروستکردنی فڕۆکەی بەکار و گەورە بەو شێوازە زانستییەی ئێستا، کارێکی هەروا ئاسان نییە. بەڵام وای دەبینن ئەوەی ئێستا کردوویانە دەبێتە بناغەی تیمی فڕۆکەوانیی کوردستان.

وەک سەرۆکی گرووپەکە باسی دەکات، ئەو فڕۆکانەی دروستی دەکەن بەشێکیان نابێت لەمەودای چاو و کۆنترۆڵ تێپەڕێت "بەڵام ئەوانەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانن، لەڕێگەی ئایپاد یان کۆمپیوتەرەوە کۆنتڕۆڵی دەکەین و ڕەوانەی مەودای دوورتری دەکەین".

محەممەد ئازاد، ئەندامی گرووپەکە، خەونی گەورەی ئەوەیە فڕۆکەی گەورەتر دروست بکەن و دەیەوێت گرووپەکەیان فراوانتر بکەن و گەنجانی هەموو کوردستان بەشداربن، بۆ ئەوەی بەهرەی زۆرتر و بیرکردنەوەی باشتریان لەگەڵ بێ.

ئەوان چەند جۆرە فڕۆکەیەکیان دروستکردووە. وەک خۆیان دەڵێن ئەگەر هاوکاری بکرێن دەتوانن هەمان ئەو فڕۆکانە بەشێوەیەک دروست بکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودی لێ ببینێ، بەڵام فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانیان لەئاستێکدایە بۆ ئێستا دەتوانرێت بەکاربهێنرێ. هاوکات فڕۆکەیەکیان دروستکردووە دەتوانێت لەکاتی پێویستدا لەنێو ئاو و ڕووبارەکاندا بنیشێتەوە و هاوشێوەی بەلەم جووڵە بکات.

ئەندامانی گرووپەکە توانیویانە پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری تەکنەلۆژیای فڕۆکەوانی دروست بکەن و چ کەرەستەیەکیان پێویست بێت هاوردەی بکەن و لە فڕۆکەکانیاندا بەکاری بهێنن، لەگەڵ ئەوەدا بەردەوام ئاگاداری دیزاینە نوێیەکانی دروستکردنی فڕۆکەن و سوودی زۆریان لێ بینیون.

سەرۆکی گرووپی فڕۆکەوانیی ئاڕسی کورد، دەیەوێت خۆی و تیمەکەی لەداهاتوودا پرۆژەکەیان فراوانتر بکەن لەبواری سەربازی و شارستانی و بوارەکانی دیکەدا.

ئەو کۆمەڵە گەنجە، کاتێک فڕۆکەکانیان لەئاسماندا دەبینن، دڵنیان لەوەی توانیویانە سەرکەوتوو بن لەو کارەی دەستیان داوەتێ، هەر بۆیە چاویان لەوەشە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەماهەنگییان لەگەڵ بکات و پێکەوە فڕۆکەی گەورەتر و باشتر دروستبکەن.



# جەنگ شەڕڤانە مێرمنداڵەکەی یەپەژەی ماندوو کردووە

**ڕووداو - هەولێر**

تەمەنی هێشتا 19 ساڵە، بەڵام حەوت ساڵی تەمەنی لە مەشقی سەربازی و شەڕی دژی داعشدا بەسەر بردووە. لەو ماوەیەشدا دوو جار بریندار بووە و پارچەی بۆمبێکیش لەنێو سەریدا ماوە. بێریڤان عەلی، شەڕڤانی پێشووی یەکینەکانی پاراستنی گەل، گەیشتووەتە خاڵێک کە ئیدی هەست دەکات شەڕ ماندووی کردووە.

بێریڤان لە ماوەی شەڕی ئازادکردنی ڕەققەدا لە بەرەی پێشەوەی شەڕ بووە و بەردەوامیش مەترسی تەقینەوەی بۆمبی چێنراوی داعشی لەسەر بووە.

بەڵام ئێستا لە ماڵی خۆیان لە ڕۆژئاوای کوردستان، لەناو بەتانییەکدا خۆی گرمۆڵە کردووە و بەدەم لێکردنەوەی بۆیە پەمەییەکەی نینۆکەکانیەوە ئەزموونی ساڵانێک شەڕ و پێکدادان دەگێڕێتەوە و پاشان بە پەیامنێرەکەی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی دەڵێت "ماندوو بووم".

یەکێک لەو ڕووداوانەی بێریڤان ناتوانێت لەبیری بکات، ئەوەیە کە جارێک خۆی و هەڤاڵەکانی ناچار بوون ژمارەیەک خەڵکی مەدەنی لە خانوویەکی بۆمبڕێژکراودا جێبهێڵن، چونکە هیچ کەسیان نەدەیاندەزانی چۆن بۆمبەکە پووچەڵ بکەنەوە و هیچ گەرەنتییەکیش نەبوو کە لەگەڵ چوونە ژوورەوەی ئەمان بۆمبەکە ناتەقێتەوە. بێریڤان هەموو بەسەرهاتەکانی ئەو چەند ساڵە لە ناو یەک ڕستەدا کورت دەکاتەوە و دەڵێت "زۆرمان بینی زۆر".

کاتێک بێریڤان بەسەرهاتەکانی بۆ ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەگێڕایەوە، ئاهین عەلی، دایکی بێریڤان، مچورکێک بە گیانیدا هات و بەدەم گریانەوە گوتی: "هەست بە ئێش دەکەم کاتێک دەبینم بێریڤانی کچم ئەو هەموو ناخۆشی و ئازارەی چەشتووە". بەم حاڵەشەوە ئاهین پەشیمان نییە لەوەی ڕێگەی داوە کچەکەی ئەو قوربانییە بدات و دەڵێت: "هیچ دایکێک لە دونیادا نییە حەز بکات منداڵەکانی لێی دوور بکەونەوە، بەتایبەتیش ئەگەر بڕیار بێت منداڵەکەی ڕوو لە مەیدانی شەڕ بکات. بەڵام دیسانیش شانازی دەکەم کە کچەکەم لە پێناوی دۆزێکدا شەڕی کردووە".

کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا سەرقاڵی دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆسەری بووە، لە ماوەی یەک ساڵ و نیوی ڕابردووشدا تورکیا بە هەموو توانایەوە هەوڵی داوە ڕێ لەوە بگرێ تا کار گەیشتە هێرش بۆ سەر عەفرین. ساڵێک لەمەوبەر، بێریڤان لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا لە ئەلباب بە سەختی بریندار بوو، هێشتاش پارچەی بۆمبێک لە سەریدا بەجێماوە. ئاهین هەر ئەو ڕۆژە خۆی گەیاندبووە نەخۆشخانە سەربازییەکەی نزیک ئەلباب.

وەکوو لە ڕاپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ) دا هاتووە، ئاهین کچەکەی و دوو کوڕی لەسەر ڕێبازی پەیەدە پەروەردە کردووە. تەلەفزیۆنەکەی ماڵیان بەردەوام لەسەر ئەو هەواڵانەیە کە باسی دوایین گۆڕانکارییەکانی شەڕی عەفرین دەکەن، وێنەیەکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پەکەکە، لە ژووری دانیشتنی ماڵەکە هەڵواسراوە. تورکیا پەیەدە بەوە تۆمەتبار دەکات کە باڵی سووریای پەکەکەیە، بەڵام سەرکردەکانی پەیەدە دەڵێن پەیوەندی و نزیکیی ئەوان و پەکەکە تەنیا ئایدیۆلۆژییە، نەک سیاسی و ئیداری.

بێریڤان کە لە خێزانێکی کوردپەروەر گەورە بووە، لە تەمەنی 12 ساڵانەوە ناوی خۆی لە ڕیزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەلدا نووسی، ئەو کات تەنیا دوو هەفتە بوو لە پۆلی حەوت دەستی بە خوێندن کردبوو، بەڵام ناونووسین لە ڕیزەکانی یەپەگە ناچاری کرد واز لە خوێندن بهێنێ.

باوکی بێریڤان پێشتر چەند جارێک بەهۆی ئەندامێتی لە پارتێکی کوردیدا لەلایەن ڕژێمی سووریاوە دەستگیر کراوە، بەو حاڵەشەوە ڕازی نەبوو کچەکەی بەو تەمەنە کەمەوە بچێتە ناو یەپەگە. بەڵام ئاهین دەیزانی ناتوانێت پێش بە کچەکەی بگرێت، چونکە ئەوان ساڵانێک بوو لە خێزانی خۆیاندا پشتگیرییان لەو دۆزە دەکرد. ئەو کات پریشکی شەڕی نێوخۆی سووریا هێشتا ناوچە کوردییەکانی نەگرتبووەوە.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئاگری شەڕی نێوخۆی سووریا لە ناوچە کوردییەکان، بێریڤان بۆ مەشق و ڕاهێنانی سەربازی ڕووی لە چیای قەندیل کرد، دواتریش کاتێک هێرشی داعش ڕووی لە ناوچە کوردییەکان کرد، بێریڤان ڕەوانەی بەرەکانی پێشەوەی شەڕ کرا. ئەوکات ئاهین نەیدەزانی جارێکی دیکە کچەکەی دەبینێتەوە یان کچەکەی ئەویش بە چارەنووسی ئەو شەڕڤانانە دەگات کە وێنەکانیان لەسەر شەقامەکان بە دیوارەکانەوە هەڵدەواسرا.

لە گەرمەی شەڕی یەپەگەدا لەدژی چەکدارانی داعش، ئاهین ڕۆژانە بەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگەڕا بۆ ئەوەی بەڵکو وێنە یان ڤیدیۆیەکی کچەکەی خۆی ببینێ و دڵنیاببێتەوە کە هێشتا لە ژیاندا ماوە، هەندێکجاریش هاوڕێ یان خزم و کەس زانیارییان دەدایە کە بێریڤان لە مەیدانێکی شەڕدا بینراوە.

لەو حەوت ساڵەدا ئاهین تەنیا چەند جارێک کچەکەی خۆی بینیبوو، چونکە یەپەگە و یەپەژە ڕێگەیان نەدەدا شەڕڤانەکانیان مۆبایل لەگەڵ خۆیان هەڵگرن و پەیوەندیی نێوان شەڕڤانەکان لەگەڵ خێزانەکانیان بۆ کەمترین ئاستی مومکین کەم کرابووەوە، بۆ ئەوەی شەڕڤانەکان هەموو تەرکیزیان لەسەر مەیدانی شەڕ بێت.

ئاهین دەگێڕێتەوە جارێکیان بێریڤان لە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیدا بە تەنیشت ماڵەوەدا تێپەڕیوە، هەر لەناو ئۆتۆمبێلەکەوە سڵاوی لە دایک و باوکی کردووە کە لەبەر دەرگا وەستابوون. پاشان دایکی بێریڤان زانیبوویەوە کە کچەکەی بۆ شەو لە گوندێکی نزیک خۆیان مابووەوە، بۆیە دواتر گلەیی لە بێریڤان کردبوو کە بۆچی ئەو شەوە نەهاتبووەوە ماڵەوە تاوەکو لە باوەشی دایکیدا بخەوێت.

لە ماوەی حەوت ساڵ دووریدا، بێریڤان تەنیا سێ نامەی بۆ ماڵەوە ناردبوو. ئاهین تاوەکو ئێستاش ئەو نامانەی پاراستووە. یەکێک لە نامەکان پێش بەشداریکردن لە شەڕدا نووسراوە، نامەیەکی دیکەشیان شیعرێکە بۆ دایکی کە لە بەشێکیدا هاتووە: "دایکم دڵمە، بەڵام چیم لەدەست دێت؟ ڕەوشەکەمان زۆر سەختە و زامێک لە قووڵایی دڵمدا دەکولێتەوە، بەڵام چیم لەدەست دێت؟ دووربوون لە تۆ سەختە".

# ورچەکەی چیای گارە لە پێشمەرگە دوورناکەوێتەوە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو - دهۆک**

یەکێک لەو دوو ورچانەی کە هەفتەی ڕابردوو لە چیای گارە لە پارێزگای دهۆک ڕزگارکران، لە مرۆڤ دوورناکەوێتەوە و چووەتە بارەگایەکی پێشمەرگە لەسەر چیای گارە، پێشمەرگەیەکی بارەگاکەش دەڵێت هەمووان هاتن سێڵفیان لەگەڵ گرت و ڕۆیشتن، ئێستا بووەتە ئەرک بەسەر شانی ئێمەوە.

ڕۆژی 2018/3/4 ڕێکخراوی هاوکاریی کوردی - ئەمریکی سێ ورچیان بردە چیای گارە بۆ ئەوەی بیانگەڕێننەوە نێو سروشت، بەڵام یەکێک لە ورچەکان دووگیان بوو، ئازادیان نەکرد، دوو ورچەکەی دیکەش کە ئازاد کران، یەکێکیان نەیتوانی لە مرۆڤ دووربکەوێتەوە و ئێستا لە دەوروبەری کۆشکەکەی سەددام لەسەر چیای گارە کە بارەگایەکی هێزەکانی پێشمەرگەیە دەسووڕێتەوە.

ئازادکردنی ئەو ورچانە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بە تایبەتی لە سۆشیالمیدیا و زۆر کەس دەستخۆشی لەو ڕێکخراوە کرد، بەڵام ژیانی یەکێک لەو ورچانە لە مەترسیدایە و خەریکە لە برسان دەمرێ.

> ورچەکە بە هیچ تێر نابێ و خواردنی ئێمەش زۆر سنووردارە
>
> پێشمەرگەیەک

جووتیار ساڵح کە پێشمەرگەیە لە چیای گارە، باسی ڕەوشی ئەو ورچەی کرد کە لە کۆڵ ئەوان نابێتەوە و دەڵێت: "لەو ڕۆژەی ئازاد کراوە لە ئێمە دوورناکەوێتەوە، ناچارین ڕۆژانە خواردنی بدەینێ".

جووتیار کە لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە لە کۆنە کۆشکەکەی سەددامە، دەڵێت: "ئێمە لێرە پاسەوانین، خواردنی ئێمە زۆر سنووردارە، ئەم ورچەش بووەتە بار بەسەر ئێمەوە". جووتیار یەکەم شەویان لەگەڵ ورچەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت "هەوڵیدا بێتە ژوورەوە، بەڵام دەرگامان داخست، پاشان هاتە بەر پەنجەرە، پاش ئەوەی خواردنمان دایە، ڕۆیشت".



جووتیار گلەیی لەو لایەنانە دەکات کە ورچەکانیان ئازاد کردووە و گوتی "ئەوان هاتن لێرە سێلفیان لەگەڵ ورچەکان گرت و بەرەڵڵایان کردن، کردیان بە چالاکی، بەڵام دواتر نەهاتنەوە بزانن ورچەکان چییان بەسەرهاتووە". بە گوتەی جووتیار ورچەکەی لای ئەوان ژیانی لە مەترسیدایە، داوا لە حکومەت و ڕێکخراوەکان دەکات فریای بکەون و دەڵێت "ورچەکە بە هیچ تێر نابێ، خواردنی ئێمەش زۆر سنووردارە".

پزیشکێکی ڤێترنەری ڕەخنە لە شێوازی ڕزگارکردنی ورچەکان دەگرێ و دەڵێت بە ڕێگایەکی نازانستی ڕزگارکراون.

دکتۆر سلێمان تەمەر، پزیشکی ڤێترنەری و بەرپرسی ڕێکخراوی کوردستان بۆ پاراستنی گیانەوەران، بە (ڕووداو)ی گوت "نەدەبوو بەمشێوەیە ئازاد بکرێن، چونکە ئەوان لە نێو ماڵدا گەورەبوون، خۆیان خواردنیان پەیدا نەکردووە، خواردن هاتووەتە بەردەمیان". گوتیشی: "ورچ ڕۆژانە لانیکەم پێویستی بە 15-20 کیلۆ خواردن هەیە".

ئەو پزیشکە دەڵێت شێوازی ئازادنیان نازانستانە بووە "دەبێ بە ڕێگای شیاندنەوە بگەڕێندرێنەوە شاخ، نزیکەی ساڵێک چاودێری بکرێن، خواردن بشارنەوە لەو شوێنەی ئەوان تێیدا دەمێننەوە، بۆ ئەوەی فێربن بەدوای خواردندا بگەڕێن".

دکتۆر سلێمان نموونە بە ورچێکی باخچەی ئاژەڵانی مووسڵ دێنێتەوە و دەڵێت: "ساڵێک لەمەوبەر ورچێکی باخچەکەمان ئازادکرد، بردیان بۆ ئوردن، لەوێ لە چیایەک بەرەڵڵایان کرد، چەند پزیشکێک چاودێرییان دەکرد، تاوەکو وای لێهات خۆی خواردن پەیدا بکات". گوتیشی "ئێمە ئامادەین ڕێنمایی پێشکەش ئەو ڕێکخراوانە بکەین کە ئاژەڵی ماڵی دەگەڕێننەوە نێو سروشت".

بڵند بریفکانی، بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەی کە دوو ورچەکەی ئازاد کردووە بە (ڕووداو)ی گوت: "نەمزانی ئەم ورچە وای بەسەردێ، پاش ئەوەی زانیمان ورچێکیان لە مرۆڤ دوورناکەوێتەوە و خواردنی پێویستە، ئێستا هەوڵ دەدەین خواردنی بۆ پەیدا بکەین".

### بیانییەکان بەدوای ورچەکاندا دەگەڕێن

دوای هەواڵی ئازادکردنی دوو ورچەکە، گرووپێکی بیانی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، گەیشتنە چیای گارە. ئەندامانی گرووپەکە کە ژمارەیان 10 کەس بوو، سەر بە شەش وڵات بوون. ستان ولیەم کە خەڵکی هۆڵەندایە و یەکێک بوو لە گرووپە 10 کەسییەکە، لە چیای گارە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە لە ڕێکخراوەکان لە هەولێر کاردەکەین، کە زانیمان ورچ لێرە ئازاد کراوە، سەردانی ئەو چیایەمان کرد، بەڕاستی زۆر جوان بوو، وێنەمان لەگەڵ کرد، بەڵام ڕەوشی ورچەکە خراپە، ئەگەر کار وا بڕوات لە برسان دەمرێ".



## قوباد تاڵەبانی: سەرکردایەتیی یەکێتی بەسەرچووە

**ڕووداو- سلێمانی**

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی لەکاتی بەسەرکردنەوەی چەند پرۆژەیەکدا لەبارەی دۆخی ناوخۆیی یەکێتی و بەستنی کۆنگرە ڕایگەیاند: "من وەکو حیزبییەک پێم باشە کۆنگرە ببەسترێت، چونکە پێموایە دەمێکە یەکێتی کۆنگرەی نەبەستووە، پێموایە ئەو سەرکردایەتییەی کە هەیە ڕێزم بۆ یەکە بە یەکەیان کاتەکەیان بەسەرچووە". قوباد تاڵەبانی هەروەها گوتی: "کۆنگرە شتێکی ئاساییە نەک تەنها بۆ گۆڕینی دەموچاوێک بە دەموچاوێکی دیکە بەڵکو بۆ دووبارە ناساندنەوەی یەکێتی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کادیرەکانی خۆی و ئەندامەکانی خۆی، ئەویش لەڕێگەی پەیڕەو و هەیکەلیەت و سەرکردایەتییەکی نوێ".

## ڕەفعەت عەبدوڵڵا، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی بۆ (ڕووداو):

# نەجمەدین کەریم یەکێتی نەماوە، با هەر لە دوورەوە بڵێت ئەندامی سەرکردایەتیم

**هەڤپەیڤین: ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕەفعەت عەبدوڵڵا، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، باس لە کێشە ناوخۆییەکانی حیزبەکەی و ئەو دوا پێشهاتانە دەکات کە بەهۆی نەبەستنی کۆنگرەی چوارەمی حیزبەکەیەوە دروست بوون و دەڵێت "تەنیا بەستنی کۆنگرە چارەسەری بنەڕەتی کێشەکانی یەکێتی دەکات، کۆنگرەش بکرێت یەکێتی بچووک دەبێتەوە، بەڵام دەبێتە بناغەیەکی باش بۆ دووبارە هەڵسانەوەی یەکێتی". ڕەفعەت عەبدوڵڵا کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیشە، لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت کێشەکانی یەکێتی بە نامە و نامەکاری چارەسەر نابن و پێیوایە نەدەبوو کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی، وەڵامی نامەکەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەی بداتەوە.



کۆنگرە بکەین بچووک دەبینەوە، بەڵام هەڵدەستینەوە

**ڕووداو: یەکێتی خەریک بوو ڕۆژی کۆنگرەی یەکلایی دەکردەوە، بەڵام لە جیاتی ئەوە شەڕە نامە لەنێوان هێرۆخان و کاک کۆسرەت سەری هەڵدا، ڕۆژی بەستنی کۆنگرە بە کوێ گەیشت؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** من خۆم لەگەڵ نووسینی ئەو نامانە نەبووم، چونکە ئێمە نزیکین لەیەکەوە، بەشێوەیەکی گشتی هەمووشمان لەشوێنێکدا کۆبووینەتەوە و بەباشی دەنگمان بەیەکدی دەگات. ئیدی چ پێویست بە نووسینی نامە دەکات؟ بۆیە نووسینی نامەکان کارێکی باش نەبوو، دەکرا بە سەردان یان تەلەفۆنێک ئەو پرسەیان لەگەڵ یەکدی باسکردایە، ئەگەر هێرۆخان نامەیەکی نووسی، نەدەبوو کاک کۆسرەت وەڵامی بداتەوە، چونکە هەردووکیان لەوە گەورەترن ئەو جۆرە وەڵام و وەڵامدانەوەیە لەنێوانیاندا دروست بێت.

> لەم ڕۆژانەدا کاک کۆسرەت بڕیار لەسەر کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەدات

**ڕووداو: بەڵام سەعدی ئەحمەد پیرە دەڵێت ئەو نامانە کاک کۆسرەت و هێرۆخان نەیاننووسیوە، کەسانی چواردەوریان نووسیویانە بەجۆرێک لە جۆرەکان پێیان واژۆ کراوە؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** نامە هەر کەسێک نووسیبێتی گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە واژۆی ئەوانی لەسەرە و لەسەر ناوەڕۆکەکەی ڕازین، بۆیە واژۆیان کردووە، بە نامە و نامەکاریش کێشەکانی یەکێتی چارەسەر ناکرێن. بە پێچەوانەوە کێشەکانی یەکێتی قووڵتر کردەوە، لەسەر ئەوەش ڕەخنە لە هەردوولایان گیرا.

> نەدەبوو کاک کۆسرەت وەڵامی نامەکەی هێرۆخان بداتەوە

**ڕووداو: پێموابێت گرفتێکی گەورەتان ئێستا کۆنەبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتییە، کەی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەکرێت؟ ئایا دەتوانن لە کۆبوونەوەیەکدا ڕۆژی کۆنگرە دیاری بکەن؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** دیارە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی زۆر پێویستە. بۆ ئەو پرسە خۆم قسەم لەگەڵ کاک کۆسرەت کردووە، ئەویش باسی لەوە کرد کە لەم ڕۆژانەدا بڕیار لەسەر ئەوە دەدەین کۆببینەوە. مەرجیش نییە لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار لەسەر ڕۆژی کۆنگرە بدەین، چونکە دیاریکردنی ڕۆژی کۆنگرە کارێکی قورسە بەتایبەت کە لە بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نزیک دەبینەوە، هەر کاتێکیش کۆبوونەوەی سەرکردایەتی کرا باسێکی کۆنگرە هەر دەکرێ.

**ڕووداو: دەگوترێ قوباد تاڵەبانی لە هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کۆسرەت ڕەسوڵ و هێرۆخانی دایکیدایە، ئاگاداری ئەوەیت؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** کاک قوباد بە بەردەوام سەردانی کاک کۆسرەت دەکات، بەڵام ئاگاداری وردەکاریی ئەو کارە نیم، بۆیە نازانم ئەنجامی چی بووە.

**ڕووداو: ئێستا لەناو یەکێتی کێ بڕیاردەرە؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** (بەپێکەنینەوە) ئەگەر یەکێتی بڕیاردەری هەبووایە دۆخی بەمە نەدەگەیشت. لەناو یەکێتی بڕیاردەر زۆرە، لەهەمانکاتدا بڕیاردەری تێدا نییە. دیارە بڕیار زۆر دەدرێت، بەڵام شوێنی خۆی ناگرێت، چونکە بڕیارەکان بە کۆدەنگی نادرێت، بەڵکو بەشێوەی تاکەکەسی دەدرێت، هەر بۆیەش جێبەجێکردنیان قورسە.

> لەناو یەکێتی بڕیادەر زۆرە، بەڵام بڕیاردەریشی تێدا نییە

**ڕووداو: لە کەیەوە، بڕیار بە کۆدەنگی لەناو یەکێتیدا نەدراوە؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** لەسەروبەندی ریفراندۆمەوە.

**ڕووداو: باشە چ شتێک چارەسەری کێشەکانی ناو یەکێتی دەکات؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** تەنیا کۆنگرە چارەسەری کێشەکانی یەکێتی دەکات، ڕاستە کۆنگرە بکرێت یەکێتی بچووک دەبێتەوە، بەڵام دەبێتە بناغەیەکی باش بۆ دووبارە هەڵسانەوە. ڕەنگە ڕووداوی ناخۆشیش لە کۆنگرەدا ڕوویدات، بەڵام ناچارین کۆنگرە هەر بکەین، چونکە داواکاریی جەماوەری یەکێتییە، لەبیرمان نەچێت یەکێتی کادر و جەماوەرێکی زۆر باشی هەیە. دەتوانین بڵێین ئەو جەماوەر و کادرە باشانەن یەکێتییان هێشتووەتەوە، بەبۆچوونی خۆشم کۆنگرە بخرێتە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق گونجاوترە.

> دیاریکردنی ڕۆژی کۆنگرە کارێکی قورسە

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا بەفەرمی دەستلەکارکێشانەوەی د.بەرهەم قبوڵ نەکراوە لە کاتێکدا خاوەنی قەوارەی تایبەتی خۆیەتی و لیستی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق هەیە، تا کەی چاوەڕێی دەکەن؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** پێشتر کە مەکتەبی سیاسی هەبوو ئێستاش کە سەرکردایەتی هەیە، نامەی دەستلەکارکێشانەوەی د.بەرهەمساڵحمان نەبینیوە، داواشمان کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستاش کەس نازانێ د.بەرهەم لە چی و چۆن دەستی لەکار کێشاوەتەوە. بۆ زانیاریش دەستلەکارکێشانەوەی د.بەرهەم دەبێت لە سەرکردایەتی یەکێتی پەسەند بکرێ.

> نامەی دەست لەکارکێشانەوەی د.بەرهەممان نەبینیوە

**ڕووداو: ئەی دۆخی نەجمەدین کەریم چۆنە؟ خۆی دەڵێت هەر ئەندامی سەرکردایەتیم، بەڵام هەندێ لەبەرپرسانتان بە یەکێتی نازانن؟**

**ڕەفعەت عەبدوڵڵا:** لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، د.نەجمەدین چووە هەولێر لەکاتێکدا دەبوو بێتە سلێمانی، بەوەش خۆی یەکلایی کردەوە کە چییە و ئێستا د.نەجمەدین یەکلایی بووەتەوە و لەناو یەکێتی نەماوە. با هەر لە دوورەوە بڵێت ئەندامی سەرکردایەتیم، هیچ کاریگەرییەکی نییە. ئێمە دەڵێین یەکێتی نەماوە جا وازی لە سیاسەت هێناوە یان کارێکی دیکە دەکات، ئەوە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە.

# یەکێتی کۆنگرەی دواخست بۆ دوای هەڵبژاردن

**هاوکار یاسین**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەڵێن ئێستا هەردوو باڵەکە تێگەیشتوون لەوەی کە بەو دۆخەی ئێستای نێوخۆی یەکێتییەوە بەستنی کۆنگرە کارێکی قورسە و ئەنجامەکەیشی بە زیان بۆ یەکێتی تەواو دەبێت. ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێ " کۆنگرە دەکەوێتە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق، چونکە هەموو ئەوانەی پەرۆشین بۆ یەکێتی، نامانەوێت بەم هەموو کێشەیەوە بچینە ناو کۆنگرە".

بەر لە نەخۆشکەوتنی کۆسرەت ڕەسوڵ لە مانگی 11ی ساڵی ڕابردوو، بەهۆی دروستبوونی ناکۆکی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی و دروستکردنی دەستەیەکی نوێ، سەرکردایەتی یەکێتی کۆبوونەوەکەیان بە کراوەیی هێشتەوە و بڕیار بوو بۆ تەواوکردنی پرسی هەڵوەشاندنەوە یان هێشتنەوەی مەکتەبی سیاسی و دیاریکردنی ڕۆژی کۆنگرەی یەکێتی جارێکی دیکە کۆبنەوە، بەڵام زیاتر لە چوار مانگ بەسەر ئەو کۆبونەوەیەدا تێپەڕیوە و تاوەکو ئێستا نەتوانراوە سەرکردایەتی ئەو حیزبە کۆبوونەوەی تەواوکاریی بکات.

جەمیل هەورامی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند، هەفتەی ڕابردوو هەوڵی زۆر دراوە تاوەکو ئامادەکاریی بکرێ بۆ کۆبوونەوەی سەرکردایەتی، بەڵام هێشتا هیچ ئەنجامێکی نەبووە و بڕیاری کۆتایی لای کاک کۆسرەتە "ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی سەردانی زۆرینەی هەڤاڵانمان کردووە و تا ڕاددەیەک دۆخەکەمان هێور کردووەتەوە، بۆیە لەو بڕوایەدام هەفتەی ئایندە بتوانین کۆببینەوە".

هەفتەیەک لەمەوبەر، ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، داوایان کرد بە پەلە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ئەنجام بدرێ و ڕۆژی کۆنگرە یەکلابکرێتەوە. دواتریش ژمارەیەک کادری ئەو حیزبە لە هۆڵی تەلاری هونەر کۆبوونەوە و داوای کۆنگرەیان کرد و هۆشداریشیان دایە ژمارەیەک بەرپرسی یەکێتی، بەڵام وەک بەرپرسانی یەکێتی باسی دەکەن، لە مانگی یازدەی ساڵی ڕابردوو، دەنگدان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی سیاسی، کێشەکانی هێندەی دیکە ئاڵۆز کرد.

جەمیل هەورامی پێیوایە ئێستا ئەو پرسە سەرکردایەتی بۆ سێ بۆچوون دابەش کردووە: "بەشێکیان لەگەڵ مانەوەی مەکتەب سیاسین وەک خۆی تاوەکو کاتی کۆنگرە، بەشێکی دیکە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو دەستە 11 کەسییەن کە دەنگی لەسەردراوە، بەڵام بەشی سێیەم کە دەنگی زۆرینەی لەگەڵە، داوا دەکات مەکتەب سیاسی کارەکانی خۆی بکات تاوەکو دەگەینە ڕێککەوتن لەسەر هەڵبژاردنی دەستە نوێیەکە".

بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتی پێیانوایە ئەگەر بەبێ بەستنی کۆنگرە بچنە نێو هەڵبژاردنەوە، بە ئەنجامێکی خراپەوە لێی دەردەچن. بەڵام بەشەکەی دیکە دەڵێن ئەگەر بەو هەموو ناکۆکییەوە پێش هەڵبژاردنەکان بچینە کۆنگرەوە، کۆنگرە سەرکەوتوو نابێت و ئەوەش وادەکات دەنگەکانیان لە هەڵبژاردن تەواو لە کەمی بدات. ئەوە جگە لەوەی ناکۆکی گەورەش لەسەر شێواز و میکانیزمی بەڕێوەبردنی کۆنگرەکەش هەیە.

جەمیل هەورامی، دەڵێ: "تاوەکو دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق یەکێتی کۆنگرە نابەستێت و دواخراوە بۆ ئەو کاتە".

زۆرتر لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێ "پێشتر ناکۆکیمان هەبوو لەسەر کاتی کۆنگرە و بەشێکمان لەگەڵ ئەوە بووین دوای هەڵبژاردن بکرێت و بەشێکی دیکەمان لەگەڵ ئەوە بووین پێش هەڵبژاردن کۆنگرە ببەسترێ، بەلام ئێستا ئەو ناکۆکییە بە زەقی نەماوە، چونکە زۆرینە گەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی لەم قۆناغەدا کار بۆ هەڵبژاردن بکەین و کۆنگرە بخەینە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق".

سامان گەرمیانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، بە هەمانشێوەی جەمیل هەورامی باسی هەوڵەکان دەکات بۆ لێکنزیککردنەوەی باڵەکان کە ئامانجی ئێستایان ڕێکخستنی کۆبوونەوەی سەرکردایەتییە "خەریکە دەگاتە بەرهەم و ئومێدم وایە تاوەکو هەفتەی ئایندە کۆببینەوە".

ئەو سەرکردەیەی یەکێتی دەڵێ لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەردانی زۆربەی هەڤاڵانمان کردووە و کەس دژی کۆبوونەوە نییە :"چووینە لای کاک کۆسرەت و پێیگوتین سەردانی هەموو هەڤاڵان بکەن، هەوڵ بدەن ناکۆکییەکان کاڵ بکەنەوە و بۆچوونەکان لەیەک نزیک بکەنەوە تاوەکو بتوانین کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتوو بکەین و لەوێ هەر کەس کێشەیەکی هەیە باسی بکات".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی گوتیشی: "ئەوەی تاوەکو ئێستا ڕێگر بوو لە کۆبوونەوە پرسی دیاریکردنی وادەی کۆنگرە و هەڵبژاردنی دەستە نوێیەکە بوو. ئێستا پرسی کۆنگرە چارەسەر بووە و زۆرینە گەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت بیخەینە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق، چونکە کاتمان بەدەستەوە نەماوە و لیژنەکانیش کارەکانیان تەواو نەکردووە و هەڵبژاردنیش لە مەڵبەندەکاندا بۆ دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرە نەکراوە، بۆیە بۆ ئەم قۆناغە خۆمان تەرخان دەکەین بۆ هەڵبژاردنەکان و ئەگەر زۆر پێویست بوو لەبری کۆنگرە پلینیۆم دەکەین".

سامان گەرمیانی، باسی ئەجێندای کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەی سەرکردایەتی دەکات "تەرخان دەکرێت بۆ پرسی هەڵبژاردنی دەستە نوێیەکە کە دەبێتە جێگرەوەی مەکتەب سیاسی و ئەو پرسەش یەکلایی دەکەینەوە، بەڵام پێش کۆبوونەوەکە ڕێککەوتنی لەسەر دەکەین بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەکەدا ناکۆکی دروست نەبێت و بتوانین تەواوی بکەین".

بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نزیک لە باڵی دەستڕۆیشتوو کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، لەبارەی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی قسەیەکی جیاواز دەکات و دەڵێ: "سەرەتا کۆبوونەوەی مەکتەب سیاسی دەکرێت و لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو پرسەکان یەکلایی دەکرێتەوە و لەوێوە بڕیار لە کات و وادەی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی دەدرێت، هەوڵ دەدەین پێش دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بکەین بۆ ئەوەی بە یەکگرتوویی بچینە بانگەشەکەوە".

دەربارەی ئەو بۆچوونەش کە دەڵێ مەکتەبی سیاسی نەماوە گوتی "ئەوانەی دەڵێن مەکتەبی سیاسی نەماوە ئەوانە خۆیان یەکێتی نەماون، چونکە مەکتەبی سیاسی ئۆرگانێکە کۆنگرە دیاری کردووە و تەنیا کۆنگرەش دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی هەیە".

بەڵام لەبارەی کۆنگرە و دواکەوتنی، ئەویش هاوڕای ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتییە و پێیوایە کات درەنگە و ناتوانن بەو نزیکانە کۆنگرە ببەستن "کۆنگرە دەکەوێتە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق، چونکە هەموو ئەوانەی پەرۆشن بۆ یەکێتی نامانەوێت بەم هەموو کێشەیەوە بچینە ناو کۆنگرە کە نازانین بە چ دەرئەنجامێک لێی دەردەچین، چونکە بەم دۆخەوە ترسی زۆر هەیە جیابوونەوە ڕوویدات".



**ڕووداو – هەولێر**

ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا هەموو هێزە جۆراوجۆرەکانی نێو شنگال ئاگاداردەکاتەوە لە ماوەی 10 ڕۆژدا سەرجەم بارەگا حکومییەکانی قەزاکە چۆڵبکەن و لە قەزاکە بکشێنەوە. بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "داوامان لە هەموو هێزە جۆراوجۆرەکانی نێو شنگال کردووە لە ماوەی 10 ڕۆژدا سەرجەم بارەگا حکومییەکانی قەزاکە چۆڵبکەن و لە قەزاکەش دەربچن". لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا سێ جار هێزی دەسەڵاتداری شنگال گۆڕاوە، یەکەمیان لەدوای هێرشی داعش بوو، دواتر گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بوو، دوایین جاریشیان لەدوای 16ی ئۆکتۆبەر بوو کاتێک حەشد و سوپای عێراق هێرشیان کردە سەر کەرکوک و ناوچەکانی دیکە.



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (497) – دووشەممە 2018/3/12

کورد دوو ڕێگای بۆ ناردنی مووچە ڕەتکردووەتەوە

# ناردنی مووچەی پەروەردە و تەندروستی پێشنیازی باڵیۆزی ئەمریکا بووە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

پێش ئەوەی شەڕی داعش ڕوو لە عێراق بکات، سەرکردەکانی کورد بە بەردەوامی بێزاریی خۆیان لە دانوستاندنی بێئەنجام و سواو لەگەڵ بەغدا نیشان دەدا، بەڵام ئێستا گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەوە بچووکتر بووەتەوە کە خەونی کورد وەک نەتەوە لە چوارچێوەی عێراقدا پێی ڕازی ببێ، بەڵام قەیرانی دارایی و کێشەی مووچەی فەرمانبەران، وای کردووە زۆربەی خەڵک حەز بکەن ڕۆژێک زووتر بگەنە ئەنجام.

محەممەد ئەحمەد، مامۆستایە و ساڵانێکە خانەنشین بووە. ئەو لە سێ ساڵی ڕابردوودا زۆر ماندوو بووە بەدەست درەنگکەوتنی مووچەکەیەوە، بەڵام هەمیشە هەوڵیداوە بەرگە بگرێ بەهیوای ئەوەی ئەو پەتەی کورد و عێراقی بەیەکەوە گرێداوە بەیەکجاری بپچڕێ "دەرکەوت حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو حاڵەوە ناتوانێ مووچە لەکاتی خۆیدا دابین بکات، لەلایەکی دیکەشەوە خۆش نییە تۆ ناچاری بەغدا بیت، بەڵام ژیانیش قورس و ناڕەحەتە".

ئەو مامۆستایە پێیوایە ئەو خەڵکانەش کە بەردەوام ناڕەزایەتی لە دژی حکومەت و حیزبەکان دەردەبڕن، ئەو ڕاستییە دەزانن کە گەڕانەوەی ناچاری بۆ لای بەغدا باش نییە "ئێ خۆ خەڵکیش ناتوانێ نەبوونی و کەموکورتی قبوڵ بکات و هەر گوێ نەداتێ، فەرمانبەر تەنیا مووچەکەی سەرچاوەی ژیانیەتی و دەبێ هیچ نەبێ مووچەکەی وەربگرێ".

لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، دانوستاندنەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەو هەموو کێشە هەڵپەسێردراوەی نێوانیانەوە بچووک بووەتەوە بۆ پرسی مووچەی وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردە و




خۆپیشاندانی مامۆستایانی سلێمانی

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

کردنەوەی گەشتی نێودەوڵەتیی فڕۆکەخانەکانی کوردستان. ئەردەڵان نوورەدین، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ: "بەغداش ئەوەی دەوێ" چونکە وەک ئەو باسی دەکات، درێژکردنەوەی دانوستاندنی ناردن و نەناردنی مووچە و کردنەوەی فڕۆکەخانەکان لەلایەن بەغداوە بۆ ئەوەیە "ئەگەر لە ماوەی داهاتوو هەرێمی کوردستان کەوتە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، بە هەموو شتێک ڕازی ببێ و باسی کێشە کۆنەکانی نەکات".

حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق هەموو هەفتەیەک کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی دەبەستێ بۆ ئەوەی باسی پێشهاتەکان و ڕووداوە گرنگەکانی هەفتە بکات. بەڵام وەکو کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی مووچەی کوردستان و فڕۆکەخانەکانی لێهاتووە. بە بەردەوامی هەواڵی خۆش دەنێرێ بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی هەرێمی کوردستان، بێ ئەوەی مووچەکەیان بنێرێ.

مەسعود حەیدەر، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەڵێ کاتێک کۆبوونەوەی سێ سەرۆکایەتییەکە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە عەبادییان پرسیوە، ئاخۆ بەڕاستی پێش نەورۆز مووچەی ئەو دوو وەزارەتە دەنێرێ؟

عەبادی لە وەڵامدا گوتوویەتی کە سوورە لەسەر بەڵێنی خۆی و دەینێرێ، بەڵام گوتووشیەتی "چەند حیزبێکی کوردی داوایان لێکردووم مووچە لە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابەش نەکەم".

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە پێش نەورۆز فەرمانبەرانی ئەو دوو وەزارەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مووچەیەکی تەواو وەردەگرن "بەڵام لە کۆبوونەوەکە پێمانگوت دەبێ ڕێز لە دەستووری عێراق بگیرێت و پێیەوە پابەند بن، دەبێ لە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەو

> **بە عەبادیمان گوت پارە لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مەنێرە**
>
> پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ

پارەیە دابەش بکرێ، ئەویش گوتی بەدڵنیاییەوە ڕێزی دەستوور دەگرم و لەڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەنێردرێ".

بەڵام بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق کە هاوکات سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامییە و ئەویش بەشداریی کۆبوونەوەی سێ سەرۆکایەتییەکەی کردووە، ڕەتیدەکاتەوە عەبادی بەڵێنی ئەوەی دابێ کە لە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە مووچەکە بنێرێ "ئەو گوتی ئەگەر لە ڕێگای وەزارەتەکانەوە مووچەکە دابەش نەکرێ نایینێرم، ئێمەش لەبەر ئەوە داوامان لێکرد لە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نەینێرێ".

ئەحمەد حاجی ڕەشید، هەروەها دەڵێ، خۆی وەزارەتەکانیش بەشێکن لە حکومەت و ئەوە کێشە نابێ، بەڵام عەبادی خۆی بڕیاری داوە لە ڕێگای وەزارەتەکانەوە مووچە دابەش بکات نەک داوای لێکرابێ ".

ئەو پارەیەی بڕیارە حەیدەر عەبادی بۆ مووچەی ئەو دوو وەزارەتەی ڕەوانە بکات، بڕی 200 ملیار دینارە و پێکدێ لە مووچەی یەک مانگی وەزارەتی تەندروستی و پەروەردە. بەپێی زانیارییەکان، تەنیا ئەو مووچەیە دەنێرێ و دوای ئەو بڕە پارەیە پرسی ناردنی مووچەی فەرمانبەران دادەخرێ تاوەکو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق دەکرێ. ئەردەڵان نوورەدین، ئەندامی پەرلەمانی عێراق دەڵێ سەرەتا زۆر میکانیزمیان باس دەکرد بۆ ناردنی مووچە، بەڵام ڕەتمانکردەوە "یەکەمجار گوتیان دەبێ فەرمانبەران حیسابی بانکی بکەنەوە و لەو ڕێگایەوە پارەکە بڕواتە سەر حیسابەکانیان، دواتر هەندێک لایەنی کوردستانی پێشنیازیان بۆ کردبوون کە لەڕێی پارێزگاکانەوە بینێرن، بەڵام بەپێی یاسای بودجەی عێراق کە پەسەند کراوە و ئێمە لە دانیشتنەکەش نەبووین، دەبێ لەڕێگای حکومەتی هەرێمەوە دابەش بکرێ".

کورد کێشەی هەڵپەسێردراوی زۆرە لەگەڵ بەغدا، پرسی ماددەی 140 و سنوور و نەوت و وزە و پێشمەرگە و بودجە، لەو کێشانەن کە لە دوای بونیاتنانی عێراقی دوای سەددامەوە گفتوگۆیان لەسەر دەکرێ، بەبێ ئەوەی هیچکام لەوانە چارەسەر بووبن. ئێستا هەموو قسەیەک لەو نێوانەدا بووەتە مووچەی دوو وەزارەت و کردنەوەی فڕۆکەخانەکان.

ئەحمەد حاجی ڕەشید دەڵێ، ئەوەی بیستوومانەتەوە ئەوەیە "یەکەمجار باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق پێشنیازی کردووە بەغدا مووچەی وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی بنێرێ، چونکە گوتوویانە ئەگەر وانەکات کەرتی گشتی پەکیدەکەوێ بەو دوو وەزارەتە".

ئەردەڵان نوورەدین لە بارەی کردنەوەی فڕۆکەخانەکانەوە دەڵێ: "بەرپرسانی بەغدا خۆشیان دەڵێن هیچ گرفتێک نەماوە، بەڵام بڕیارێکی عەبادی پێویستە و نایدات".

# "2000 چەکداری داعش لە سنووری کەرکووک ماون"

**سیروان عەباس**
**ڕووداو – هەولێر**

بەرپرسێکی پێشووی ئەمنیی شاری کەرکووک وای مەزەندە دەکات نزیکەی 2000 چەکداری داعش لە سنووری پارێزگای کەرکووک مابن و دەڵێت ڕۆژانە مەشق و ڕاهێنان دەکەن، هەر کاتێک بیانەوێ دەتوانن لەنێو کەرکووک چالاکی بکەن، چونکە هیچ ڕێگرێکیان لەبەردەمدا نییە.

سێ مانگ لەمەوبەر، حەیدەر عەبادی، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، سەرکەوتنی تەواوەتی بەسەر چەکدارانی داعش ڕاگەیاند کە بۆ ماوەی سێ ساڵ، سێ پارێزگا و چەندین شار و شارۆچکەیان لەژێر کۆنترۆڵدا بوو، بەڵام تاوەکو ئێستاش بە سەتان چەکداری داعش لە دەوروبەری شار و شارۆچکەکان تەراتێن دەکەن. گوتەبێژی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا نایشارێتەوە کە تاوەکو ئێستاش داعش شانەی نووستووی لەنێو شارەکاندا هەیە.

عەمید سەرحەد قادر کە تا پێش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای کەرکووک بوو و ئێستا کەسێکی دیکە لە شوێنەکەی دانراوە، لەبارەی جموجۆڵی چەکدارانی داعش لە سنووری پارێزگای کەرکووک گوتی: "جموجۆڵی داعش لە سنووری داقووق لە نزیک گوندی زەرگە و ناحیەی ڕەشاد زیادبوون. شەوانە دەچنە نێو خەڵک و بە ڕۆژیش دەچنەوە پەناگەکانیان. لە چەند شەوی ڕابردووشدا لە گوندەکانی ئەلبومحەممەد و غێدە هێرشیان کردووەتە سەر هێزە عێراقییەکان. لە نزیک ناحیەی ڕەشاد تاوەکو چیای حەمرین و وادی خەنازیر زیاتر لە 20 چەکداری حەشدی تورکمانیان کوشتووە و لە ناحیەکانی عەباسی و زابیش دەبینرێن و شەوانە هێرش دەکەن".

بە گوتەی سەرحەد قادر، لە سنووری ناحیەی ڕیاز و گوندەکانی مەدینە و خەربەت عەزیز داعش هەیە و لە هێرشێکدا عەقید فازڵ، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس و کوڕێکی و چەند پاسەوانێکیشیان کوشتووە.

هەر لەوبارەوە عەقید کاوە مەلا پەروێز، بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی دووز کە ئێستا بەرپرسی بنکەیەکی پۆلیسی کەرکووکە، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە سنووری ناحیەی ڕەشاد، حەویجە و ڕیاز، ژمارەیەکی زۆر چەکداری داعش هەن، هەروەها لە چەمەکانی ڕۆدخانە و کۆدەرە بە ئاشکرا دەبینرێن، بەڵام وەکو خاک هیچیان بەدەستەوە نییە و تەنیا کردەی کوشتن و تەقینەوە دژی هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبی دەکەن، شەوانەش دەچنە نێو گوندەکان بۆ کۆکردنەوەی خواردن و خواردنەوە".

## لە حەویجە مەشق دەکەن

بە گوێرەی ئەو زانیارییە هەواڵگرییانەی دەست سەرحەد قادر کەوتوون، ژمارەی چەکدارانی داعش لە سنووری حەویجە و دەوروبەری نزیکەی 2000 چەکدار دەبێت و ڕۆژانە مەشق و ڕاهێنان دەکەن. هەروەها لەنێو شار و شارۆچکەکانیشدا شانەی نووستوویان هەیە و گرووپە توندئاژۆکانی وەکو نەقشبەندی و قاعیدە و ڕاشیدینیش هاوکارییان دەکەن.

عەقید کاوە مەلا پەروێز دەڵێت: "لە کاتی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەدا داعش هیچ بەرگرییەکی نەکرد، کۆنترۆڵکردنەوەکەش بە ڕێککەوتن بوو، بۆیە ئەو چەکدارانەی لەو سنوورە بوون، هەموویان ماون و نەکوژراون".

بورهان عاسی، ئەندامی لیژنەی ئەمنی لە پارێزگای کەرکووک پێشنیاز دەکات هێزە ئەمنییەکانی عێراق چیدی چاوەڕوان نەبن و دەست بە ئۆپەراسیۆن بکەن بۆ لەنێوبردنی پاشماوەکانی داعش، چونکە وەک ئەو دەڵێت "مەترسین بۆ سەر کەرکووک و سەلاحەدین".

بورهان عاسی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "چەکدارانی داعش لە هەندێک ناوچەی ڕۆژئاوای

> **ئەو چەکدارانەی داعش کە لە حەویجە بوون هەموویان ماون**
>
> بەرپرسێکی ئەمنی

کەرکووک هەن و پێویستە هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی فراوان بۆ لەنێوبردنیان لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای کەرکووک بکەن". داواش لەهەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات ناوچەکانی نێوان پارێزگای سەلاحەدین و کەرکووک لەو چەکدارانە پاک بکەنەوە.

بەڵام محەمەد وەگاع، گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا دەڵێت داعش وەکو ڕێکخراوێکی دەسەڵاتدار لە ناوچەکە کۆتایی هاتووە. ئەویش نایشارێتەوە کە هێشتا شانەی نوستوویان هەیە لە ناوچەکە، بەڵام دەڵێت "لەڕێگەی زانیاری هەواڵگرییەوە دەستگیریان دەکەین".

## مەترسی گەڕانەوەی داعش

عەمید سەرحەد قادر، باس لە مەترسی ئەو چەکدارانە دەکات و دەڵێت: "مەترسی گەڕانەوەیان هەیە، چونکە پێشتر ئەو خەڵکەی دەهاتنە کەرکووک لەلایەن ئاسایش و پۆلیس لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرا و زانیارییان لەسەر کۆدەکرایەوە، پێشتر کەمپەکان لەژێر چاودێریدا بوون، بەڵام ئێستا چەکدارانی داعشی پارێزگاکانی دیکە و خەڵکێکی زۆریان ئێستا لە نێو کەرکووکن، پێشبینی دەکرێت لە هەرکاتێک کاژێری سفر دابنێن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی".

بەڵام عەقید ڕوکن محەمەد وەگاع، گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا دەڵێت چەکدارانی داعش لە سنووری پارێزگای نەینەوا هیچ چالاکی و جووڵەیەکیان نییە، چونکە هێزە ئەمنییەکان گورزی پێشوەختەیان لێدەوەشێنن و بەردەوامیشن لەسەری، هەروەها ژمارەیەکی زۆری شانە نوستووەکانیشیان دەستگیر کردوون.

دوای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی فراوان بۆ سەر پێگەکانی داعش، لە 3ی ئەم مانگە هێزە ئەمنییەکانی پارێزگای نەینەوا و کەرکووک دەستگیرکردنی ژمارەیەک چەکداری داعشیان ڕاگەیاند، هەروەها لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی و چەکدارانی لیوای 56ی سەر بە حەشدی شەعبی ژمارەیەک چەکداری داعیشان لە ناحیەی عەباسی سەر بە قەزای حەویجە کوشت، پێشتر چەکدارانی داعش لە نزیک گوندی توێریە ئۆتۆمبێلێکی سەر بە پۆلیسی فیدڕاڵییان کردبووە ئامانج، دواتر هێزە ئەمنییەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە و لە ئەنجامدا 4 چەکداری داعش کوژران.

ڕۆژی سێی ئەم مانگەش سەنتەری ڕاگەیاندنی ئەمنی سەر بە فەرماندەیی هێزە هاوبەشەکانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: "لە هەڵمەتێکی ئەمنیدا لە ناوچەی بادوش لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ، هێزەکانی سەر بە بەرپەرچدانەوەی خێرا 17 چەکداری داعشیان دەستگیر کرد کە ژمارەیەکیان فەرماندەی ناسراو بوون و بەپێی مادەی 4ی تیرۆر داواکراون". پێشتر لە ناحیەی بادوش لە ڕۆژئاوای موسڵ حەوت چەکداری داعش خاڵێکی پشکنینی سەر بە فیرقەی 20ی سوپای عێراقیان کردبووە ئامانج و بەوهۆیەوە 4 سەرباز کوژران و 2ی دیکەش بریندار بوون.

دوایین پەلاماری داعش بۆ سەر هێزە عێراقییەکان ئێوارەی ڕۆژی 2018/3/11 بوو کە بە گوتەی عەمید سەرحەد قادر، ژمارەیەک چەکداری داعش هێرشیان کردووەتە سەر هێزێکی حەشدی شەعبی لە ناحیەی ڕەشاد، لەو هێرشەدا چەند چەکدارێکی حەشدی شەعبی کوژراون.



## محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان:

# کورد دەبوو بایکۆتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بکات

لە دوو ساڵی رابردوودا زۆرتر لە کەرکووک و ناوچەکانی بەرەی شەڕ بوو، ئێستا کەمتر گوڵەخانە جێدەهێڵێ، بەڵام نائومێد نییە و پێیوایە ناتەبایی نێوماڵی کورد کارێکی کردووە، عێراقێکی لەبەریەک هەڵوەشاو لاواز دەرنەکەوێ. محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، نیگەرانە لەوەی کورد ئێجگار بەو شێوەیەش لە دانوستاندندا خۆی بچووک بکاتەوە "ئەو شاندە چوون لە مەزارگەی ئیمام عەلی دانیشتوون و پاڕاونەتەوە بۆ ئەوەی مەلایەک بیانبینێ". ئەو مەبەستی لە شاندی پێنج حیزبی باشووری کوردستانە کە لە رۆژانی رابردوو چوونە نەجەف بە مەبەستی بینینی ئایەتوڵڵا سیستانی و دواتریش نەیانبینی.

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو - گوڵەخانە**



(فۆتۆ: ڕووداو)

> داوا لە بارزانی دەکەم حیزبەکان کۆبکاتەوە
>
> منیش لە جێی بارزانی بم هەروا بێدەنگ دەبم

**ڕووداو: چۆن لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان تێدەگەی؟ پێشبینیتان دەکرد ئەمە بارودۆخی پاش ئەنجامدانی گشتپرسی بێت؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** من زۆر رەشبین نیم و بارودۆخی هەرێمی کوردستانیش بە خراپ نابینم. کورد هەر لە جێگە و پێگەی سیاسی و نێودەوڵەتیی خۆیەتی. تاوەکو ئێستاش هەر وەک جاران خاوەنی هێز و توانایە، بەڵام پەرتوبڵاوی نێوخۆیی و حیزبەکان، لەبەریەکهەڵوەشانی پەیوەندییەکان و ئیدارەی خراپی هەرێمی کوردستانی لێکەوتووەتەوە. بەرامبەرەکەمان ئەو پاڵەوانە نییە تاوەکو وا هەست بکەین بارودۆخمان خراپە. بەرامبەری ئێمە عێراقێکی مەزهەبی و لەبەریەکهەڵوەشاوی گیرۆدەی چەندین کێشەی جۆراوجۆرە و چاوەڕێی ئەوەیە ئەمریکا و ئێران و تورکیا و ئەوروپا و حیزبوڵڵای لوبنان یارمەتی بدەن، بەڵام بێسەروبەریی نێوخۆیی و دەستهەڵنەگرتن لە کۆنەقین بەرامبەر بەیەک، وای کردووە کورد لاواز دەربکەوێ.

**ڕووداو: کەواتە 16ی ئۆکتۆبەر ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییە نێوخۆییەی زیاندەوە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** خۆی 12ی ئۆکتۆبەر راستە نەک 16ی ئۆکتۆبەر.

**ڕووداو: بۆچی؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** لەبەر ئەوەی هەر لە 12ی ئۆکتۆبەر هەموو شوێنەکان رادەستی عێراق کرابوون، تەنیا سەنتەری کەرکووک مابوو. بەدرێژایی بەرەکانی شەڕ،

> 12ی ئۆکتۆبەر راستە نەک 16ی ئۆکتۆبەر

لە ناوچەی سەبعە نیسانی نزیک حەمرین و ناوچەی داقوق و دوزخورماتوو و مریەم بەگ لە 12 و 13 و 14ی مانگ هەموویان رادەستکرابوون.

**ڕووداو: لە کۆبوونەوەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی لە دووکان لە 14ی ئۆکتۆبەر، پارتی ئاگادار بوو کە ئەو ناوچانە رادەستکراون؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** بڕوام وایە ئاگادار بووبێ. پارتی لەو ناوچانە هێزی هاوبەشی هەبووە و لەوێ بووە، قابیلە ئاگادار نەبێ چی کراوە و چی نەکراوە؟ بەڵام پاساوەکان وابوون کە ئەگەر ئەو هێزانە نەکشێنەوە شەڕی قورس روودەدات و رەنگە پێشمەرگە شەڕی پێنەکرێ، بەڵام ئەی شەڕی داعشمان چۆن کرد! بەهەرحاڵ 16ی

> عێراق لاواز و هەڵوەشاوە، بەڵام لەخراپی ئێمە وا دەرناکەوێ

ئۆکتۆبەر کۆتایی مەسەلەکە بوو. تۆ ببینە کە کەرکووک داگیر کرا، هەندێک لە حیزبەکان مژدەی سەرکەوتنیان بەیەکتری دەدا. ئەوەش مانای ئەوەیە تۆ لەنێو میللەتەکەتدا کێشەت هەیە و بەیەکەوە نین. ئێستا دۆخەکە وای لێهاتووە هەر کەس و حیزبێک هەڵدەستێ، هەر لەخۆیەوە دەڕوات بۆ بەغدا و بەناوی کوردەوە قسە دەکات. لەوەش خراپتر وای لێهاتووە ڕێگای بەغدایان گۆڕیوە بە نەجەف. لەم رۆژانە پێنج حیزب چووبوون بۆ نەجەف و دەیانگوت پێنج حیزبە سەرەکییەکە چوون! بەڵام بەڕاستی پێنج حیزبی بچووک بوون و لەگەڵ مەلایەکی بچووک دانیشتبوون، چونکە ئایەتوڵڵا سیستانی ئامادە نەبووە بیانبینێ. ئەو شاندە چوون لە مەزارگەی ئیمام عەلی دانیشتوون و پاڕاونەتەوە بۆ ئەوەی مەلایەک بیانبینێ. تۆ ئەوەندە خۆت بچووک بکەیتەوە بڕۆی لەمەلایەک بپاڕێیتەوە! کورد دۆخی ئەوەندە خراپە دەبێ بچی بپاڕێیتەوە و دەستی عەبادی ماچ بکەی.

ئینجا بەردەوام باسی فڕۆکەخانە دەکەن. فڕۆکەخانەکان ساڵانە 100 هەزار کەس هاتوچۆیان لێوە دەکات ئەوانیش دەوڵەمەند و بەرپرس و بازرگان و قاچاخچییەکانن. کاتێک بەغدا گەشتە نێودەوڵەتییەکانی داخست، دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گەشتی نێوان هەولێر و سلێمانی لەگەڵ بەغدا و نەجەف و بەسرە دابخات. تۆ ئەبێ ئاوا بیر بکەیتەوە نەک بڕۆی هەموو شتێک قبوڵ بکەیت. من پێموایە حیزبەکان و بەرپرسەکان بەرامبەر بەغدا لاوازن نەک میللەتی کورد.

**ڕووداو: یەکێک لە کوڕەکانت لە کەرکووک لەدەستدا، ئەو یەکێک بوو لەو دەیان پێشمەرگەیەی لەوێ بوونە قوربانی، تۆ ئایندەی کەرکووک چۆن دەبینی؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** بە نیسبەت منەوە هەموو کوردێک هەر شەهید عەتایە. کەرکووک هەمیشە شارێکی کوردستانییە و زیاتر لە 50 ساڵە شەهید بۆ کەرکووک دەدەین. کەرکووک شاخی بەمۆ و شنرۆێ و بالامبۆ نییە تەسلیمی بکەیت و بڵێی دوایی دەیگرمەوە. ئێمە کە دەڵێین کەرکووک هەستیارە دەزانین بۆ وا دەڵێین، چونکە نەک ئێمە و عێراق، تورکیا و ئەمریکا و بەریتانیا و ئێران و هەموو وڵاتانی عەرەبی خۆیان بە خاوەنی دەزانن. بەریتانیا پێشتر لەسەر نەوتی کەرکووک ڕێککەوتنی لەگەڵ عەبادی کردبوو، بەڵام پێیگوتبوو ئەو رۆژە گرێبەستەکەی لەگەڵ واژۆ دەکات کە سوپای عێراق دەچنەوە نێو کەرکووک. کوردستانیبوونی کەرکووک پێویستی بە بەڵگە هێنانەوە نییە. کەرکووک کاتی خۆی پایەختی شارەزوور بووە و مەسەلەکە نەوت نییە. کەس کوردستانی بێ کەرکووکی ناوێ. پێموایە ئەو کەسانەش کە ئەو کارەیان کرد بەرامبەر کەرکووک، ئێستا ویژدانیان ئاسوودە نییە.

**ڕووداو: سەرکردەیەکی سەربازیی یەکێتی گوتی بە 10 کاژێر دەتوانین کەرکووک وەریگرینەوە، بەڵام ئایا بۆمان دەپارێزرێ؟**

> حیزبەکان و بەرپرسەکان بەرامبەر بەغدا لاوازن نەک میللەتی کورد

**محەممەدی حاجی مەحموود:** مەسەلەکە گرتنەوە و پاراستن نییە. قسەی مەنتیقی ئەوەیە دەبوو نەیانهێشتایە ئەوە رووبدات. خۆ منیش دەزانم بە ماوەیەکی کەم دەتوانین وەریبگرینەوە، بەڵام یەکەم دۆخی نێودەوڵەتی ئێستا دەرفەتی ئەوە دەدات؟ ئایا لەڕووی نەفسییەوە تۆ چۆن خەڵک بۆ ئەوە ئامادە دەکەیتەوە؟ ئایا خەڵک متمانەیان بە حیزبەکان ماوە؟

**ڕووداو: بۆچی بارزانی ئەوەندە بێدەنگە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** من بریکاری بارزانی نیم، بەڵام خۆتان دەزانن زۆرتر لە دوو ساڵ ئەو حیزبانە هەموو کێشەکانیان لە بارزانیدا کورت کردبووەوە و دەیانگوت ئەگەر بارزانی وازبهێنێ دنیا دەبێتە شامی شەریف،

> لە مێژووی کورددا ئیشێکی باش کرابێت گشتپرسی بووە

بۆیە وا دەزانم بارزانی لەو روانگەیەوە بێدەنگی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی حیزبەکان خۆیان کێشەکانیان چارەسەر بکەن. ئەمریکا و ئەوروپا و بەریتانیا و عێراقیان لێ تێگەیاند، منیش لە جیاتی بارزانی بم هەروا بێدەنگ دەبم.

باشە کە بارزانی وازی هێنا و بێدەنگە، حیزبەکان چییان کردووە؟ دۆخەکە بێ سەروبەر بووە، کوردێک سەرۆکی کوتلەیەکی پەرلەمانییە، سەری لە کوتلەیەکی عەرەبییەوە دەردەچێ!

**ڕووداو: بەڵام بۆچوونی دیکەش هەن کە پێیانوایە ئەو هێشتا دەسەڵاتی یەکەمە و لەپشتی پەردەوە هەر ئەو بڕیارە گرنگەکان دەردەکات؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** ئەو سەرۆکی حیزبێکە کە لە پەرلەمانی کوردستان گەورەترین فراکسیۆنە و لە بەغداش حیسابی بۆ دەکرێ. ئێ پەرلەمان حیزبەکان پێکیانهێناوە و وەک سەرۆکی حیزب رەنگە بڕیار بدات، بەڵام ئەو سەرۆکی هەرێم نییە. لە بەغدا خۆ مالیکی سەرۆکوەزیران نییە، بەڵام 91 کورسی پەرلەمانی هەیە و چی بوێت لە عێراقدا دەیکات.

**ڕووداو: ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان ماوە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** ماوەی پێنج مانگە کۆبوونەوەی نەکردووە. خۆ لە ماوەی ئەو 5 مانگەی کە بارزانی سەرۆکی هەرێم نەماوە، کەسێکی دیکە نییە حیزبەکان کۆبکاتەوە. لێرەوە داوا لە کاک مەسعود دەکەم حیزبەکان کۆبکاتەوە.

**ڕووداو: ئەنجامی گشتپرسی سڕکراوە، کەی کاری پێدەکرێ و کورد چاوەڕێی چی دەکات؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** گشتپرسی حکومەت و حیزبەکان و سەرۆکی هەرێم نەیانکردووە تاوەکو هەڵیبوەشێننەوە یان سڕی بکەن. ئەوە تەنیا بۆ لەبیربردنەوەی کێشەکانە بۆ ماوەیەک. ئەگەر گشتپرسی بکەیتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی، دەبێ لە کەرکووک و زوممار و هەموو ناوچەکان دیسانەوە بکرێتەوە و 93%ی خەڵک دەنگ بدەنەوە. ئایا ئەوە دەکرێ؟ ئێستا لە ئەرشیفی پایتەختەکانی هەموو دونیادا نووسراوە، رۆژی 25ی ئەیلولی 2017 کورد چوونە سەر سندووقی دەنگدان و 92% گوتیان دەمانەوێ لە عێراق جیاببینەوە.

**ڕووداو: ئێوە بەردەوام دەڵێن عێراق وڵاتێکی هەڵوەشاوە. کەچی ئێمە عێراقێکی وا نابینین. رۆژانە ئەمریکا و ئەوروپا و ئێران و رووسیا و ناتۆ لە پەیوەندیدان لەگەڵی و کوێت کۆنگرە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ڕێکدەخات و ئەڵمانیا سەرلەنوێ مەشق بە سوپاکەی دەکات، بۆچی ئەوەندە عێراق لاواز نیشان دەدەن؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** جارێ کوێت نەیتوانی هیچی وای بۆ کۆبکاتەوە. بەڵێ عێراق کێشەی زۆرە و دۆخی ئابووری خراپە، بەڵام کورد بۆ خۆی ئەوەندە وەزعی خراپە کە عێراق بەراورد بە ئەو باش دەردەکەوێ.

**ڕووداو: خەڵکی کەرکووک لە حیزبەکان تووڕەن، پێتوایە دەنگ بدەن؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** پێموانییە لە هەموو حیزبەکان تووڕە بن و وەک یەک سەیریان بکەن. خۆیان دەزانن چی روویداوە و چۆن بووە. بەڵام لەبەر ئەوەی رۆژانە گوشاری نەتەوەکانی تری لەسەرە، لە هەموو حاڵەتەکاندا بەشداریی دەکەن و دەنگ دەدەن، بەڵام دەنگ بە کێ دەدەن؟ ئەوە پرسیارەکەیە.

**ڕووداو: پارتی لە کەرکووک هەڵبژاردنی بایکۆت کردووە و بەشداریی ناکات، تۆ ئەوە چۆن دەبینی؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** خۆی دەبوو کورد هەموو پێکەوە بایکۆتی هەڵبژاردنەکەی عێراقیان بکردایە. بەڵام گۆشتەکەی ناخۆم و گۆشتاوەکەی دەخۆم باش نییە. گونجاو نییە بڵێی لە مووسڵ دەیکەم و لە کەرکووک نایکەم، بەڵام بێگومان کورد لە هەموو حاڵەتەکاندا زەرەر دەکات.

**ڕووداو: پێشبینیی چەند کورسی دەکەیت بۆ کورد لە کەرکووک؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** باشترە من هەر لەئێستاوە خەڵک نائومێد نەکەم. بەڵام دەشزانم کە کورد کورسییەکانی خۆی ناهێنێتەوە و زۆر کەم دێنێ. لە دیالە ئێمە بە هەموو هێزی خۆمانەوە یەک کورسیمان هێنا و ئێستا ئەو کورسییەش لەمەترسیدایە.

**ڕووداو: هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش لەپێشە، دوو راپرسی بڵاوکراونەتەوە کە ئەمریکییەکان و ئێرانییەکان کردوویانە و بەپێی ئەنجامەکانیان دەنگی هەموو حیزبەکان لە کورتی دەدات جگە لە کۆمەڵ و یەکگرتوو..**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** بەنیسبەت هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە هەموو

> پارتی گۆشتەکە ناخوات بەڵام گۆشتاوەکە دەخوات

پارێزگاکانی کوردستان ژمارەی کورسییەکانیان دیاریکراوە و 20 کەس بڕوا بۆ دەنگدان و هەموو کورد بڕوات هەر ئەو کورسیانەیە و دەتوانی بڵێی کۆتایان بۆ داناوین. 27 ساڵە ئەو خەڵکە دەنگ بۆ ئەو دوو حیزبە دەدەن، بەڵام بەنیسبەت کاک بەرهەم و کاک شاسوار، ئەوان زۆرتر لە کورسییەکانی گۆڕان و یەکێتی دەبەن و کاریگەرییان لەسەر پارتی کەمترە.

**ڕووداو: هەندێک ئەم دۆخە خراپەی ئێستای هەرێمی کوردستان بۆ گشتپرسی دەگەڕێننەوە، تۆش یەکێک بووی لەوانەی خەڵکتان بۆ گشتپرسی هانداوە. ئێستا رات لەبارەی گشتپرسی چییە؟**

**محەممەدی حاجی مەحموود:** من دەڵێم لە مێژووی کورددا ئیشێکی باش کرابێت گشتپرسی بووە. نە لەرابردوو کراوە و نەدەشکرێ. گشتپرسی هەنگاوێکی گرنگ و مێژوویی بوو. بۆ ئەوانەی دەنگیان داوە و بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان. یەک حیزبیش دژی نەبووە بە ئاشکرا، رۆژی دەنگدانەکەش ئەو سەرکردانەی کە ئێستا رەخنەی لێدەگرن، پەلەیان بوو لەسەر سندووقەکان دەربکەون. گشتپرسی 10 جاری دیکەش بکرێ، هەر کاری بۆ دەکەم و دەنگیشی بۆ دەدەم. گشتپرسی بکرایە و نەکرایە، ئەوان هەر پەلاماری کەرکووکیان دەدا و لە ئەرشیفی (ڕووداو)دا ماوە کە چەند جار گوتوومە ئۆپەراسیۆنی حەویجە بەنیازی پەلاماردانی کەرکووک دواخراوە.

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (497) - دووشەممە 2018/3/12



## هەدەپە: 3382 ئەندامەمان سزادراون

**ڕووداو – ئەنقەرە**

پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە" ئاماری گرتن و زیندانیکردنی ئەندامەکانی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد، لە سێ ساڵی ڕابردوودا 3382 ئەندامیان سزای زیندانیان بەسەردا سەپێندراوە. ناوەندی ڕاگەیاندنی هەدەپە بڵاویکردەوە، پارتەکەیان 37 هەزار و 551 ئەندامی هەیە. لە مانگی تەمووزی 2015 تاوەکو مانگی شوباتی ئەمساڵ 11 هەزار و 631 ئەندامیان دەستگیرکراون و لە نێویاندا 3382 ئەندامیان سزا دراون. بەپێی ئامارەکە لە نێو زیندانیکراوەکاندا، 43 هاوسەرۆکی لقی ڕێکخستنەکان و 101 هاوسەرۆکی شارەوانی هەن. هەروەها 511 دۆسیەی تاوان لە دژی 55 پەرلەمانتاریان پێشکەشی دادگاکان کراون و 9 پەرلەمانتاریش ئەرکی پەرلەمانتارێتییان لێ سەندراوەتەوە.

## تا ئێستا 350 فەرماندە و کادر و پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان تیرۆر کراون

# هەرێمی کوردستان:
# پەناگە مەترسیدارەکەی نەیارانی ئێران

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – سلێمانی**

"هەر کاتێک ململانێی نێوخۆی حیزبەکانی باشووری کوردستان سەرهەڵبداتەوە و بەوهۆیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لاواز بێ، ئێمە چاوەڕێی ئەوەین ئێران دەست بە هەڵمەتی تیرۆرکردنی کادر و ئەندامانمان بکات"، بەرپرسی یەکێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی چەند ساڵەی مانەوەیان لە باشووری کوردستان وا دەڵێ. ئەو لەکاتێکدا ئەو قسانەی بۆ (ڕووداو) کرد کە هێشتا تەرمی یەکێک لە فەرماندە سەربازییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەسپەردەی خاک نەکرابوو.

شەوی سێی ئەم مانگە قادر قادری کە فەرماندەیەکی باڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) بوو، لە ناوچەی بالیسانی سەر بە قەزای ڕانیە تیرۆر کرا و هەرزوو بەرپرسانی ئەو حیزبە کردەوەکەیان خستە ئەستۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

کەریم سەقزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەبارەی تیرۆری فەرماندە سەربازییەکەیان دەڵێ: "ئێران لەو ڕۆژانەدا ماشێنی تیرۆری بەگەڕخستووە و چاوەڕوانی زۆر هەوڵ و کردەوەی دیکەی تیرۆریستی دەکەین بۆ سەر پێشمەرگە و کادر و فەرماندەکانمان".

ئەو بەرپرسەی (حدک) دەڵێت لەوەتەی ئەوان خەباتی سیاسی و نەتەوەییان دەستپێکردووە، کۆماری ئیسلامی ئێران نەوەستاوە لە هەوڵی تەقاندنەوەی بارەگاکانیان و تیرۆکردن و دەرمانخواردکردنیان "بەڵام جاری واهەیە هەوڵەکانیان خاو دەکەنەوە و جاری واش هەیە چڕ و پڕی دەکەن" سەقزی وایگوت.

هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵانێکی زۆرە هەوڵ دەدەن یەکبگرنەوە، یان هەر نەبێ کاری هاوبەش بکەن، بەڵام دواجار دوو کردەوەی "تیرۆریستی" ئازارەکانی کردنە یەک، چونکە لە ڕۆژی یەکی ئەم مانگە فەرماندەیەکی سەربازی و کوڕەکەی کە سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون، لە شارۆچکەی بنەسڵاوە بەهۆی تەقینەوەی بۆمبی لکێندراو بە ئۆتۆمبیلەکەیانەوە، باوکەکە بریندار بوو و کوڕەکەشی گیانی لەدەستدا. هەفتەیەک دواتریش حیزبی دیموکراتی کوردستان "تیرۆرکردن"ی قادر قادری ڕاگەیاند.



قادر قادری کە فەرماندەیەکی باڵای (حدک) بوو، شەوی 2018/3/3 لە ناوچەی بالیسانی سەر بە قەزای ڕانیە تیرۆر کرا

عەبدوڵڵا ئازەرباخ، یەکێک لە سەرکردەکانی حیزبی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، دەڵێ سەرەتای نەوەتەکان ئەوان ڕووبەڕووی زنجیرەیەکی یەک لە دوای یەکی هەوڵی تیرۆرکردن و هێرش و پەلامار بوونەتەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. ئازەرباخ دەڵێت: "ئەوکات لە سەرجەم کۆمەڵە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان خەڵکمان زۆر لێ شەهید و بریندار کرا، چونکە ئێران بەهۆی شەڕی ناوخۆ و ناکۆکیی نێوان حیزبەکانی باشوورەوە کۆنترۆڵی باشی بەسەر دۆخی ئەم ناوچەیەدا هەبوو، بەڵام کاتێک تەبایی گەڕایەوە بۆ نێو حیزبەکانی باشوور، هەوڵەکانی ئێرانیش کەم بوونەوە".

ئازەرباخ دەڵێت تاوەکو ئێستا دوو جار سیخوڕیان لە ریزەکانیاندا ئاشکرا کردووە کە هەوڵیانداوە پێشمەرگە و سەرکردەکانیان لەنێو ببەن "یەکێک لەو دەستانەی ئاشکرامان کرد، پلانەکەی ئەوە بوو کە شەوی سەری ساڵ ئامانجەکەی بپێکێ"، گوتیشی لەم ساڵانەی دواییدا تیرۆر کەم ببوو "چونکە ئێران و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتنیان هەبوو کە ئێران لێرە دەست لە ئێمە نەوەشێنێ و ئێمەش دەست نەوەشێنین، بەڵام ئێران ڕێککەوتنەکەی شکاندووە".

ساڵی 1989 عەبدولڕەحمان قاسملو، سکرتێری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نەمسا و لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێران تیرۆر کرا. سێ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، سادق شەرەفکەندی، جێگرەوەی قاسملو لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا تیرۆر کرا.

بەرپرسێکی کۆمەڵە

> زۆرترین هەوڵی ئێران بۆ تیرۆرکردنمان لەڕێگەی ژەهرکردنە نێو خواردن بووە

حەسەن حوسێن، بەرپرسێکی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران دەڵێ، ئێران هەرکاتێک هەوڵی تیرۆرکردنی پێشمەرگە و کادرەکانی ئەوانی بۆ نەچووبێتە سەر، هەوڵێکی دیکەی داوە "زۆرترین هەوڵی دوای تیرۆری ڕاستەوخۆ، دەرمانخواردکردنە، خەڵکانێکیان دەنارده ناومان و هەوڵیان دەدا دەرمان بکەنە نێو ئاو و خواردنمانەوە، بەڵام هەموو جارەکان ئەو هەوڵانەمان پوچەڵ کردووەتەوە".

دیارترین ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1996، ئەوکاتەی سوپای پاسدارانی ئێران بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێزەکانیان هێنایە باشووری کوردستان و هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی حیزبی دیموکرات لە کۆیە.

حەسەن حوسێن، لەبارەی ناسراوترین کادریان کە بەدەستی ئێران لەنێوبراوە دەڵێت، ڕابەری شووراکانی سنە بوو کە لە ساڵی 1987 لەنێو بارەگای کۆمەڵە لە ڕانیە لەلایەن چەند کەسێکەوە تیرۆر کرا.

حەسەن حوسێن دەڵێت: "تاوەکو ئێستا بەپێی ئامار 350 کەس لە پێشمەرگە و کادر و فەرماندەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان تیرۆر کراون".

گوتیشی: "زۆربەی ئەوانەی تیرۆرکراون لە هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستانن، بەڵام 16 کەس لەوانەی شەهیدکران یان بریندار کراون، ئەندام و پێشمەرگە و کادری ئێمەن".

لە سەرەتای نەوەتەکاندا ژمارەیەک لە فەرماندە و پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی پەلاماری کوشتن بوونەتەوە بە ڕێگای جیاواز، بەڵام وەک سەرچاوەیەک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی کرد، لەوکاتەدا هێزەکانی ئاسایشی یەکێتی "لە بەرامبەردا 7 کەسیان دەستگیر کرد و دواتر لە سێدارەیان دان، ئەوە وای کرد کە ماوەیەکی زۆر هەوڵەکانی ئێران وەستان و کەمبوونەوە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەوەی ئێران دەستی ئاوەڵا بووە لە باشووری کوردستان، دەستیپێکردووەتەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی دەکەن، لە ساڵی 1991 وە تاوەکو 1997 لە باشووری کوردستان و لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە 207 پێشمەرگە و کادر و فەرماندەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوژراون یان بریندار کراون. عەبدوڵڵا ئازەرباخ، لەوبارەوە دەڵێ: "لەو ژمارەیە 5 بۆ 6 کەسیان ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسین. کەسانێک بوون کە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە خەباتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا".

## بۆ ڕازیکردنی دڵی تورکیایە

# ئەمریکا دەیەوێ مەنبج بە یەپەگە چۆڵ بکات

**ڕووداو – هەولێر**

لە هەوڵێک بۆ چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا، ئیدارەی ئەمریکی بە ئەنقەرەی ڕاگەیاندووە هەوڵی جڵەوکردنی هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەدات. یەکەم هەنگاویش بۆ ڕازیکردنی تورکیا لە مەنبجەوە دەستپێدەکات کە هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی هێرشەکانی عەفرینەوە، ئامانجی تورکیا بووە.

بەرپرسێکی حکومەتی تورکیا بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "جەوهەری مەسەلەکە ئەوەیە هێزە سووریای دیموکرات (هەسەدە) لە شاری مەنبج بکشێنەوە و بەرەو ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوڕات شوێنگۆڕکێیان پێبکرێت". مەنبج 40 کیلۆمەتر لە سنووری تورکیاوە دوورە و هێزەکانی سووریای دیموکرات لە کۆتاییەکانی مانگی ئابی 2016 لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دەریانهێنا. لەو کاتەوە مەنبج یەکێک لە ناوچەکانی ململانێ و ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و تورکیایە، لەبەر ئەوەی هەردوولا وەکوو ناوچەی نفووزی خۆیان لە باکووری سووریا دەیبینن.

هێزەکانی سووریای دیموکرات لە تشرینی یەکەمی 2015ەوە بە دەستپێشخەری یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دامەزراوە، لە زیاتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا بڕبڕەی پشتی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعش لە سووریا بوون، هەر ئەو هێزەش لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا دەسەڵاتی ئیداری و ئەمنی شاری مەنبجی لەدەستە. ئیدارەی پێشووی ئەمریکا بەڵێنی بە تورکیا دابوو هێزە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوڕات بهێڵێتەوە، بەڵام بایەخی هەسەدە و یەپەگە بۆ شەڕی دژی داعش لە سووریا ڕێگەی بە ئیدارەی ئەمریکی نەدەدا ئەو بەڵێنەی خۆی بەرێتەسەر.

ڕۆژی پێنجشەممە و هەینی ڕابردوو، یەکەم دانیشتنەکانی گرووپی هاوکاریی ئەمریکا و تورکیا لە واشنتن بەڕێوەچوون. ئەو گرووپە دوای سەردانەکەی مانگی ڕابردووی ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، بۆ ئەنقەرە دامەزرا. ئامانج لە دروستکردنی ئەو گرووپە ئەوەیە هەردوو وڵات بە هاوئاهەنگی یەکدی هەنگاو بنێن، بەتایبەتیش لەو پرسانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا گرژی بێوێنەی لە پەیوەندییە دیپلۆماتیک و سەربازییەکانی هەردوو وڵاتدا دروستکردووە، لەوانەش هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاڤا، کێشەی فەتحوڵڵا گولەن، پرسی نزیکبوونەوەی تورکیا لە ڕووسیا و کڕینی سیستەمی بەرگری ڕووسی کە لە درێژخایەندا ئاڵۆزی گەورە بۆ هاوپەیمانێتی ناتۆ دروستدەکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (پۆست)ی ئەمریکی، بەرپرسانی کۆشکی سپی و تورکیا هیچ خشتەیەکی زەمەنیان بۆ دوورخستنەوەی هێزە کوردییەکان لە مەنبج دانەناوە، جارێ ئاماژە بۆ ئەوەش نەکراوە میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە چۆن دەبێت. بەرپرسانی هەردوولا باسیان لەوە کردووە ئەو مژارانە لە کۆبوونەوەکانی دیکەی گرووپی هاوکاری تورکیا و ئەمریکادا تاوتوێ دەکرێن.

لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی کۆشکی سپی بەردەوام جەختیان لەوە کردووەتەوە کە لە شەڕی دژی داعش لە سووریا، هێزە کوردییەکان کاریگەرترین هاوبەشی زەمینیی ئەمریکا بوون. مانگی ڕابردووش فەرماندە باڵاکانی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لەگەڵ ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس سەردانی مەنبجیان کرد و بەڵێنیان بەهێزە کوردییەکان دا کە لە حاڵەتی هێرشی تورکیا بۆ سەر مەنبج بەرگریان لێدەکەن.

هەفتەی ڕابردوو هەسەدە لە بەیاننامەیەکدا بە ئاشکرا ئاماژەی بەوەدا بڕیاریانداوە هێزەکانی خۆیان لە بەرەکانی پێشەوە شەڕی دژی داعش لە پارێزگای دێرەزۆر دەکشێننەوە کە تاوەکو ئێستاش چەکدارانی داعشی تێدا ماوە و گومان دەکرێت داعش لەو ناوچەیەوە بە نیازی خۆڕێکخستنەوە بێت. لە بەیاننامەکەی هەسەدەدا گازندە لە ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکرێت کە لە 50 ڕۆژی ڕابردوودا نەیانتوانیوە لە ڕێگەی گوشاری نێودەوڵەتییەوە تورکیا ڕازی بکەن کۆتایی بە هێرشەکانی عەفرین بهێنێ.

ئەم هەنگاوەی هەسەدە و یەپەگە مەترسی ڕاستەوخۆ لەسەر هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی داعش لە سووریا دروست دەکات. هەفتەی ڕابردوو ئاڵدار خەلیل، بەرپرسێکی باڵای دەسەڵاتی خۆسەریی ڕۆژئاوای کوردستان، بە (پۆست)ی ئەمریکی ڕاگەیاند "هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی پشتی بەرداین، لە کاتێکدا ئێمە هاوپەیمانی ئەوانین و ئەمریکییەکان دەبووایە یارمەتیمان بدەن". پێش بەیاننامەکەی هەسەدە سەتان شەڕڤانی کوردی هەسەدە بەرەو عەفرین و مەنبج جووڵەیان پێکرابوو، بەڵام ئێستا بڕیارە 1500 بۆ 1700 شەڕڤانی عەرەبیش لە پارێزگای دێرەزۆر پاشەکشە بکەن.

بەرپرسانی ئەمریکی و تورکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەر ئیمکانی ڕێککەوتن لەسەر مەنبج بەشێوەیەکی کاتی، دۆخە ئاڵۆزەکەی نێوان واشتن و ئەنقەرەی هێور کردووەتەوە. بڕیاریشە ئەو کۆبوونەوانە لە چەند مانگی داهاتوودا لە پایتەختی هەردوو وڵات بەردەوام بن، بەڵام بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی گومانی هەیە ئەمریکا بتوانێت هێزە کوردییەکانی سووریا ڕازی بکات شەڕڤانەکانیان لە مەنبج بکێشنەوە.

بەرپرسە ئەمریکییەکە بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی گوتووە "زۆر شت لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێمە و ئەمریکا بەستراوەتەوە بەوەوە (واتە ڕازیکردنی هێزە کوردییەکان لەسەر پاشەکشەکردن لە مەنبج)، چونکە ئێمە پێشتر بەڵێنمان بە تورکەکان دابوو و ئێستاش ئەوان داوامان لێدەکەن بەڵێنەکەی خۆمان بەرینەسەر". مەبەستی بەرپرسە ئەمریکییەکە ئەو بەڵێنە بوو کە ئیدارەی پێشووی کۆشکی سپی بۆ پاشەکشە پێکردنی هێزە کوردییەکان لە مەنبج بە ئەنقەرەیان دابوو، ئەنقەرەش لەبەرامبەردا ڕێگەی بە فڕۆکە تورکییەکان دابوو لە بنکەی ئاسمانیی ئەنجەرلیکەوە بنکەکانی داعش لە سوویا بۆردومان بکەن.

هێزەکانی سووریای دیموکرات زیاتر لە چارەکێکی خاکی سووریایان لە ژێر کۆنترۆڵ دایە، کە گومان دەکرێت ئەمریکا وەکوو ناوچەی نفووزی خۆی بەکاری بهێنێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لەوێوە کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکان و چارەنووسی دۆخی سووریا دابنێت. بۆیەش کاربەدەستە باڵاکەی کۆشکی سپی پێیوایە ڕاگرتنی دڵی هێزە کوردییەکانیش خاڵێکە کە ئەمریکا ناتوانێت پشتگوێی بخات.

کاربەدەستە باڵاکەی کۆشکی سپی سەبارەت بە زەرووەرەتی پاراستنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ هێزە کوردییەکان دەڵێت "ئەمە مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە، چونکە ئەمریکا ساڵانێکە لەگەڵ ئەو جەماعەتە (واتە هێزە کوردییەکان) کاردەکات، سەربازە ئەمریکییەکان بە تایبەتی پەیوەندییەکی قووڵی تاکەکەسیان لەگەڵیان دروستکردووە و هیچکەسێک نایەوێت ئەو پەیوەندییە نەمێنێ".

بەڵام ژمارەیەک دیپلۆماتی باڵای ئەمریکی پێیانوایە بایەخی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا وایکردووە واشنتن بگاتە ئەو ئەنجامەی کە چیدی ناتوانێت گازندەکانی تورکیا (سەبارەت بە هێزە کوردییەکان) پشتگوێ بخات.

### وەزارەتی دەرەوە و پنتاگۆن ناکۆکن

لە چەند مانگی ڕابردوو ئیدارەی ئەمریکی لەسەر هەڵبژاردن لە نێوان تورکیا و هێزە کوردییەکانی سووریا، تووشی ناکۆکی بووە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا بۆ پاراستنی هاوئاهەنگی ناتۆ و بەرەنگاربوونەوەی ڕووسیا، گرنگە. هەرچی پنتاگۆنیشە پێیوایە ڕاگرتنی دڵی هێزە کوردییەکان دەبێ لە ئەولەوییەتدا بێت، لەبەر ئەوەی شەڕی داعش ماوە و ئەمریکا لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوانەوە دەتوانێ بەشداری لە دیاریکردنی داهاتووی سوویا بکات، ئەوەی تاوەکو ئێستا دیارە ئەوەیە هەنگاوەکانی تورکیا و خەمساردی ئەمریکا لە ئاست هاوبەشە کوردەکانی، بووەتە هۆکاری لاوازبوونی شەڕی دژی داعش لە ڕۆژهەڵاتی سووریا.



## کەمتر لە هەزار کەسیان لەو شارۆچکەیە ماون

# کۆیە لە دانیشتووانە کریستیانەکانی چۆڵ دەبێت

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو- کۆیە**

مەسیحییەکانی کۆیە داوای کەنیسەی نوێ دەکەن. ئەوان ئێستا تەنیا دوو کەنیسەی زۆر بچووکیان هەیە، یەکێکیان کەنیسەی مەریەمی پاکیزەیە لە هەرمۆتە کە جێی سەردانیکەرانی تێدا نابێتەوە و نیوەیان لەکاتی بۆنەکاندا لە دەرەوە ڕادەوەستن.

دکتۆر هاوژین سلێوە، دانیشتووی گەڕەکی هەرمۆتە بە هەفتەنامەی (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە نێو شاری کۆیە کەنیسەیەکی بچووک هەیە. لە گەڕەکی هەرمۆتەش تەنیا کەنیسەیەکی بچووکمان هەیە. ئەو دوو کەنیسەیە بەگوێرەی ژمارەی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە نین، ئەوانەی سەردانی کەنیسە دەکەن زۆرن، بە تایبەتی کەنیسەی مەریەمی پاکیزەی هەرمۆتە کە زۆربەی بۆنە و مەراسیم و جەژنەکان لەوێ بەڕێوەدەچن، بۆیە ئامادەبووان بە ناچاری لە دەرەوەی کەنیسە دەوەستن".

د.هاوژین کە پرۆفیسۆری یاریدەدەر و مامۆستای زانکۆی کۆیەیە، کتێبێکی لەبارەی مەسیحییەکانی کۆیە بەناونیشانی (مێژووی هەرمۆتە) نووسیوە. ئەو دەڵێت "ئەو ڕۆژانەی کە پیاو و ژن سەردانی کەنیسە دەکەن، لەبەر بچووکیی کەنیسەکە، قەشە ناچار دەبێ بە دوو وەجبە تقوسە دینییەکان بەڕێوە ببات، لەبەرئەوە پێویستمان بە کەنیسەیەکی گەورە هەیە و پێشتریش زۆر داوامان کردووە".

دنحە تۆما، قەشەی هەرمۆتە و کۆیە دەڵێت بەدڵنیاییەوە پێویستیان بە کەنیسەی نوێ هەیە، چونکە کەنیسەکەی هەرمۆتە تەنیا جێگەی 350 کەسی تێدا دەبێتەوە، لەکاتێکدا ئەوانەی دێنە کەنیسەکە ژمارەیان زۆر زیاترە.

قەشەی هەرمۆتە و کۆیە گوتی: "ئەو کاتەی مەسعود بارزانی سەردانی شاری کۆیەی کرد، داوامان لێکرد، کەنیسەیەکی نوێ و یاریگایەکمان بۆ دروست بکەن، ئێستا یاریگاکە دروستکراوە و کەنیسەکە ماوە، هەروەها لەماوەی پێشوو مەتران سەردانی کۆیە و هەرمۆتەی کرد، داوامان لە مەترانیش کرد و لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە کەنیسەیەکی گەورە بۆ مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە گەڕەکی هەرمۆتە دروست بکرێ. چەند پارچە زەوییەکی گەڕەکی هەرمۆتەمان نیشاندا بۆ ئەوەی کەنیسەی لەسەر دروست بکرێ، ئەویش بەڵێنی داوە، ئێستا چاوەڕێین مەتران لە ڕۆماوە بگەڕێتەوە، تا بە شێوەیەکی فەرمی داوای دروستکردنی کەنیسەی لێبکەین".

ژمارەی مەسیحییەکانی کۆیە بەگوێرەی ئەو سەرژمێرییەی ساڵی ڕابردوو دنحە تۆما بۆ مەسیحییەکانی شارۆچکەکەی کردووە، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە کەمبوونەوەیە. ئەو دەڵێت: " (118) خێزان لە هەرمۆتە دەژین و (60) خێزانیش لەناو شاری کۆیە نیشتەجێن، بە گشتی دانیشتووانی هەردوولا زیاتر لە (700) کەسن".

پێشتر ژمارەی مەسیحییەکانی کۆیە زۆر زیاتر بووە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا بەشێکیان کۆیەیان جێهێشت و بەشێکیشیان هەر بە یەکجاری کوردستانیان جێهێشتووە و چوونەتە دەرەوەی وڵات.

گەڕەکی هەرمۆتە 9%ی ڕووبەری شاری کۆیە پێکدەهێنێ. ساڵی 1868 کەنیسەی مەریەمی پاکیزەی تێدا دروستکراوە، ناوەندی کەنیسەکە بۆ پەرستش بووە و حەوشەی کەنیسەکەش گۆڕستان بووە، لەوکاتەوە تا ئێستا دووجار لە ساڵانی (1979 و 2009) نۆژەن کراوەتەوە و کەمێک دەستکاری دیزاینەکەیشی کراوە.

خالید جەمال، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەبارەی دروستکردنی کەنیسە بۆ شاری کۆیە، بە (ڕووداو)ی گوت :"جەنابی مەتران داوای دروستکردنی کەنیسەی بۆ شاری کۆیە کردووە، چونکە کەنیسەکانی کۆنن و بەرەو داڕمان دەڕۆن، هەروەها بچووکن، ئێمەش وەک بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی داوای زەویمان لە وەزارەتی شارەوانی کردووە و ئێستاش زەوی بۆ دروستکردنی کەنیسەکە ئامادەیە".

خالید جەمیل هەروەها گوتی: "هیچ کێشەیەک لە دروستکردنی کەنیسەدا نییە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و قەیرانی دارایی، لە ساڵی (2014)ەوە پرۆژەکانمان وەستاوە، جیا لە چوار پرۆژە هیچ پرۆژەیەکی دیکەمان لەبەردەستدا نییە، هەرکاتێک پارەی تەرخانکراو بێتە وەزارەت و پرۆژەی دروستکردنی کەنیسەی کۆیە پەسەند بکرێ، بەدڵنیاییەوە دەیکەین".

## مزگەوتەکەی ئەردۆغان گەورەترە لەوەی سوڵتان

# ئەردۆغان ئەزموونی خومەینی دووبارە دەکاتەوە؟

**نامۆ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- ئیستانبوڵ**

لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا کە پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) لەسەر حوکمە، هەزاران مزگەوت و قوتابخانەی ئاینی قوت کراونەتەوە. ئەم پرۆژانە کە زۆرجار سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، خۆی سەرپەرشتییان دەکات، ترسی لای خەڵک دروستکردووە کە وڵاتەکەیان ڕەنگە بەرەو دەوڵەتێکی ئیسلامی بباتەوە.

مەزنترین مزگەوتی تورکیا دوای پێنج ساڵ کارکردن، کاری تەلارسازییەکەی تەواو بووە. ئەم مزگەوتە شەش منارەی هەیە کە بەرزترن لە منارەکانی مزگەوتی پێغەمبەر لە مەدینە و لەسەر ڕووبەری 15 هەزار مەتر دووجا دروستکراوە، تەنانەت لە مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد و سوڵتان سولەیمان گەورەترە کە بەهەمانشێوە لە شاری ئیستەنبوڵن. ئەم مزگەوتەی سەدەی 21، جێگەی 60 هەزار کەسی تێدا دەبێتەوە.

لەنێو ئەم دەوڵەتە عەلمانییەدا، کێ دەتوانێت مزگەوتێکی هێندە مەزن دروستبکات؟ هیچ کەس جگە لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا کە سەرپەرشتیار و بڕیاردەری پرۆژەی دروستکردنی مزگەوتەکەیە و بڕیارە ڕەمەزانی ئەمساڵ بە فەرمی بکرێتەوە.

ئەردۆغان دەیەوێت مزگەوتەکە لە هەموو شوێنێکی شارەوە ببینرێ. ئەم مزگەوتە دیارترین سیمبوڵە بۆ توانا و دەسەڵاتی ئەردۆغان بەسەر تورکیادا. دەریدەخات ئەم پیاوە چەندە گرنگی بە ڕۆڵی ئاین دەدات لە دەوڵەتێکی عەلمانیدا کە نزیکەی سەدەیەک بوو وای دەردەخست دینی خستبێتە دەرەوەی سیاسەتەوە.

ئوفوک ئۆراس، نووسەر و پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە دەڵێت: "ئەمە دەریدەخات ئیسلامی سیاسی ئایدیۆلۆژیای باڵادەستە لە تورکیا. ڕەنگە بەدیلێک بێت بۆ کەمالیزم. هەرچەندە دەڵێن هیچ گرفتیان لەگەڵ کەمالیزم نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین عەلمانیەت لە پاشەکشەدایە".

کەمالیزم واتا ئایدیۆلۆژیای دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیا، مستەفا کەمال ئەتاتورک، هێشتا لای زۆربەی تورکەکان ئەو ئەفسەرە پاڵەوانەیە کە سەرکردایەتی شەڕی دژی خۆرئاواییەکانی کرد و لە هەمانکاتدا بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی مۆدێرن شوێنپێی هەڵگرتن.

ئەمڕۆ، بیری ئەتاتورک هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر تورکیاوە نەماوە. ناتوانێت ئەردۆغان ڕابگرێت کاتێک دەستوور هەموار دەکاتەوە بۆ ئەوەی ژنان بتوانن لە شوێنە گشتییەکانی وەکو زانکۆ و پەرلەمان لەچک بپۆشن. ناتوانێت ڕێ لە دروستکردنی ئەو هەموو مزگەوتە بگرێت لە تورکیا. بەپێی داتای حکومەت، لەو ماوەیەی کە ئەردۆغان لەسەر دەسەڵاتە، 13 هەزار مزگەوت



لە سەردەمی ئەردۆغاندا 13 هەزار مزگەوت لە تورکیا دروستکراون

دروستکراون. ئێستا 90 هەزار مزگەوت لە تورکیا هەن، لەکاتێکدا تەنیا 61 هەزار قوتابخانە هەن.

ئوفوک ئۆراس بە (ڕووداو)ی گوت: "مزگەوت زیاتر بوون. زۆرتر ژنانی لەچک بەسەر دەبینرێن. بێگومان لە تورکیا بڕوامان وایە لە وڵاتی دیموکراسیدا خەڵکی ئازادە لە هەڵبژاردنی جلوبەرگی خۆی، بەڵام ئەمجارە لەچک بووەتە جۆرێک لە یەکپۆشی".

لە نزیک گۆڕەپانی تەقسیم، ڕۆژانە کرێن و سلینگ لە کاردان لە کاتێکدا شیش و کۆنکریت تێکەڵ بەیەک دەکرێن. کاریان جێبەجێکردنی خەونێکی کۆنی سەرۆکەکەیانە. ساڵی 1996 کاتێک سەرۆک شارەوانیی ئیستانبوڵ بوو، ئەردۆغان پلانی دروستکردنی مزگەوتێکی لە نزیک گۆڕەپانەکە خستەڕوو. پلانەکە یەکسەر گڕی لە خەڵکە عەلمانییەکەی شارەکە بەردا و نەیانهێشت سەربگرێ، چونکە گۆڕەپانی تەقسیم یەکێکە لە سیمبوڵە دیارەکانی کەمالیزم، دروستکردنی مزگەوتێک وەکو هەڕەشە بۆ سەر عەلمانیەت لێکدرایەوە.

جارێکی دیکە کاتێک سەرۆکوەزیران بوو، ئەردۆغان هەمان هەوڵی دایەوە. دیسانەوە بێ ئەنجام بوو. بەڵام ئەردۆغان کەسێک نییە بە ئاسانی کۆڵ بدات. ساڵی پار، سێیەم هەوڵی خۆی بۆ دروستکردنی مزگەوتەکە لە تەقسیم دایەوە و ئەمجارەیان کەس نەبوو بتوانێت ڕێی لێ بگرێ.

زەینەب تانبای، هونەرمەند و چالاکڤانی سیاسی دەڵێت: "گۆڕانێکی گەورە لە ئیستانبوڵ ڕوویداوە. ئەمەش پەیوەندی بە دەسەڵاتی موحافیزکارانەی پارتی حوکمڕانی وڵاتەکەوە هەیە. وڵاتەکە زیاتر و زیاتر بەرەو موحافیزکاری دەڕوات. جگە لە گۆڕانی کارەکتەری شارەکە لە عەلمانییەوە بۆ موحافیزکار، شارەکە بەردەوام زیاتر و زیاتر قەرەباڵغ دەبێت. لە هەموو شوێنێک چواردەورت بە کۆنکریت و باڵەخانەی نوێ گیراوە. ناوچەی سەوزایی بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە. هیچ پارکێکی نوێ نابینرێ".

هەموو کەسێک، بێگومان دژی دروستکردنی مزگەوت نییە. لە بەشی ئەورووپای ئیستانبوڵ خەڵکی موحافیزکار دەژین کە زۆربەیان لە دوایین هەڵبژاردندا دەنگیان بە ئەردۆغان دا. ئەم لایەنگرانە دەڵێن دروستکردنی مزگەوت هەڕەشە نییە بۆ سەر عەلمانیەت، تەنیا وەڵامێکە بۆ زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیان کە پێویستیان بە شوێنی خوداپەرستی زیاترە.

نورجان دەرسی، دانیشتووی ئیستانبوڵ دەڵێت: "ئەوکات هێندە خەڵک لە وڵاتەکەماندا نەبوو. ئەو کاتیش موسوڵمان هەبوو. ئێستاش ئیسلام و عەلمانیەت هەر پێکەوە دەمێنن و ناگۆڕێن". دەنگی بەرزی بانگی نیوەڕۆ لە مزگەوتەکەوە بەرز بووەوە و گفتوگۆکەی نێوانمانی زەحمەت کرد. لەو کاتەدا، لەو کچە لاوەم پرسی ئایا ترسی گۆڕانی تورکیای نییە بۆ دەوڵەتێکی تیۆکراسی وەکو ئێران. نورجان گوتی: "ئێمە زۆر لە ئێران جیاوازین. لە تورکیا کەس شتت بەسەردا ناسەپێنێ".

لە ماوەی 11 ساڵی ڕابردوودا، ژمارەی دانیشتووانی تورکیا 13% زیادی کردووە، بەڵام ژمارەی مزگەوتەکان 15% چووەتە سەرەوە. ئیلیاس دیمیرۆک، هونەرمەندێکی دانیشتووی ئیستانبوڵ، لە کەنار دەریای مارمەڕە ڕۆژنامەیەکی دەخوێندەوە کە هەموو جۆرە هەواڵێکی تێدابوو، لە هێرشی تورکیاوە بۆ سەر عەفرین کە بەرپرسانی تورکیا بە جیهادی ناودەبەن، بۆ هەواڵ لە بارەی کەسێکی مۆدێرنخوازەوە کە لە ئەنکەرە هێرشی کراوەتە سەر. ئەم هونەرمەندە پاڵپشتی دروستکردنی مەزنترین مزگەوتی تورکیا لەسەر گردی چاملجە دەکات و دەڵێت: "شانازی پێوە دەکەم. پرۆژەیەکی زۆر جوانە. پەیامێک بۆ تەواوی جیهان دەنێرێت کە ئێمە وڵاتێکی ئازادین".

بەلای ئەم کەسایەتییەوە هیچ پارادۆکسێک لە نێوان موسڵمانبوون و خواست بۆ دەوڵەتێکی عەلمانی لەئارادا نییە "هیچ پەیوەندییەک لە نێوان بونیاتنانی مزگەوت و دەوڵەتێکی ئیسلامیدا نییە. تورکیا وڵاتێکی عەلمانییە. کۆمارەکەمان لەلایەن عەلمانیەتەوە نوێنەرایەتی دەکرێ".

لە کۆبوونەوەیەکی مانگی شوباتی پەرلەمانی تورکیادا، بە پۆشاک و هوتافی ئیسلامی پێشوازی لە گوتاری ئەردۆغان کرا، بەڵام 20 ساڵ لەمەوبەر و لە ساڵی 1998 دا ئەردۆغان تەنیا لەسەر خوێندنەوەی پارچە شیعرێکی ئاینیی سەردەمی عوسمانی چوار مانگ خرایە زیندانەوە. ئەردۆغان لە شیعرەکەیدا دەڵێت: "لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە: منارەکان حەربەمانن. گومەزەکان خودەی سەرمانن، مزگەوتەکان بارەگا و باوەڕداران سەربازمانن".

بەلای هەندێکەوە، ئەوەی ئەمڕۆ ئەردۆغان دەیکات جۆرێکە لە تۆڵەکردنەوە. زەینەب تانبای دەڵێ: "هۆکاری پشت دروستکردنی ئەم مزگەوتە تەنیا پێداویستی خەڵک نییە بۆ مزگەوتی زیاتر. لە پشت ئەم مزگەوتەوە، ئەکەپە سیاسەتی دژە-شۆڕش پیادە دەکات. کاتێک ئەکەپە مزگەوتێکی نوێ دروست دەکات، گوێ بەوە نادات ئایا خەڵکی ئەو ناوچەیە پێویستیان بە مزگەوتە یان نا. دەیانەوێت نیشانی خەڵکی بدەن کە دەتوانن لە هەر شوێنێک بیانەوێت مزگەوت دروست بکەن. دەڵێن ئێمە نەهامەتی زۆرمان لەم وڵاتە چەشتووە. وەکو هاووڵاتیی پلە دوو مامەڵەمان لەگەڵدا کراوە. ئەمە، پێموایە جوڵانەوەیەکە دژی شۆڕشی ئەتاتورک".

مانگی ئەیلولی ساڵی پار، لەسەر گردێکی ئیستەنبوڵ، ئەردۆغان ئامادەبوو بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەک کە 50 ساڵ پێش ئێستا وانەی ئاینیی تێدا خوێندووە. ئەوکات خوێندنگەیەکی بچووک بوو. بەڵام ئەمڕۆ فراوانی کردووە و ناوی خۆیشی لەسەر تابلۆی قوتابخانەکە نووسراوە: ئامادەیی ئیمام و خەتیبی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان!

لە بودجەی ئەمساڵی تورکیادا، زیاتر لە 1.5 ملیار دۆلار بۆ دروستکردنی 178 قوتابخانەی ئاینی تەرخانکراوە. ئەمڕۆ قوتابیانی قوتابخانە ئاینییەکان زۆر زیاتر لە هاوتاکانیان لە قوتابخانە ئاساییەکان پارەیان لێ خەرج دەکرێ.

ساڵی 2012 بۆ یەکەمجار قوتابخانەی ئاینی بۆ قوتابیانی ناوەندیش کرایەوە- نەک تەنیا ئامادەیی. ئەمە هەندێک وەکو هەوڵێکی مەترسیداری ئەکەپە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگای تورکیا سەیری دەکەن.

پەرلەمانتارەکەی پێشووی هەدەپە دەڵێت: "گەورەترین گرفت لە تورکیا سیستەمی خوێندنە. لە تورکیا سیستەمی خوێندن زیاتر عەلمانی بووە، بەڵام ئەمڕۆ نزیکەی نیوەی قوتابخانەکان خوێندنگای ئیمام و خەتیبی و ئاینین. بڕارەیەکی زۆرت لەبەردەم نییە کە ئایا منداڵەکەت بۆ خوێندنگایەکی عەلمانی یاخود دینی دەنێری. ئەمە گرفتە سەرەکییەکەیە لە تورکیا. ئەگەر بتوانن بە تەواوی سیستەمی پەروەردە لە سیستەمێکی عەلمانییەوە بۆ سیستەمێکی ئاینی بگۆڕن، ئەوکات دەتوانین بڵێین مەترسییەکی گەورە لەسەر نەوەکانی داهاتوو دروست بووە".

ساڵی 1979 ئایەتوڵڵا خومەینی لە ڕێگەی شۆڕشێکەوە لە شەو و ڕۆژێکدا سیستەمی عەلمانیی ئێرانی لە ڕەگەوە هەڵکێشا و کۆماری ئیسلامی دامەزراند. ئەگەر ئەردۆغان بەهەمانشێوە نیەتی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی هەبێت، ڕێگەیەکی زۆر خاوتر و سیستەماتیکی گرتووەتەبەر کە مزگەوتەکان و خوێندنگا ئاینییەکان ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەگێڕن.

ئەردۆغان لەو قوتابخانە ئاینییانەدا خەریکی دروستکردنی هەوادار و لایەنگرە بۆ خۆی و حیزبەکەی، ڕێک وەکو سوڵتان ئۆزجانی یەکەم کە سوپایەکی تایبەتی بەناوی (ئینکیشاری) دامەزراند بەهۆی گومانی زۆری لە سوپای فەرمیی دەوڵەت.

بەگوێرەی هەندێ زانیاریی دزەکردوو کە ساڵی ڕابردوو لە میدیای نەیاری ئاکەپەدا بڵاوکرایەوە، کۆمپانیای سەعادەت بۆ خزمەتگوزاریی بەرگری کە عەدنان تانریفەردی ڕاوێژکاری ئەردۆغان دایمەزراندووە، لەو قوتابخانانەدا گەنجی سەر بە ئاکەپە مەشق و ڕاهێنان لەسەر شەڕ وەردەگرن.

تانریفەردی پێش ئەوەی وەک ڕاوێژکاری سەرۆک دەستنیشان بکرێ، لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرابوو دەربارەی هەندێ تۆمەت کە ئاراستەی کۆمپانیاکەی کرابوون، لەوانە: کاری ئاژاوەگێڕی لە ناوچەکانی باکووری کوردستان و هەروەها مەشقی سەربازی بە ئەندامانی داعش.



## 446 ملیۆن دۆلار لە حاجی ئۆمەرانەوە بۆ ئێران چووە

**رووداو- هەولێر**

لە یەکساڵی رابردوودا لە بازاڕچەی پیرانشارەوە زیاتر لە 446 ملیۆن دۆلار کاڵا هەناردەی هەرێمی کوردستان کراوە. رەسول نانجوو، سەرۆکی دامەزراوەی پیشەسازی و بازرگانیی پیرانشار رایگەیاند: لە یەکساڵی رابردوودا واتە لە مانگی ئاداری 2017ەوە تاوەکو ئاداری ئەمساڵ، لە بازاڕچەی پیرانشارەوە 77 هەزار و 69 تۆن کاڵا بە بەهای 446 ملیۆن و 287 هەزار و 126 دۆلار هەناردە کراوە. بەگوتەی رەسول نامجوو لە یەکساڵی رابردوودا ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێودەوڵەتی لەو سنوورە گەیشتووەتە 59 هەزار و 657 تۆن بە بەهای 93 ملیۆن و 84 هەزار و 127 دۆلار.



### بازاڕی بەرگدرووی نەهێشت

# 50 هەزار قاتی کوردیی چینی هێنراوەتە کوردستان

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەرگدرووەکانی هەولێر بەم بەرە نەورۆزە بەدەست بێ بازاڕییەوە دەناڵێنن و دەڵێن ساڵی رابردوو بازاڕیان لە ئەمساڵ زۆر باشتر بوو، لەولاشەوە ئەو دوکاندارانەی جلی کوردیی چینیی ئامادەکراو دەفرۆشن، دەڵێن ئەمساڵ بازاڕیان زۆر گەرمە.

ساڵانە لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی بەهار، خەڵکی کوردستان بۆ بۆنەکانی ئادار و نەورۆز، جلی نەتەوەیی دەپۆشن، ئەمەش ئەم وەرزە دەکاتە گەرمترین وەرزی بازاڕی قوماش و جلوبەرگ، بەڵام بەهۆی کاریگەریی قەیرانی داراییەوە، ماوەی چەند ساڵێکە خەڵک کەمتر جل دەکڕن و زیاتریش بەدوای کاڵای هەرزان و کواڵیتی نزمدا دەگەڕێن.

دانا خەیات، خاوەنی بەرگدرووی هۆنیا بۆ دروینی جلوبەرگی ئافرەتان لە شەقامی سیروانی

> **خواستی بازاڕ زیاتر لەسەر قاتی چینییە**

شاری هەولێر، دەڵێت: "هەتا ناوەڕاستی ساڵی 2014 دروینی جلی کوردیی ئافرەتان بەتایبەت لەبۆنەکانی ئادار و نەورۆزدا زۆر بوو، رۆژانە نزیکەی 40 تاخممان دەدروی، بەچوار مەکینە فریا نەدەکەوتین. مانگێک پێش نەورۆز قوماشمان وەرنەدەگرت، بەڵام ئێستا نەورۆز چەند رۆژێکی کەمی ماوە، هێشتا جلوبەرگ وەردەگرین و دروینی رۆژانەشمان لە 10 تاخم تێپەڕ ناکات".

دانا خەیات بەراوردی بازاڕی ئەمساڵ بە ساڵی رابردوو دەکات و دەڵێت "بازاڕمان زۆر کەمی کردووە، ئەویش دیارە بەهۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچەوەیە، خەڵک وەکو جاران توانای کڕینی جلوبەرگی نەماوە".

دانا خەیات، کەمبوونەوەی گەشتیار و گەڕانەوەی عەرەبە ئاوارەکان بە هۆکارێکی دیکەی کەمبوونەوەی کاری بەرگدرووەکان دەزانێ و دەڵێت: "بەشێک لەو گەشتیارانەی دەهاتنە هەرێمی کوردستان، زۆرجار جلی کوردییان بەدیاری بۆ کەسوکاریان بەدروین دەدا و لەگەڵ خۆیان دەیانبردەوە، بەڵام ئێستا کە گەشتیار کەم بووە و بەشێک لە ئاوارە عەرەبەکان گەڕاونەتەوە، کاریگەریان لەسەر کاری ئێمەش هەبووە".

هاوشێوەی بەرگدرووەکانی جلوبەرگی کوردیی ئافرەتان، بەرگدرووی پیاوان و منداڵانیش بازاڕیان وەکو پێویست نییە. خدر چیوەیی، خاوەنی بەرگدرووی هەڵۆیست لە بازاڕی قەیسەریی هەولێر، دەڵێت "لەوەتەی قەیران هەیە، نەورۆزی ئەمساڵ خراپترین وەرزی کارکردنی ئێمە بووە، هۆکارەکەشی ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بە دواکەوتنی مووچەوە هەبێ، ئەوە بەشێکی پەیوەندی بە هاوردەکردنی جلوبەرگی ئامادەکراوە لە چین هەیە، دەتوانم بڵێم 20%ی بازاڕی ئێمەی کەم کردووەتەوە".

خدر چیوەیی نموونە بەکاری خۆی دێنێتەوە و دەڵێت: "پێشتر 40 رۆژ پێش نەورۆز قوماشمان بۆ دروین وەرنەدەگرت، تاوەکو نەورۆز نزیکەی 500 قاتمان دەدروی، بەڵام ئێستا کە چەند رۆژێکی ماوە بۆ نەورۆز هێشتا جلی تازە وەردەگرین، ئەو قاتانەشی وەرمانگرتوون لە 150 قات تێپەڕ نەبووە، ئەمە لەکاتێکدایە ئێمە کڕیاری تایبەتی خۆمان هەیە و باشترین کاتی کارکردنی بەرگدوورین لەم وەرزەدایە".

خدر پێشتر چوار شاگردی هەبووە، بەڵام بەهۆی بێ بازاڕییەوە ناچار بووە سێ لە شاگردەکانی بنێرێتەوە ماڵەوە.

### قاتی کوردیی چینی بازاڕی تەنیوە

بەپێچەوانەی بەرگدرووەکان، ئەو دوکاندارانەی جلوبەرگی ئامادەکراوی کوردی دەفرۆشن، هیچ گلەییەکیان نییە و دەڵێن ئەمساڵ بازاڕیان زۆر گەرمە.

کامەران یوسف، بازرگانێکی شاری هەولێرە، بۆ بۆنەکانی ئادار و نەورۆزی ئەمساڵ 8800 قاتی کوردی لە چین هاوردە کردووە، دەڵێت "بەهۆی نزیکبوونەوەی بۆنەکانی ئادار و نەورۆز، ئەمساڵ بازاڕ زۆر باش بوو، لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی کاڵاکانم بەکۆ فرۆشت".

ئەو جلانەی کامەران هاوردەیان دەکات، قاتی کوردیی منداڵانن، ئەو بەهاری رابردوو 5800 هەزار قاتی کوردی هاوردە کردبوو، بەڵام هەرزوو ساخی کردنەوە، بۆیە ئەمساڵ 3000 قاتی زیاتر هاوردە کردووە و زۆربەشی فرۆشتووە.

کامەران وەک نهێنی پیشە، ئامادەنەبوو نرخی تێچووی دروینی قاتەکانی لە کارگەکانی چین ئاشکرابکات، بەڵام گوتی قاتەکانی ئەو بە 15 تاوەکو 25 هەزار لەبازار دەفرۆشرێن".

بە گوتەی کامەران بەهۆی قەیرانی دارایی، هەروەها هەرزانیی نرخی جلوبەرگی چینی، خواستێکی زۆر لەسەر قاتی کوردیی چینی هەیە و دەڵێت :"ساڵانە لانیکەم لە وەرزی بەهاردا 50 هەزار قاتی کوردی لە چینەوە هاوردەی کوردستان دەکرێن".

جگەلەو جل وبەرگی کوردی ئامادەکراوی چینی ، جل و بەرگی ئامادەکراوی کارگەکانی ناوخۆش هەیە، کە لەبازار زیاتر بە جەرەبی ناویان دەرکردووە.

کامەران یوسف، کە پێشتر 32 ساڵ بەرگدروو بووە، جگە لە هاوردەکردنی کاڵا لەچین، کارگەیەکی دروینی جلوبەرگی ئامادەکراوی کوردیی منداڵان و پیاوانی لە هەولێر دامەزراندووە. ئەو دەڵێت "بۆ کێبڕکێی بازار کارگەیەکم بۆ جلوبەرگی ئامادەکراوی کوردی داناوە 23 بەرگدرووی کوردی رۆژئاوا بە نرخێکی هەرزان کارم بۆ دەکەن، قاتەکان کاڵاکانم بەکۆ بە پێشەنگاکانی فرۆشتنی جلوبەرگی ئامادەکراو دەفرۆشم، نرخی جوملەی قاتەکانیش بەگوێرەی قەبارە و کواڵێتی قوماشەکەیان لەنێوان 10 تاوەکو 17 هەزار دایە، بەڵام خواستی بازاڕ زیاتر لەسەر قاتی چینییە".

گەنجۆ محەممەد، خاوەنی پێشەنگای کەرکووک بۆ فرۆشتنی جلوبەرگی ئامادەکراو بەتاک و کۆ، ماوەی پێنج ساڵە جلی کوردی لە چین بەدروین دەدات و ئەمساڵ زیاتر لە 2000 قاتی کوردی لە کارگەکانی چین هاوردە کردووە. ئەو دەڵێت "بەهۆی هەرزانی دەستی کار لەچین، نرخی قوماش و تێچووی دروین لەکارگەکانی چین زۆر هەرزان دەکەوێت بۆ نموونە قاتێکی 1 بۆ 5 ساڵی بە هەشت دۆلار دەگاتە دەستی ئێمە، بەڵام هەمان قات بە هەمان قوماش ئەگەر لە کوردستان بیدروین، 50 تاوەکو 60 هەزار دیناری تێدەچێ".



تێچووی قاتێکی کوردیی 1 بۆ 5 ساڵی لە لەکارگەکانی چین هەشت دۆلارە (فۆتۆ: رووداو)

> **عەرەب جلی کوردی دەکڕن**
>
> بارزگانان و دوکاندارانی جلوبەرگی ئامادەکراوی کوردی دەڵێن، بێجگە لە کورد، ئەو گەشتیارە عەرەبانەی دێنە کوردستان کڕیاری جلوبەرگی کوردین. گەنجۆ محەممەد کە جلوبەرگی کوردی لە کارگەکانی چین بە دروین دەدات و هاوردەیان دەکات دەڵێت "هاتنی گەشتیار و ئاوارە عەرەبەکان بۆ کوردستان خواستی پۆشینی جلوبەرگی کوردی لای کچان و منداڵانی عەرەبی باشورو ناوەراست زیاتر کردووە، بۆیە بەشێک لەو جلە ئامادەکراوانەی چین کە ئێمە هاوردەی دەکەین، پاشان بۆ شارەکانی عێراق بەگشتی و بەسرا بەتایبەت هەناردە دەکرێ".

### چەرەزات و شیرنەمەنییە خۆماڵییەکان زیادیان کردووە



# ساڵانە 35 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی چەرەزات و شیرینی دەچێتە دەرەوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەهۆی قەیرانی دارایی، فرۆشی چەرەزات و شیرینییەکان لە هەرێمی کوردستان دابەزیوە و لەبەرامبەریشدا بەرهەمی دەستی و کارگە خۆماڵییەکان زیادیان کردووە.

بەهۆی لێشاوی هاتنی گەشتیارانی عەرەب و بیانی بەتایبەت لەنێوان ساڵانی 2011 تاوەکو 2013 بۆ هەرێمی کوردستان، بە دەیان دووکانی فرۆشتنی چەرەزات و شیرینی بەشێوەیەکی مۆدێرن لەشاری هەولێر کرانەوە، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی، بەشێکیان بازاڕیان زۆر لاواز بووە.

سالار سادق، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە پێشانگای چەرەزاتی مەلیکە لەنێو بازاڕی گەورەی شاری هەولێر دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی گەشتیار و داخستنی فرۆکەخانە، بەراورد بەپێشتر فرۆشمان زۆر دابەزیوە، تەنانەت بەراورد بە ساڵی رابردووش زۆر دابەزیوە".

کڕیارەکانی سالار پێشتر گەشتیارانی عەرەبی عێراق بوون، ئێستاش فرۆشیان بەندە بە بیانییەکان و ئەو ئاوارە عەرەبانەی لە هەرێمی کوردستان ماونەتەوە. سالار دەڵێت کڕیاری کوردیان زۆر کەمە.

لە پێشانگاکەی سالار، فستقی ئێرانی، گەزۆی تورکی، ڤێتنامی و هندی، هەروەها بادامی چیلی و تورکی هەیە، ئەوە جگە لە تۆوی کولەکەی زەرد و سپیی تورکی و ئێرانی، زیاتر لە هەشت جۆر میوەی وشککراوەی وەک ئەناناس، کیوی، مانگۆ، ئۆمیلۆ و مۆز، مێوژی ئۆزبەکستانی، فستق عەبیدی سودانی و چەندین بەرهەمی دیکەی بیانی، لە بەرهەمە خۆماڵییەکانیش زیاتر هەنگوین، هەنجیر و تووی وشککراو، کەنگرۆک و چەندین جۆر باسوق و سجوق و لوقم و نانەقەیسی و گەزۆ هەن.

سالار گوتی: "بەرهەمی خۆماڵی تازەن و تاموچێژی خۆشترە، بۆیە نرخی هەندێ جۆریان لە نرخی بەرهەمی هاوردە زیاترە، بۆ نموونە نرخی کیلۆیەک بادامی دینارتێ 4 هەزار دینار گرانترە لە بادامی چیلی کە لە کیشوەرێکی دیکەوە بۆ هەرێمی کوردستان دێت".

بەشێک لە پێشانگاکان زیاتر گرنگی بە فرۆشتنی بەرهەمی خۆماڵی دەدەن، بۆیە لەم پێشانگایانە رێژەی بەرهەمی خۆماڵی نزیک بووەتەوە لە کاڵاو بەرهەمی بیانی.

محەممەد عەبدولرەزاق، خاوەنی پێشانگای چەرەزاتی سەعد بەقاڵ لە بازاڕی قەیسەریی شاری هەولێر بە (رووداو)ی گوت: "بەرهەمە خۆماڵییەکان تاموچێژیان خۆشترە، بۆیە گەشتیاری بیانی بە تایبەت عەرەب زیاتر حەزی لێدەکەن، بۆیە زیاتر گرنگی بە بەرهەمی خۆماڵی دەدەین و نزیکەی 50%ی بەرهەمەکانی نێو پێشانگاکەمان خۆماڵین".

محەممەد باسی هۆکاری زۆربوونی بەرهەمی خۆماڵی دەکات و دەڵێت: "بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی کار و مووچە، بەشێک لە خەڵک گەڕاونەتەوە گوندەکانیان و دەستیان کردووە بەدروستکردنی بەرهەمی خۆماڵی، بۆیە ئێستا بەرهەمی خۆماڵی لە بازاڕ زیاتر بووە، بۆ نموونە ئێمە نزیکەی 9 جۆر باسوق و سجوق، 8 جۆر لوقم و چەندین جۆر نانەقەیسی بەتامی جیاواز و چەندین جۆر سرکە و تەمەرهندی و مێوژ و دۆشاوی ترێمان هەیە، بەهەمانشێوە نۆک و بادام و کەنگرۆک، توو و هەنجیری وشککراو و هەنگوین و گوێز و سماقمان هەیە".

لە سێ ساڵی رابردوودا بێ بازاڕییەک رووی لە بازاڕەکانی کوردستان کردووە کە بە گوتەی محەممەد پێشتر وێنەی نەبووە. ئەو دەڵێ: "قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی گەشتیار، کاریگەریی زۆری لەسەر بازاڕی ئێمە هەبووە، بەراورد بەساڵانی پێشتر فرۆشمان نزیکەی 80% کەمی کردووە. ئێستا وەرزی فرۆشتنی چەرەزات و هەنگوین و سرکەیە، بەڵام بەهۆی کەمیی گەشتیار فرۆشمان زۆر لاوازە، بۆ نموونە ساڵی رابردوو لوقمی کارگەی خۆمان و باسوقی شەقڵاوەمان دەنارده بەسرا، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی گرفتی رێگا ئەم بازاڕە نەماوە".

### 35 ملیۆن دۆلار بۆ چەرەزات!

بێستوون عوسمان، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ئایدم بۆ هاوردەکردنی چەرەزات و خۆراک، کە خاوەنی پێشانگاکانی چەرەزاتی شێرکۆیە لەشاری هەولێر، دەڵێت "بەرهەم لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەکڕین و لەڕێگەی تورکیا و ئیماراتەوە هاوردەی دەکەین، بۆ نموونە گوڵەبەڕۆژە و تۆوی کولەکە لە چین، گوێز لە چیلی و ئۆکرانیا، فستق لە ئێران، گەزۆ لە تورکیا و گازۆ و چەندین بەرهەمی دیکە هاوردە دەکەین".

بە گوتەی بێستوون، ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی چەرەزات و شیرینەمەنی دەچێتە دەرەوەی کوردستان "ساڵانە بایی زیاتر لە 35 ملیۆن دۆلار چەرەزات و شیرینەمەنی هاوردە دەکەین. ساڵانە تەنیا کۆمپانیاکەی ئێمە بایی زیاتر لە ملیۆنێک دۆلار چەرەزات و شیرینی هاوردە دەکات، لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێریش بەدەیان کۆمپانیای هاوشێوەی ئێمە هەن".



بەرهەمی خۆماڵی تاموچێژی خۆشترە، بۆیە نرخی هەندێ جۆریان لە نرخی بەرهەمی هاوردە زیاترە

> **بەرهەم لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەکڕین و لەڕێگەی تورکیا و ئیماراتەوە هاوردەی دەکەین**
>
> بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ئایدم

# ڕوسنێفت پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا ئاسایی دەکاتەوە؟



بیلال سەعید

گرێبەستێکی کۆمپانیای ڕوسنێفتی ڕووسی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا کە لە بارەی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان گوتبووی "ڕێز لە خواستی کورد دەگرین"، ساردیی خستە پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و عێراق، بەڵام پەیامەکانی ئەمدواییەی وەزیری نەوتی عێراق ئاماژە بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان دەکەن.

ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوو کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند گرێبەستێکی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیای ڕوسنێفت ئاشکرا کرد، سەرەتای دابەشکارییەکی نوێ لە پرۆسەی نەوتی کوردستان لەنێوان ئەمریکا و تورکیا و ڕووسیا دەرکەوت.

لە 18ی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوو کۆمپانیای ڕوسنێفت بڵاوی کردەوە کە پشکەکانی لە ڕێککەوتننامەی هاوبەشی وەبەرهێنان لە بواری وزە لەگەڵ هەرێمی کوردستان 80% دەبێت. بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ هەریەک لە پێنج بلۆکی نەوت لە 40 ملیۆن دۆلارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 110 ملیۆن دۆلار. جگە لەوە کۆمپانیای ڕوسنێفت ئێستا خاوەنی 60%ی بۆڕی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستانە. کۆمپانیاکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە بەرهەمهێنان لە ساڵی 2018دا دەستپێدەکات و لە حاڵەتی سەرکەوتنیدا گەشەی زیاتر بە کارەکانیان دەدەن و قەبارەی وەبەرهێنانیان لە کوردستان بۆ 3.5 ملیار دۆلار بەرز دەکەنەوە.

جگە لە ڕوسنێفت، کۆمپانیای گازپرۆمی ڕووسی لە سێ بلۆکی نەوتی هەڵەبجە، شاکەل و گەرمیان کار دەکات کە لە بلۆکی گەرمیان گەیشتووەتە قۆناغی بەرهەمهێنان. ئێستا ڕۆژانە 5000 بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ.

گرێبەستەکەی نێوان ڕوسنێفت و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرزوو لە نێوخۆ بەرەوڕووی ڕەخنە بووەوە، گوایە گرێبەستێکی شەفاف نییە، عێراقیش لەدژی گرێبەستەکە هاتە دەنگ. وەزارەتی نەوتی عێراق لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، گوشارەکانیان لەسەر هەرێمی کوردستان و ڕوسنێفت زیاد کرد و داوای ڕوونکردنەوەیان لە کۆمپانیا ڕووسییەکە کرد. ڕۆژی 22ی تشرینی یەکەم، وەزیری نەوتی عێراق عەبدولجەبار لعێبی ڕایگەیاند "ڕوسنێفت ڕوونیکردەوە کە گرێبەستەکانیان سەرەتاییە و جێبەجێ نەکراون".

حکومەتی عێراق لەدوای ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەرەوە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکی لەڕێگەی بۆڕیی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگرتووە، بۆیە بۆ هەر هەنگاوێک بۆ ڕەوانەکردنەوەی نەوتی کوردستان، عێراق لەوە تێگەیشتووە کە خزمەتی ڕێککەوتنێک دەکات پێشتر لە نێوان کوردستان و ڕوسنێفت واژۆ کراوە.

کۆتایی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، مەهدی عەلاق، ئەمینداری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، بەغدا پابەندی گرێبەستەکانی ڕوسنێفت لەگەڵ هەرێمی کوردستان نابێت و کۆمپانیای ڕوسنێفت خۆی خستووەتە کێشەیەکی گەورەوە. لە وەڵامی ئەو لێدوانەدا ئیگۆر سێچین، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای ڕوسنێفتی ڕووسی ڕایگەیاند "بۆچی نابێت ڕوسنێفت لە هەرێمی کوردستان کار بکات؟ لەکاتێکدا زۆربەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی وەکو: شێڤرۆن، ئێکسۆن مۆبیل و تۆتاڵ لەوێ کاردەکەن".

لەدوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر عێراق بڕیاری داوە ڕێوشوێنی جیاواز بەرامبەر دۆسیەی نەوتی کەرکووک بگرێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ڕێککەوتنەکەی ڕوسنێفت و هەرێمی کوردستان، یەکێک لەو ڕێوشوێنانە کارکردن بووە بۆ ڕاکێشانی بۆڕیی نەوتی کەرکووک –کرماشان. ڕێککەوتنی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بە تەنکەر بۆ ئێران، ڕێککەوتنی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک لەلایەن کۆمپانیای (BP)ی بەریتانی، دوورخستنەوەی کۆمپانیای کار لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک، بەڵام جگە لە ڕەوانەکردنی نەوت بە تەنکەر بۆ ئێران (بە ڕێژەیەکی سنووردار) و دوورخستنەوەی کۆمپانیای کار لە نەوتی کەرکووک، ڕێککەوتن و بەڵێنەکانی دیکە جارێ هەر قسەن.

ڕۆژی 26ی شوباتی ئەمساڵ حەمید حوسێنی، سەرۆکی ژووری هاوبەشی بازرگانی ئێران–عێراق ڕایگەیاند "بەهۆی هەندێک بابەتی پەیوەست بە بارودۆخی ئەمنی، ئێران ناتوانێت ڕێککەوتنی هەناردەی نەوتی کەرکووک بە تەنکەر بۆ ئێران جێبەجێ بکات".

حکومەتی عێراق دوای شکستهێنانی لەهەموو هەوڵەکانی بۆ بە بازاڕکردنی نەوتی کەرکووک، ئێستا کەوتووەتە دانوستاندن لەگەڵ کۆمپانیای ڕوسنێفت کە خاوەنی 60%ی بۆڕیی نەوتی کوردستانە، هەروەها ئاماژە بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر نەوتی کەرکووک دەکرێت.

دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندینجار داوای دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی کەرکووکی لەڕێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستان، بۆ حکومەتی عێراق کردووە، بەڵام عێراق بەخەیاڵی هەنگاوێکی جیاواز داواکارییەکانی پشتگوێ دەخست.

وەزیری نەوتی عێراق، لە 28ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ لە کۆبوونەوەی لەگەڵ دیدیر کاسمیرۆ، جێگر و بەڕێوەبەری ناوچەیی کۆمپانیای ڕوسنێفت ڕایگەیاندووە وەزارەتەکەی ئامادەیە بە ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەست بکەنەوە بە هەناردەکردنی نەوتی خاو لەڕێگای بۆڕی کەرکوک- جەیهان، هیچ لارییەکیان نییە لەوەی ئەگەر کۆمپانیای ڕوسنێفت بواری کارکردنی خۆی فراوانتر بکات لە سەرجەم کێڵگەکانی نەوتی کەرکووک، ئەوەش دوای هاوئاهەنگی و ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای بریتش پیترۆڵییەمی بەریتانی.

بەپێی لێدوانەکانی حکومەتی عێراق، دەرگای گفتوگۆیەکی نوێ لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق کراوەتەوە کە بەدڵنیاییەوە ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بە هەوڵەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقەوە هەبێت، ئەوا بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی کۆمپانیای ڕوسنێفت و بۆتاشی تورکییەوە هەیە کە خاوەن پشکی سەرەکین لە بۆڕیی نەوتی کوردستان- تورکیا لەناو خاکی کوردستان و تورکیا.

پێشتر میخائیل بۆگدانۆڤ، جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاندبوو، حکومەتی عێراق هاوکاریی کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕووسیا دەکات لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە بەهۆی ڕێکارە توندەکانی بەغدا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، سەریانهەڵداوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیازی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی کەرکووکی کردووە لەڕێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستان- تورکیا، بەو مەرجەی عێراق کرێی بۆڕییەکە بدات کە بۆ هەر بەرمیلێک سێ دۆلارە، بەڵام عێراق مەرجی ڕێککەوتنی پەیوەست کردووە بە ڕادەستکردنی کێڵگەی نەوتی خورمەڵە، لەکاتێکدا ئەو کێڵگە نەوتییە نزیکەی یەک لەسەر سێی هەناردەی نەوتی کوردستان پێکدەهێنێت، جگە لەوەش پەرەپێدانی ئەو کێڵگەیە هی پێش ساڵی 2014یە، لەکاتی ڕادەستکردنی بە هەرێمی کوردستان توانای نزیکەی 10 هەزار بەرمیل نەوتی هەبووە، بەڵام ئێستا توانای بەرهەمهێنانی زیاتر لە 110 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە.

### کاریگەری ڕوسنێفت لەسەر ڕێککەوتنی عێراق و کوردستان

بەدەر لەهەموو چاوەڕوانییەکان، پەیوەندییەکانی عێراق و ڕووسیا زۆر بەخێرایی بەرەو پێش دەچن. نزیکبوونەوەی ڕووسیا و عێراق لە یەکدی دەکرێت بڵێین سوپرایزێکی سیاسی و ئابووری گەورەیە بۆ ئەمریکا و تەنانەت وڵاتانی دراوسێی عێراق، بە تایبەتی دوای گەیشتنی یەکەم وەجبەی تانکی (T90)ی ڕووسی بۆ عێراق، بۆ جێگرتنەوەی ئەبرامزەکانی ئەمریکا، هەروەها نیەتی عێراق بۆ کڕینی سیستمی دژە مووشەکی (S400) لە ڕووسیا و ئامادەکاری بۆ سەردانی بەڕێوەبەری ڕوسنێفت بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ عەبادی.

بۆیە دەکرێت بڵێین نزیکبوونەوەی هەرێمی کوردستان و عێراق، بەشی سەرەکی پەیوەندی بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی عێراق و ڕووسیا، پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیاوە هەیە، چونکە هەردووکیان بەرژەوەندی ئابووریی گەورەیان لە کەرتی نەوتی کوردستاندا هەیە، جگە لەوەی ڕووسیا دەیەوێت لەیەک کاتدا ببێتە خاوەنی پشکی نەوت و چەک و ئاسایشی عێراق.

بەڵام ئایا بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر دۆسیەی نەوتی کەرکووک چی بکرێت؟

1- دۆسیەی نەوتی خورمەڵە و کەرکووک جیاوازن، نابێت خورمەڵە بخرێتە نێو دانوستاندنەوە، چونکە بە دەستبەرداربوون لە خورمەڵە، گوشارەکانی عێراق بۆ سەر هەرێمی کوردستان زیاتر دەبن.

2- هەر ڕێککەوتنێک لەسەر دۆسیەی نەوتی کەرکووک، پێویستە بە ئاگاداری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بێت. هەروەها حکومەتی عێراق ناچار بکرێ وەکو هەرێمی کوردستان پارەی پترۆدۆلاری کەرکووک بدات.

3- کار بۆ ئەوە بکرێ، ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە نەوتی کەرکووک هاوتا بکرێ لەگەڵ نەتەوە و کەمینەکانی دیکە.

4- هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای ڕوسنێفت هەیە بەتایبەت لە بۆڕی کوردستان، بۆیە دەکرێت هەوڵەکانی بۆ وەرگرتنی زۆرترین قازانج لەڕێگەی ڕووسیا و کۆمپانیای ڕوسنێفتەوە بێت.

5- لەبەرچاوگرتنی کرێی گواستنەوەی نەوتی کەرکووک بۆ تورکیا لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، خاڵێکی گرنگە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و عێراق، بەڵام پێویستە کرێی پاراستن و ئەمنیەتی ئەو بۆڕییە کە بەناو خاکی کوردستاندا تێپەڕ دەبێت، لەبەرچاو بگیرێت و کوردستان داوای پشکی خۆی بکات.




حکومەتی عێراق دوای شکستهێنانی لەهەموو هەوڵەکانی بۆ بە بازاڕکردنی نەوتی کەرکووک، ئێستا کەوتووەتە دانوستاندن لەگەڵ کۆمپانیای ڕوسنێفت

# نەوتی لیتەی ئەمریکا ئۆپێک ناچاری دانوستاندن دەکات

ڕووداو - هەولێر

هەفتەی ڕابردوو کاربەدەستانی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک) لەگەڵ بەرپرسانی نەوتی لیتەیی ئەمریکا کۆبوونەوە تاوەکو بۆ کۆبوونەوەی ئۆپێک بانگهێشتیان بکەن. ئەمینداری گشتیی ئۆپێک دەڵێت خوازیارن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتی لیتەیی ئەمریکا بەرنە ئاستێکی نوێ.

نەوتی لیتەی ئەمریکا لە ساڵی 2010 بەدواوە دەستی بەم گەشەکردنە خێرایەی ئێستای کرد. ئەوکات ئۆپێک ئەو دیاردەیەی پشتگوێ خست، تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی لە 2014 کاریگەرییەکەی لەسەر بازاڕەکانی نەوت دەرکەوت و هاوسەنگیی نێوان داوا و خستنەڕووی بەجۆرێک تێکدا کە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی تووشی یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی دابەزینی نرخ کرد.

لە ماوەی 15 مانگی ڕابردوودا ئۆپێک دەستی داوەتە پلانی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و ئیدارەکردنی بازاڕەکانی نەوت، بۆ ئەم مەبەستەش هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕووسیا و نۆ وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک پێکهێناوە، بۆ ئەوەی پێکەوە 1.8 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانە کەم بکەنەوە. ئەم هاوپەیمانێتییەی نێوان ئۆپێک و 10 وڵاتی دەرەوەی ڕێکخراوەکە توانیویەتی نرخی نەوت بەرز بکاتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا یارمەتی هەڵسانەوەی پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکاشی داوە.

بەرهەمی نەوتی ئەمریکا لە ماوەی قەیرانی نرخەکانی نەوتدا بۆ خوارەوەی نۆ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیبوو، بەڵام ئێستا و لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت جارێکی دیکە بۆ سەرەوەی 10 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبووەتەوە و بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (فاینەنشڵ تایمز)ی بەریتانی، چاوەڕێ دەکرێت تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بگاتە 11 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەم ئاستە لە گەشەی بەرهەمی نەوتی لیتەیی خاڵێکە کە هیچ لایەنێک چاوەڕێیان نەدەکرد.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی باڵای ئۆپێک بەردەوام جەختیان لەوە کردووەتەوە کە نەوتی کۆگاکان خەریکە دادەبەزێت و بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گەشەی ئابووریی جیهانیش داوای سەرچاوەکانی وزە بەرز دەبێتەوە، بەڵام ڕاپۆرتی ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی وزە هۆشداری دەدەن، لەگەڵ دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆپێک، وڵاتانی دیکەی دەرەوەی ئۆپێک دەستیان بە بەرزکردنەوەی بەرهەمی نەوتی خۆیان کردووە. ئەمەش لە چەند ساڵی داهاتوودا کێشەی گەورە بۆ ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی دروست دەکات.

هەفتەی ڕابردوو کۆنفرانسی ساڵانەی وزە لە هۆستنی ئەمریکا بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بەرپرسانی باڵای ئۆپێک و بەرپرسانی پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکا بەشدار بوون. محەممەد بارکیندۆ، ئەمینداری گشتیی ئۆپێک بە (CNBC)ی ئەمریکی ڕاگەیاند کە بانگهێشتنامەی بە بەرپرسانی پیشەسازیی نەوتی ئەمریکا داوە بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی لووتکەی ئۆپێک لە مانگی حوزەیراندا بەشدار بن.

ئەمساڵ، هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو، بەرپرسانی هەردوو لایەن لە ئێوارە خوانێکدا کۆبوونەوە. پێش 2017 بەرپرسانی ئەو دوو لایەنە زەبەلاحەی نەوت هیچکات کۆبوونەوەی ئاوها ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانەیان نەبووە. بارکیندۆ بە تەلەفزیۆنە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاند "ئێمە تێبینییەکانی خۆمان ئاڵوگۆڕ کرد و باسی هەموو ئەو ئەزموونەمان کرد (کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا) بۆ هەموو لایەک زیانبەخش بووە و هەردوو لایەنیش لەسەر ئەوە کۆک بووین".

ئەمینداری گشتیی ئۆپێک باسی لەو خاڵانە نەکرد کە ئۆپێک و سەرکردەکانی پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکا لەسەری ناکۆکن و سەرەکیترینیان گەشەی تاکلایەنەی بەرهەمی نەوتی ئەمریکایە، بەڵکو ستایشی پیشەسازیی نەوتی ئەمریکای کرد کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی تەکنیکی نوێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و دابەزاندنی خەرجییەکانی دەرهێنانی نەوتی لیتەیی دابهێنێ.

دوو ساڵ لەمەوبەر ململانێیەکی سەخت لە نێوان ئۆپێک و نەوتی لیتەی ئەمریکادا هەبوو، ئۆپێک سوور بوو لەسەر ئەوەی بە بەرز ڕاگرتنی ئاستی بەرهەمهێنان پیشەسازیی نەوتی لیتەیی ئیفلیج بکات، ژمارەیەکی زۆریش لە وەبەرهێنەرانی نەوتی ئەمریکا بەهۆی ئەو هەڵمەتەی ئۆپێکەوە مایەپووچ بوون و ئەوەش وەبەرهێنەرانی لە نەوتی لیتەی ئەمریکا دوورخستەوە، بەڵام هەر ئەو ململانێیە نرخە وای کرد نرخی یەک بەرمیل نەوت بۆ خوار 30 دۆلار دابەزێت، ئەمەش ئەو ڕووداوە بوو کە زۆربەی ئەندامانی ئۆپێک بەرگەیان نەگرت.

ئۆپێک لە کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکادا ناتوانێت باسی نرخەکانی نەوت و دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان بکات، لەبەر ئەوەی یاسای ئەمریکا ڕێگە بە کۆمپانیا نێوخۆییەکان نادات لە هیچ ڕێککەوتنێکی جێگیرکردنی نرخەکاندا بەشدار بن. بۆیەش بەرپرسانی ئۆپێک دەزانن کاربەدەستانی کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا لەو بارەیەوە هیچیان لەدەست نایەت.

ڕایان لانس، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری گشتیی کۆمپانیای نەوتی کۆنکۆ فیلیپسی ئەمریکی، یەکێک بوو لەو بەرپرسانەی ئامادە نەبوو لە کۆبوونەوەکەی نێوان ئۆپێک و پیشەسازیی نەوتی لیتەی ئەمریکادا بەشدار بێت، لە گوتارێکیشدا لە کۆنفرانسەکەی هۆستن گوتی "ئێمە بڕیارمان داوە ئەو دۆخە ناجێگیرەی بازاڕی نەوت قەبووڵ بکەین، چونکە بتانەوێ و نەتانەوێت نەوتی لیتەی ئەمریکا گەشەی زیاتر دەکات". ئەم گەشەیەش لە قۆناغێکدا نادڵنیایی دروست دەکات.

بارکیندۆ و بەرپرسانی دیکەی ئۆپێک هەستیان بەوە کردووە کە ناتوانن پێش بە گەشەی نەوتی لیتە بگرن، بۆیەش لە دوو ئاستی کورتخایەن و درێژخایەندا هەوڵی دروستکردنی هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتی لیتەی ئەمریکا دەدەن. ئاستە کورتخایەنەکە بریتییە لە دروستکردنی پرد و کەناڵی گواستنەوەی زانیارییەکان، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەنگاوەکانی دواتری ئۆپێک بە جۆرێک دابڕێژرێن کە شۆکەکەی 2014 ڕوونەداتەوە. لە ئاستە درێژخایەنەکەشدا چاویان لە گەشەی ئابووریی جیهانە کە بتوانێت ئاستی داوا بەجۆرێک بەرز بکاتەوە، زێدەباری نەوت لە کۆگاکان کۆنەبێتەوە.



## دیداری سینەما لە نیگای ژنانەوە سازدەکرێت

**رووداو - هەولێر**

بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ئافرەتان، لەچوارچێوەی فێستڤاڵی ئازادی و نەورۆز، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیری و هونەری هەولێر. دیداری سینەما لە نیگای ئافرەتدا ساز دەکات. دیدارەکە رۆژی 12ی مانگ دەستپێدەکات و سێ رۆژ بەردەوام دەبێ. لە دیدارەکەدا 19 فیلم لە هەشت وڵاتەوە بەشداری دەکەن کە سەرجەمیان دەرهێنەرەکانیان ئافرەتن. فیلمەکان روانگەو دیدی ئافرەت بۆ ژیان دەردەخات بە دیدو بۆچوونی هاوبەش و جیاواز. لەم دیدارەدا 50 خانمە هونەرمەند و ئەستێرەی بواری هونەر و سینەما و درامای کوردی و عێراقی بەشدار دەبن. هەر لە دیدارەکەدا 25 خانمە هونەرمەند خەڵات دەکرێن.




## گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# بەهۆی پۆشینی جلی زێرەڤانی لە رۆژتیڤی دەرکرام

خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە رادیۆی رووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هێڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجراکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی لە هەفتەنامەی رووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە.
گوڵستان پەروەر لەم هەڤپەڤینەدا باسی وازهێنانی لە رۆژ تیڤی و ژیانی لە باشووری کوردستان و کارکردنی لەگەڵ (تۆڕی میدیایی رووداو) دەکات.



**هەڤپەیڤین: هێڤیدار زانا**

**بەشی چواردەهەم**

**رووداو: ئێوە گەڕانەوە ئەڵمانیا و شڤان نەهاتەوە ماڵەوە، تۆ چوویتەوە رۆژ تیڤی یان نا؟**
**گوڵستان:** من پێش ئەوەی بچم بۆ باشوور وەک پێشتریش باسم کرد، لە رۆژ تیڤی کارم دەکرد و پێویست بوو پرسیان پێ بکەم. کە گەڕامەوە ئەڵمانیا دوو ئەڵقەی بەرنامەکەم پێشکەش کرد، دواتر ئاگاداریان کردمەوە کە بەرنامەکەم راگیراوە. هەستم کرد رازی نین لە سەردانەکەم بۆ باشووری کوردستان. پرسیارم کرد بۆچی بەرنامەکەتان راگرت. گوتیان رێکخراوی ژنانی پەکەکە گوتوویانە حەز ناکەین چیدی گوڵستان بەرنامە پێشکەش بکات.
**رووداو: ئەی تۆ پێشتر پرست پێنەکرابوون کە سەردانی باشووری کوردستان دەکەی؟**
**گوڵستان:** بەڵێ، گوتیان لە خەتی سەرۆک ئاپۆ دەرچووە. زێرەڤانی لە دهۆک کۆنسێرتیان کردبوو، کۆنسێرتەکەش راستەوخۆ لە تەلەفزیۆن بڵاوکرایەوە. داوایان لێکردم بە جلی ئەوانەوە گۆرانی بڵێم. ژنانی پەکەکە زۆر پێی عاجز بووبوون. تۆ حاڵی کورد دەبینی؟ ئەو کارەساتانەی بەسەر کورد دێن، بەرهەمی ئەو جۆرە عەقڵیەتەن. یەکدی قبوڵ ناکەین. بەرنامەکەم کۆتایی هات، سەرخۆبوون لە بۆن ماڵێکی گرتبوو، گوتی حەز دەکەم بێیتە لای من. چوومە لای ئەو.
**رووداو: لە بۆن بەچییەوە سەرقاڵ بووی؟**
**گوڵستان:** بەهیچ، لەبەر ئەوەی سەرخۆبوون زۆر بە باوکییەوە مەشغوڵ بوو، حەزم نەدەکرد منیش زیاتر مەشغوڵی بکەن. بینیم شڤانیش وای نیشان دەدا کە سەرخۆبوون تەنیا دەبێ کار بۆ ئەو بکات و ئێمە شوێنمان لەلای ئەو نییە. لە ماڵ دانیشتم، بەڵام بینیم ماڵیش رۆژێک و دوو رۆژ و مانگێک و دوو مانگ.. زۆر ناخۆش بوو. خانووەکەمان لە دهۆک تەواو بووبوو، کۆتایی ساڵی 2007 گەڕامەوە دهۆک.
**رووداو: بە تەنیا هاتی بۆ دهۆک؟**
**گوڵستان:** بەڵێ بە تەنیا هاتم، تەلەفۆنم بۆ دایکم کرد، ئەویش لەگەڵ برایەکی من و منداڵەکانی هاتن بۆ لام. چوار ساڵ لەلای من مانەوە.
**رووداو: دوای ساڵانێکی درێژ لە ئەورووپا، بڕیارت**

> ستۆدیۆکانی رووداو لە ئاستی ناوەکەی نین

**دا بە یەکجاری بگەڕێیتەوە کوردستان، ئەمە بۆ تۆ زەحمەت نەبوو؟**
**گوڵستان:** لە ئەورووپاش کار و خەباتم هەر لە نێو کورد بوو، لێرەش هەر لە نێو کوردان بووم، بەڵام شێوەکەی جیاواز بوو. من فێری سیستمی کارکردنی کوردستان نەبووبووم. لە کوردستان کار بکەی یان نا، هیچ فەرقی نییە، خەڵک لێرە ئاسوودەن. لە ئەورووپا کەسێک کار نەکات، وەکو کەسێکی بێ کەڵک وایە. لە دهۆک نزیکەی 60 – 70%ی ژنان لە ماڵن. پێیان کەموکوڕیی نییە کە لە ماڵەوە دانیشتوون، بەڵام ئەوە بەلای منەوە کەموکوڕی بوو. بۆ من زۆر ناخۆش بوو لە ماڵەوە دانیشم کار نەکەم.

> ژنانی پەکەکە گوتبوویان گوڵستان لە رێبازی سەرۆک لایداوە

**رووداو: کە هاتیتە ئێرە هیچ کاری هونەریت کرد؟**
**گوڵستان:** نەخێر، چونکە پێشتر چەند کۆنسێرتێکم کردبوو، حەزم نەدەکرد هەمان شت دووبارە بکەمەوە. دووەمیش سەرخۆبوون لەگەڵ گروپێکی کولتووری لە ئەڵمانیا گرێبەستی کردبوو بۆ من. بۆ ئەوەی کۆنسێرت لە سەرجەم شارەکانی ئەڵمانیا بکەین. ئێمە کۆنسێرتێکی نوێمان رێکخست، سەرجەم ئەندامانی گروپی میوزیک ئافرەت بوون، 30 کۆنسێرتمان لە 30 شاری ئەڵمانیا کرد. پاشان لە سوێد و سویسرا و بەلجیکا کۆنسێرتمان کرد. کۆنسێرتەکان زۆر خۆش بوون، چونکە ئەوانەی دەهاتنە کۆنسێرتەکان هەموویان ئەورووپی بوون. بۆ ئەوان شتێکی نوێ بوو.
**رووداو: ژیانی کۆمەڵایەتیت لە دهۆک چۆن بوو، تێکەڵی خەڵک دەبووی، یان بە تەنیا لە ماڵ بووی؟**
**گوڵستان:** زۆر تێکەڵ بووم لەگەڵ خەڵک، زۆر هەڤاڵم پەیدا کردن، زۆر لە یەکدی جیانەبووین، زۆر کەیفم بە ئەوان دەهات و ئەوانیش کەیفیان بە من دەهات، وەکو ئەوە نەبووم کە لە ئەورووپا خۆم بە جیاواز لەو خەڵکە ببینم. وەکو ئەوە بوو لە ماردین و ئامەد بم. جیاوازییەکەی لەگەڵ باکووری کوردستان ئەوە بوو لێرە هەموو شتێک کوردی بوو، لەوێ زۆر شت تورکییە.
**رووداو: تۆ گوتت دایکت و براکەت لە باکووری کوردستانەوە هاتنە لای تۆ لە دهۆک. سەرخۆبوونیش هات؟**
**گوڵستان:** ئەو لە نێوان باشووری کوردستان و ئەڵمانیادا هاتوچۆی دەکرد. بەمدواییە تێگەیشت کە ئەوەی لە ئەورووپا بۆ باوکی کردوویەتی ناتوانێ درێژەی پێبدات، ئەویش گەڕایەوە کوردستان.

> بۆ من زۆر ناخۆش بوو لێرە دانیشم کار نەکەم
> •
> رووداو شۆڕشێک بوو لەنێو میدیای کوردی

**رووداو: پرۆژەی رووداو دەستیپێکرد و تۆش بەرنامەت هەبوو لە رووداو، ئەمە چۆن بوو؟**
**گوڵستان:** من پێشتر کاک ئاکۆ محەممەدم لە برۆکسل بینیبوو، ئەو هاتبوو بۆ رۆژ تیڤی، چاک و چۆنیمان کرد، بێگومان ئەوکات زۆر کەس دەهاتن، من کاک ئاکۆم نەدەناسی. گوتی من رۆژنامەڤانم و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کردم و پێموابێ لە هەفتەنامەی میدیا بڵاوکرایەوە. دوای ئەوەی هاتمە باشووری کوردستان، کاک ئاکۆ تەلەفۆنی کرد و گوتی پرۆژەیەکمان هەیە. راستییەکەی من نەمزانی پرۆژەکە چییە. من ئەوکات هیچ گرێبەستێکم لەگەڵ کەس نەبوو، چاوەڕێ بووم شتێکی مۆدێرن لە کوردستان دروست ببێ، چونکە من پێشتر رەخنەی زۆرم لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان هەبوو. کاک ئاکۆ گوتی بەنیازی دانانی تەلەفزیۆنێکین، تۆش بەرنامە پێشکەش بکە. زۆر کەیفم بە پرۆژەکە هات و پێمگوت زۆر حەز دەکەم بەشداری ئەو پرۆژەیە بکەم. ئەوکات کارمەندەکان راهێنانیان دەکرد، من بەشداریم نەکرد، جارێک ژنێک لە بی بی سی هاتبوو خۆی زۆر گەورە دەکرد و دەیگوت من کارم بۆ شاژنی بەریتانیا کردووە، نازانم چی و چی بووم. گوتی تۆ بەشداری خول مەکە، تەنیا دێم هەندێک پرسیارت لێدەکەم، کە کەوتینە قسە، گوتی تۆ هەموو شتێک دەزانی. کوردیان زۆر بە پاشکەوتوو دەبینی، من پێمگوت لە ئەورووپا 10 ساڵە لە میدیا کاردەکەم. راستە نەچووین بۆ زانکۆ بەڵام بە پراکتیک هەموو شتێک فێربووم. لێرە گرفتێکم هەبوو، زۆر خەڵکم نەدەناسی، ئەوە بۆ بەرنامەکەشم گرفت بوو، زۆرجار پرۆدیوسەرەکەم میوانێکی دەهێنا من نەمدەناسی. جاری وا هەبوو میوانەکەم لە ستۆدیۆ دەناسی.
**رووداو: کاتێک تۆ دەستت بە پێشکەشکردنی بەرنامەکە کرد، لەو باوەڕەدابووی رۆژێک لە رۆژان رووداو وەها بەناوبانگ بێ؟**
**گوڵستان:** نەخێر، ئەوە بۆ من وەکو سورپرایزێک بوو. من دەمبینی کاک ئاکۆ دەیەوێ شتێکی جیاواز بکات. من لەنێو دامەزراندنی دەزگاکەدا نەبووم، بەڵام لە فیکری ئەو تێگەیشتم کە دەیەوێ شتێکی جیاواز پێشکەش بکات. بەڕاستی رووداو شۆڕشێک بوو لە نێو میدیای کوردی.
**رووداو: بەرنامەی تۆ زۆرتر بەرنامەی بیۆگرافی بوو، ئەو کۆنسێپتە بە دڵی تۆ بوو؟**
**گوڵستان:** بەدڵم بوو و بەدڵیشم نەبوو، ستۆدیۆکانی رووداو لە ئاست ناوی رووداو نین، زۆر بچووکن. باڵەخانەکەی رووداویش لە ئاستی ناوەکەی نییە. جگە لەوەش لە ماوەی بەرنامەکەم زۆر لە ستافی رووداو گۆڕان. ئەوەش بۆ من زەحمەت بوو.



## تارا محەممەد، خانمە شێوەکاری کورد بۆ (رووداو):

# لە رۆژهەڵات ناتوانی بە دڵی خۆت کار بکەی

تارا محەممەد، خانمە شێوەکاری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە لە باشووری کوردستان و لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە، سەرەتا بە کاری شێوەکاری ناوبانگی دەرکرد و دەیان تابلۆی فرۆشران، بەڵام ئێستا جگە لە کاری شێوەکاری سەرقاڵی هونەری تاتۆکردنە. تارا، تەمەن 32 ساڵ، لە مهاباد لەدایک بووە. بکالۆریۆسی لە گرافیک و دیزاین هەیە و تا ئێستا سێ پێشانگای بۆ تابلۆکانی کردووەتەوە. (رووداو) لەبارەی کار و پرۆژەکانی ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**رووداو - هەولێر**

**رووداو: چۆن هاتیتە نێو دونیای شێوەکاری؟**
**تارا:** من هەر لە منداڵییەوە حەزم لە شێوەکاری بووە، کە گەورە بووم بەشێوەیەکی ئەکادیمی خوێندم و بەکالۆریۆسم لە گرافیک و دیزاین وەرگرت. بەردەوامیش هەر خەریکی شێوەکاری بووم. زیاتر لە 12 ساڵە خەریکی دروستکردنی تابلۆم. تاوەکو ئێستا سێ پێشانگام کردووتەوە کە دوویان لە ئێران بوون، بە سەتان تابلۆم کێشاوە.
**رووداو: تابلۆکانی تۆ زیاتر لەبارەی چین؟**
**تارا:** زۆربەی تابلۆکانم تایبەتن بە ئێش و ئازار و مەینەتییەکانی ژن.
**رووداو: بەبۆچوونی تۆ شێوەکاری زیاتر بەهرەیە یاخود ئەکادیمیبوون گرنگە؟**
**تارا:** من پێموایە دەبێت بە ئەکادیمی دەست بەکاری هونەری بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کەس توانای هونەرییان تێدایە، بەڵام هەردووکی هەبێت باشترە.
**رووداو: جیاوازیی کاری شێوەکاری لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە چیدا دەبینی؟**
**تارا:** من زیاتر لە 5 ساڵە لە باشووری کوردستان دەژیم، لەبەر ئەوەی لە باشوور هیچ سانسۆرێک نییە، دەستمان ئاوەڵاترە بۆ ئیشکردن، دەتوانین کار لە سیاسەت و لە تابلۆی نیمچەڕووتدا بکەین، بەڵام لە رۆژهەڵات ناتوانی بە دڵی خۆت کار بکەی، ناتوانی بەبێ حیجاب پێشانگا بکەیتەوە و وێنەی نیمچەڕووت نیشان بدەی.
**رووداو: بەڵام لێرەش چەند رۆژێک لەمەوبەر لە کەلار لەسەر تابلۆیەکی نیمچەڕووت کێشە دروست بوو؟**
**تارا:** راستە جارجار لێرەش ئەم کێشانە دروست دەبن، بەڵام ئەوەی کەلار چونکە کچە شێوەکارەکە خۆی حیجابی هەبوو، پێیان سەیر بووە وێنەی نیمچەڕووت نمایش دەکات، من پێوایە دەبێت هەموو کات هونەرمەندان ئازاد بن لەکاری خۆیان، من هەرچییەکم بوێت دروستی دەکەم، نابێت هیچ کەسێک تەداخولی ئیشی ئێمە بکات و بڵێت دەبێت ئەو وێنەیە بکێشی و ئەوە نەکێشی.
**رووداو: بەشێک لە تابلۆکانی تۆش رووت و نیمچەڕووتن، هیچ کێشەیەکت بۆ دروست نەبووە؟**
**تارا:** من لە ئێران چەند تابلۆیەکی سەماکارم بە نیمچەڕووتی دروستکرد، مامۆستاکانم لێم توورە بوون و گوتیان نابێت ئەم تابلۆیانە نمایش بکەی، تا هاتمە باشووری کوردستان لە سلێمانی دەستم بە دروستکردنی تابلۆی نیمچەڕووت کرد، لە سلێمانی زۆر خواست لەسەر تابلۆی لەم شێوەیە هەیە، بۆیە دەستم بەو کارانە کردەوە.
**رووداو: دوایین پرۆژەت چییە؟**
**تارا:** ئێستا ئامادەکاری دەکەم بۆ ئەوەی گەلەرییەکی تایبەت بەخۆم لەسلێمانی بکەمەوە کە لە دوو بەش پێکدێت، بەشێک تابلۆکانی بۆ فرۆشتن تێدا نمایش دەکەم، بەشەکەی دیکەش بۆ کاری تاتۆکردن تەرخان دەکەم.
**رووداو: ماوەیەکە زیاتر تاتۆ دەکەی، ئەمە بەهۆی ئەوەیە شێوەکاری بازاڕی نییە؟**
**تارا:** نەخێر، هەردووکیان دەکەم، من پێشتر گرافیست بووم لە کەناڵێک، دواتر دەهاتمەوە تاتۆم دەکرد، پاشان تاوەکو بەیانی تابلۆم دروست دەکرد، ئێستاش هەموویان دەکەم، چونکە ئێستا داواکاری دروستکردنی تابلۆم گەلێک زۆرە.

> لە هەولێر زیاتر خواست لەسەر تاتۆی لێو و برۆ زۆرە، لە سلێمانیش تاتۆی جەستە

**رووداو: نرخی تابلۆکانی تۆ چەندە؟**
**تارا:** تابلۆیەکانی من بەگشتی لە 200 دۆلارەوە فرۆشراوە تاوەکو گەیشتووەتە 2000 دۆلار، بەپێی قەبارە و جۆری ئیشەکە نرخەکە دیاری دەکرێت.
**رووداو: کڕیارەکانت زیاتر کوردن یان خەڵکی بیانین؟**
**تارا:** زیاتر کوردن، خەڵکی هەولێر و سلێمانی زۆر تابلۆی منیان کڕیوە.
**رووداو: کەی و چۆن بوو دەستت بە دروستکردنی تاتۆ کرد؟**

> لە سلێمانی دەستم بە تابلۆی نیمچەڕووت کرد
> •
> نرخی تابلۆکانم گەیشتوونەتە 2000 دۆلار

**تارا:** نزیکەی چوار ساڵ دەبێت تاتۆ دەکەم. سەرەتا چەند هاوڕێیەکم لە تاران هەبوون کە تاتۆیان دەکرد، گوتیان بۆ نایەی خۆت فێری تاتۆ بکەی، چونکە ئەو کەسەی تاتۆ دەکات دەبێت شێوەکارێکی باش بێت، گوتیان تۆش دەستی وێنەکێشانت باشە بۆ تۆ زۆر ئاسانە، سەرەتا رازی نەبووم، چونکە گوتم حەز بە خوێن و بەنج و کاری دەرزی لێدان ناکەم، دواتر بەشداریم لە خولێکی سێ مانگی فێربوونی تاتۆ لە تاران کرد، سەرەتاش لە خزم و کەسەکانی خۆمەوە دەستم بە تاتۆ کرد.
**رووداو: خەڵک زۆرتر داوای چ جۆرە تاتۆیەک دەکەن؟**
**تارا:** ئێستا خەڵک زیاتر حەزیان لە دروستکردنی تاتۆی ئاڵای کوردستانە، دواتر تاتۆی گوڵ لەسەر جەستە، خواستی زۆر لەسەرە، پاشان تاتۆی برۆ زیاتر داوا دەکرێت، خەڵک شتی کولتووری و هونەری داوا ناکەن.
**رووداو: داواکاریی تاتۆ لە هەولێر و سلێمانی جیاوازییان هەیە؟**
**تارا:** لە هەولێر زیاتر خواست لەسەر تاتۆی لێو و برۆ زۆرە، بەڵام لە سلێمانی تاتۆی جەستە زۆرترە.

## ئاهەنگی نەورۆز لە پەرلەمانی ئەوروپا سازدەکرێت



**ڕووداو-هەولێر**

بڕیارە بە بەشداریی ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا و، دیپلۆماتکارانی وڵاتان، ئاهەنگی نەورۆز لە پەرلەمانی ئەوروپا سازبکرێت. دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەوروپا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "مۆڵەتمان وەرگرتووە ڕۆژی 2018/3/19 لە نێو پەرلەمانی ئەوروپا ئاهەنگی نەورۆز سازبکەین، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا، دیپلۆماتکاران و بەرپرسانی حکومەتی بەلجیکا ئامادەیی خۆیان پیشانداوە بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکە". ئاژگەیی باسی لەوەشکرد بەرپرسانی پۆستە لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا، ڕەزامەندییان پێشانداوە لە هەموو ئەو پۆست و بانگهێشتنامە فەرمیانەی لە نوێنەرایەتی حکومەتەوە دەردەچن، ئاڵای کوردستان وەک پول بەکاربهێنرێ.

# کۆچبەران لە سەرکەوتنی پارتە ڕاستڕەوەکانی ئیتاڵیا تۆقیون

**شوان سدیق**
**ڕووداو - ڕۆما**

یەکێک لەو هۆکارانەی کە وای کرد ئەکبەر عەلی کوردستان جێبهێڵێ و ڕوو لە ئیتاڵیا بکات "سیاسەت" بوو، بەڵام لەوێش سیاسەت وازی لێناهێنێ، ئەکبەر و ئەو سەتان هەزار کۆچبەرەی لەو وڵاتەن، ماوەی چەند مانگێک بوو کەرەستەی بانگەشەی هەڵبژاردن بوون، دواجاریش پارتە دژە کۆچبەرەکان بەرهەمی بانگەشەکانیان چنییەوە و سەرکەوتن.

ئەکبەر عەلی کە کۆچبەرێکی کوردە و لە شارۆچکەیەکی نزیک شاری میلان نیشتەجێیە، دەڵێت: "لە کوردستان لەبەر سیاسەت هەڵاتین، لێرەش تووشمان بووەوە، بەردەوام گوێ لە هەواڵەکانی ئیتاڵیا دەگرین، بزانین بارودۆخی کۆچبەران بەرەو کوێ دەچێ".

هەفتەی ڕابردوو هەڵبژاردنەکانی ئیتاڵیا بەڕێوەچوو، دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان دەرکەوت پارتە ڕاسیست و دژە کۆچبەرەکان زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیان بردووە، پارتی دەسەڵاتداریش تووشی شکستێکی زۆر گەورە هات.

لە هەڵبژاردنەکاندا 46 ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، بۆ هەڵبژاردنی 630 ئەندام بۆ پەرلەمان و 315 ئەندامیش بۆ ئەنجوومەنی پیران. دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان پارتی دیموکراتی دەسەڵاتدار تووشی شکستێکی چاوەڕواننەکراو هات و ژمارەی کورسییەکانی لە 303 کورسییەوە بۆ 109 کورسی کەم بووەوە، بە پێچەوانەوە پارتە ڕاسیست و دژە کۆچبەرەکان و بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە ژمارەی کورسییەکانیان زیادی کرد.

بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە، بەسەرۆکایەتی دی مایۆی 228 کورسی بەدەستهێنا، لیگای باکووری ئیتاڵیا بە سەرۆکایەتی ماتیۆ سالڤینی




پارتە دژە کۆچبەر و ڕاسیستەکانی ئیتاڵیا زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیان بردەوە

124 کورسی. فۆرزا ئیتاڵیا بە سەرۆکایەتیی سیلڤیۆ بێرلسکۆنی 104 کورسی.

بەڵام پارتی دیموکراتی دەسەڵاتدار بە سەرۆکایەتی ماتیۆ ڕینزی 109 کورسی بەدەستهێنا.

هەڵبژاردنەکەی هەفتەی ڕابردوو بە قازانجی ئۆپۆزیسیۆن کۆتایی هات، بەوەش ترسی خستە دڵی کۆچبەران، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە پارتە دژە کۆچبەرەکان پێکەوە حکومەت دروست بکەن، ئەوکات پرۆژەکەیان کە بەشێکی بریتییە لە ڕێگری لە هاتنی کۆچبەران و سنووردارکردنی مافی مانەوە لە ئیتاڵیا، جێبەجێ دەکرێ.

لە هەڵبژاردنەکەدا تەنیا یەک پەنابەری بە ڕەگەز نایجیریایی دەرچوو، ئەویش تونی لیۆبی بوو کە لەسەر لیستی لیگای باکووری ئیتاڵیا خۆی پاڵاوتبوو، بەڵام تۆنی هەر زوو کەوتە بەر لێشاوی ڕەخنەی کۆچبەران و تەنانەت ئیتاڵییەکانیش، چونکە لەسەر لیستی پارتێکی دژە کۆچبەر خۆی کاندید کردبوو.

ماریۆ بالۆتێلی، یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا کە لە دایک و باوکێکی کۆچبەری گانایی لە شاری پالێرمۆی ئیتاڵیا لەدایکبووە، خۆکاندیدکردنی تۆنی لەسەر لیستی پارتێکی ڕاسیست بە "شەرم" وەسف کرد.

پارتەکەی ماتیۆ سەلڤینی بە پارتێکی ڕاسیست و دژە کۆچبەر ناسراوە، بەڵام سەلڤینی ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "زۆر کەس پێیانوایە ئێمە دژی پەنابەر و بێگانەین، نەخێر وانییە، ئێمە کێشەمان لەگەڵ شێوازی هاتنی کۆچبەرانە کە بە لێشاو دێنە وڵاتەکەمان، لێرەش دەبنە کێشە بۆ ئێمە، ئەگینا ئیتاڵی ڕاسیست نین. لە ڕابردوودا خەڵکی خۆیشمان لە بەلجیکا، ئەڵمانیا و ئەمریکا کۆچبەر بوون. ئێستاش زیاتر لە شەش ملیۆن ئیتاڵی کۆچبەرن".

ئیتاڵیا سێیەم گەورەترین وڵاتی ناوچەی یۆرۆیە، ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەرانی، بە تایبەتی وڵاتانی ئەفریقا، ڕوویان تێکردووە، بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە، مافی کۆچبەر لە ئیتاڵیا لە ڕووی مانەوە و خزمەتگوزارییەوە لە پلەکانی خوارەوەیە. هەروەها دەرفەتی چوونە پێشەوەشیان بۆ ناوەندی دەسەڵات و بڕیاردان کەمە.

شۆڕش عەزیز سورمێ کە پەنابەرێکی کوردە و ساڵانێکی زۆرە لە ئیتاڵیایە، دەڵێت: "ئیتاڵیا وڵاتێکە هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئاستی وڵاتانی دیکەی وەکو ئەڵمانیا و فەرەنسا و هۆڵەندا، چونکە لەڕابردوودا هاووڵاتیانی ئیتاڵی خۆیان کۆچبەر بوون، ئێستا چۆن ڕێگە بە کۆچبەرانی نەوەی سێیەم دەدەن لە وڵاتەکەیان بخزێنە نێو کاری سیاسی".

شۆڕش عەزیز سورمێ هەروەها دەڵێت: "ژمارەی کەسانی بێگانە لەنێو پارتەکانی ئیتاڵیا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئەوروپا زۆر کەمە، بێگومان لە ئیتالیا نەک تەنیا لە بواری سیاسی، بەڵکو لە بوارەکانی دیکەش بەشداریی کۆچبەران زۆر کەمە بەراورد بەو هەموو کۆچبەرەی لە ئیتاڵیا هەن".

ئیتاڵیا کەوتووەتە باشووری کیشوەری ئەورووپاوە، لەناوخۆدا جگە لە حکومەتی گەورەی ڕۆما، دوو حکومەتی بچووکی سەربەخۆیشی تێدایە (سان مارینۆ و ڤاتیکان) ژمارەی دانیشتووانی بەپێی ئاماری ساڵی 2014 زیاتر لە 61 ملیۆن کەس دەبێت کە زیاتر لە 3%یان کۆچبەرن. لەئامارەکاندا تەنیا ڕۆمانی و ئەلبانی و ئۆکرانی ئاماژەیان بۆ کراوە، لەکاتێکدا ژمارەی کۆچبەرانی عەرەب و ئەفریکا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبن، جالیەی عەرەبیش بەتایبەتی مەغریبی و جەزائیری و توونسی لەوێ بەهێزن.

ماریا ترییسی، چالاکڤانێکی ئیتاڵییە بە سەرسوڕمانەوە باس لە پێگەی بێگانە و کۆچبەران دەکات لە وڵاتەکەیان، ئەو دەڵێت: "بێگانەکان کەسانی ئەکتیڤیان تێدایە کە ساڵانێکە هاتوونەتە ئیتاڵیا و خوێندنیان تەواو کردووە و خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئێرە گونجاندووە، بەڵام بەداخەوە، دەرفەتی بەشداریکردنیان لە ناوەندی دەسەڵات و یاسادانان کەمە".

تریسی باسی لەوەش کرد کە "لە ئیتاڵیا دەرفەتی چوونە پێشەوە نەک بۆ بێگانە و کۆچبەران کەمە، بگرە هەندێجاریش دەرفەت بەگەنجانی ڕەسەنی ئیتاڵیاش نادرێ بەشدارییەکی کارایان لە سیاسەتدا هەبێ".

سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ئەگەری پێکهێنانی حکومەت لەلایەن پارتە دژە کۆچبەرەکانەوە، ماریا گوتی: "سەرکەوتنی سالڤینی و بێرلسکۆنی بەشی زۆری پەیوەندی بە خراپیی باری ئابووریی ئیتاڵیا و هەروەها هاتنی کۆچبەرانەوە هەبوو. ئەگەر ئەم پارتانە لەگەڵ بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە، حکومەت پێکبهێنن، بێگومان پرۆژەکانیان دژی بێگانە و کۆچبەران سەردەگرێ کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن باسیان دەکرد، بەڵام ئەگەر پارتی دیموکرات و بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە پێکەوە حکومەت دروست بکەن بۆ کۆچبەران باشترە، چونکە هەڵوێستیان بەرامبەر کۆچبەران نەرمترە".

# کەچەڵەکانی ئەوروپا لەلای کۆچبەرێکی کورد قژیان دەڕوێننەوە

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

سەنتەرەکە جمەی دێت لە کارمەند و پزیشک و نەخۆش، خەڵک لە چاوەڕوانیدایە، هەندێکیان دێن نۆرە دەنووسن. کاتێک چاوت بە قەرەباڵغیی شوێنەکە دەکەوێ، وا هەست دەکەی چەندین دەیەیە هەیە، بەڵام سەنتەری ئەدۆنیس سوێدین، هی خانمێکی کوردە کە تەنیا پێنج ساڵە لە سوێدە.

بە دەیان سوێدی و چەندین پزیشک و کەسانی خاوەن بڕوانامە لە بواری جوانکاریدا لە سەنتەرەکەی شیلان ئاسلی کار دەکەن کە خانمە کوردێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. سەنتەرەکەی شیلان بە ماوەیەکی کەم ناوبانگی بە سوێددا بڵاوبووەوە، جگە لە سوێدییەکان، ئەورووپییەکانی دیکەش بۆ جوانکاری، بە تایبەتی ڕواندنەوەی قژ، ڕۆژانە سەردانی دەکەن.

شیلان ئاسلی، خۆی و تیمەکەی کە لە پزیشکی ناسراو و خاوەن بڕوانامە پێکهاتوون، ڕۆژانە زیاتر لە 10 کاژێر کار دەکەن. ئەو زیرەکی و ئیرادە و باوەڕبەخۆبوونی خۆی و لێهاتوویی و دڵسۆزیی تیمەکەی، بە نهێنیی سەرکەوتنی خۆی و پرۆژەکەی دەزانێت و دەڵێت "زۆر گرنگە باوەڕت بەخۆت هەبێت و ئەو ئیرادە و هێزەی داهێنان کە هەتە، دەربخەیت و بەرجەستەی بکەیت".

شیلان هۆکارێکی دیکەی سەرکەوتنی پرۆژەکەی بۆ ئەو تەکنیکە نوێیانە دەگێڕێتەوە کە بەکاریدێنن "زۆر تەکنیک هەیە، تازەیە. ئێمە هێناومانەتە سوێد. بۆ نموونە تەکنیکی تازە لە ڕواندنەوە، یان ئاساییکردنەوە و پاککردنەوەی پێست، ڕواندنەوە و چاککردنەوەی پەڵە و ئەو شوێنانەی لە ئەنجامی سووتاوی، کەسێک تووشی دەبێت".

### سوێدییەکان فێری جوانکاری دەکات.

گوتەیەکی باو هەیە کە دەڵێت سوێدییەکان سادەن، زۆر گرنگی بە رووکەش و جوانکاری نادەن. هەر بۆیە زۆربەی موشتەرییەکانی شیلان، کۆچبەران، یان دانیشتووانی وڵاتانی دیکەی ئەورووپان. شیلان نکۆڵی لەمە ناکات. بەڵام دەڵێت: "دونیا گۆڕاوە و ئێستا سوێدیییەکانیش سەردانمان دەکەن، لە ئێمەوە فێر بوون گرنگی بە ڕووخساری خۆیان دەدەن".

شیلان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئێستا ئەو نەریتەیان لە سوێد نەهێشتووە "ئەو نەریتەی سوێدیەکانیش وەک کۆنی لای خۆمان بووە کە جوانکاری وەک شتێکی زیادە سەیر کراوە. چونکە جوانکاری دەستکاری و تێکدانی جوانی سروشتیی نییە. بەڵکو باشترکردن و ڕێکخستنیەتی. ئێستا سوێدییەکانیشمان فێری



کۆچبەرانی تازە پیشەی نوێ دەبەنە سوێد

ئەو فەلسەفەیە کردووە".

### جوان بە، سەرکەوتووی

ئەو فەلسەفەیەی شیلان پارەی پێ پەیدا دەکات ئەوەیە "جوانکاری شتێکی زیادە نییە، بەڵکوو پێویستە". هەروەها دەڵێت: "جوانکاری بریتییە لە ڕێگریکردن لە پیری و پێشگرتنە لە زووپیربوون، ئەمەش کاریگەری لەسەر کار و وره و بەردەوامی لە ژیان و خەبات هەیە. ئەمە فەلسەفەیەکە و ئێمە بەرجەستەی دەکەین".

### پارە بۆ سوێد ڕادەکێشێ

پێشتر زۆر لە دانیشتووانی سوێد، بە تایبەتی ئەوانەی بایەخیان بۆ جوانکاری هەبووایە، دەچوونە دەرەوەی وڵات و لەوێ نەشتەرگەرییەکەیان دەکرد کە وەک شیلان دەڵێت پارەیەکی زۆریان خەرج دەکرد و ڕوویان لە تورکیا و ئێران و ئیتاڵیا دەکرد، بەڵام ئەو ئێستا هاوکێشەکەی گۆڕیوە، نەک سوێدی، بەڵکو خەڵکی وڵاتانی دیکەش ڕوو لە سەنتەرەکەی دەکەن.

شیلان کە دواجار کارەکەی وەکو بازرگانییەکە، بیری لەوە کردووتەوە وەک پرۆسەیەکی گەشتیاری سوود لە پیشەکەی وەربگرێت و هەم هانی خەڵکی پێ بدات لێی نزیک ببنەوە، هەم خەڵکی دیکە ئاشنای وڵاتەکەی دووەمی، واتە سوێد بکات. ئەو دەڵێت: "ئێمە ئێستا پاکێجێکی نوێمان هەیە لە کارەکانمان. بەتایبەت بۆ ئەوانەی نەشتەرگەریی گەورە دەکەن. خۆمان کەسی داواکار دەهێنینە سوێد، نەشتەرگەرییەکەی بۆ دەکەین، دوای مانەوە و پشووی لە هۆتێل، بەماوەی دوو ڕۆژ بەرنامەیەکی گەشتیاری بۆ دادەنێین و بە سوێددا دەیگەڕێنین و پاشان دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی".

بەم شێوەیە ئەم گەنجە سوود لەو کەسانە وەردەگرێت کە لە دەرەوە دێن و پارەکەیان لە سوێد خەرج دەکەن. شیلان گوتی: "موشتەری ئەوروپا و دەرەوەی ئەورووپاشمان هەیە. ئیدی پێویست ناکات بۆ موو ڕواندنەوەیەک، یان بۆ نەشتەرگەریی دەموچاو ڕوو لە تورکیا و ئێران و ئیتاڵیا بکەن".

یۆهانس لینبێری پسپۆڕی شیاندن و گونجاندنی پەنابەر کە شارەزاییەکی باشیشی لە بواری ئابووری هەیە، دەڵێت: "ئەمە نموونەیەکی باشە لەوەی پارە لە دەرەوە دێتە سوێد و دەبێت دەزگای باج سوپاسی بکات".

یۆهانس بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەم کارەی شیلان جیا لەوەی بۆ بەهێزبوونی پێگەی خۆی لە کۆمەڵگەی سوێدی شتێکی زۆر باشە، لە ڕووی ئابوورییەوە هێز بە سوێد دەبەخشێ وا دەکات ساڵانە ملیۆنان کرۆن بێتە وڵاتەکە".

یۆهانس لینبێری بەهۆی کار و پسپۆڕێتیەکەیەوە، ئەزموونی زۆری لە بیانییەکانی ئەو وڵاتە وەرگرتووە. ئەو گەنجێکی دیکەی وەک شیلان دەناسێت بەناوی محەممەد کە بەهەمانشێوەی شیلان کۆچبەرێکی تازەیە و لە هەولێرەوە ڕووی لە سوێد کردووە و ئێستا کۆمپانیایەکی بواری میدیای هەیە. یوهانس دەڵێت: "دەیان دەزگای میدیایی گەورەی عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی ناچار کردووە بێنە سوێد و پارە خەرج بکەن".

ئەگەرچی بەلای سوێدیەکانەوە، هەر کۆچبەرێک تەنیا بۆ زمانێکی پێرفێکت پێویستی بە سێ ساڵە، هەروەها بۆ دۆزینەوەی کار پێویستی بە 5 ساڵ هەیە، بەڵام گەنجە کۆچبەرە تازەکان زیرەکن و هاوکێشەکەیان گۆڕیوە.

بەپێی ئامارێک نزیکەی 150 هەزار کورد لە سوێد نیشتەجێن. زیاتر لە 110 هەزاریان خاوەن ڕەگەزنامەی سوێدین. بەپێی ئامارێکی نافەرمیی ڕێکخراوێکی کوردی سوێدیش زیاتر لە پێنج هەزار کورد چاوەڕێی وەرگرتنی مافی پەنابەری دەکەن.

لیندبێری دەڵێت: "لە نێو کۆچبەرانی تازەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە پلەی یەک و لە ئاستی گشتیش بەشێوەیەکی زۆر دیار، گەنجە کوردەکان زیرەکن لە فێربوونی زمان و کارامەییەکی بەرچاویان هەیە لە کار دۆزینەوە و خۆ ژیاندن و فێربوون و بەڕێوەبردنی پیشەی نوێ. ئێستا ئەگەر بە شەقامەکانی سوێددا بگەڕێی دەیان نموونەی وەک شیلان دەبینی کە کۆچبەری تازەن و پیشەی نوێیان هێناوەتە سوێد، بۆیە دەبێت ئێمە وەک سوێدی شانازییان پێوە بکەین".



شیلان

سوێدییەکانم فێری فەلسەفەی پشت جوانکاری کردووە



## 52 %ی خوێندکارانی زانکۆ لە رەگەزی مێن

**رووداو – هەولێر**

د.یوسف گۆران، وەزیری خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند ئەگەر سەیری رۆڵ و ئامادەیی خانمان لە کەرتی خوێندنی باڵادا بکەن، هەندێک ئامارەی پۆزەتیڤ دەبینن و ئاشکرای کرد لەئاستی خوێندنی بەکالۆریۆس لە زانکۆکانی کوردستان کچان رێژەی (52%)ی قوتابیان و خوێندکاران پێکدەهێنن. د.یوسف گۆران لە کۆنفرانسی پەرەپێدانی سێنتەرەکانی جێندەرناسی لە زانکۆکانی کوردستان لە هەشتی مارسدا هەندێک ئاماری دیکەی راگەیاند و گوتی "رێژەی ژنان لە ناو مامۆستایانی زانکۆ تەنیا 35%ە، لە کاندیدانی ماستەر و دکتۆرا ژنان تەنیا رێژەی 25% پێکدەهێنن. رێژەی ژنان لەنێو راگری کۆلێژەکاندا تەنیا 8%ە.

# بەهۆی کێشەی ئاوی خواردنەوە خۆی سووتاند

**رووداو – رانیە**

هاوژین پیرۆت، تەمەن 30 ساڵان، بەهۆی دەمەقاڵەیەکی بچووکی نێوان خۆی و هێوەرەکەی لەسەر ئاوی بیری ماڵەکەیان، ئاگری لەخۆی بەردا. دوای خۆسووتاندنی، تەنیا دوو رۆژ ژیا و لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

مامی هاوژین کە ناوی سەردارە، چیرۆکی خۆسووتاندنی برازاکەی بۆ گێڕاینەوە و گوتی: "لەگەڵ ئاواتی مێردی هاوژین لە نێو خانووە پلاستیکییەکەی من کارمان دەکرد، نزیکی نیوەڕۆ بوو براکەی تەلەفۆنێکی بۆ کرد، گوتی خێزانت ئاو نادات بە ئێمە، ئەویش گوتی ئاوەکەم بەشێوەیەکی یەکسان دابەش کردووە و کۆتایی بە پەیوەندییەکەیان هات. دواتر ئاوات تەلەفۆنی بۆ خەزووری خۆی کردبوو، گلەیی کردبوو کە کچەکەی ئاوی نەداوەتە ماڵی براکەی، ئەویش بەپەلە تەلەفۆن بۆ کچەکەی دەکات".

دوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیانە، سەردار و ئاوات هەریەکەیان بۆ نانی نیوەڕۆ چوونەوە ماڵی خۆیان، زۆری نەبرد باوکی هاوژین پەیوەندی بە سەردارەوە کرد و پێیگوت وەرە بابڕۆین هاوژین و ئاوات بەشەڕ هاتوون: "کە چووین بەردەمی ماڵەکەیان قەرەباڵغ بوو، خەڵک گوتیان هاوژین خۆی سووتاندووە و لە نەخۆشخانەی رانیەیە، بەپەلە گواستمانەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، دوای دوو رۆژ لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

سەردار کە لە نەخۆشخانە قسەی لەگەڵ هاوژین کردووە و پرسیاری هۆکاری خۆسووتاندنی لێکردووە، هاوژین گوتوویەتی "ئاوات زۆر بۆڵەبۆڵی کرد، زۆر لەسەر دەمەقاڵێی نێوان من و هێوەرەکەم رۆیشت، دواتریش لێیدام و قژی راکێشام، بۆیە خۆم سووتاند".

هاوژین و ئاوات، هەشت ساڵ بوو هاوژینی یەکدی بوون، بەڵام هیچ منداڵیان نەبوو. سەردار دەڵێت "ئەو ژن و مێردە چەند جارێکی دیکەش کێشە لە نێوانیان روویداوە، مێردەکەی چەند جارێک لێیداوە، بەڵام هەموو جارێک کێشەکەمان بۆ چارەسەر دەکردن و نەماندەهێشت زۆر گەورە بێ".

مێردی هاوژین وەستای کاشی بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کاری کەم بوو، لە خانووە پلاستیکییەکەی سەردار کاری دەکرد. ئاوات دوای خۆسووتاندنی ژنەکەی، دەستگیر کراوە.

سەردار دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ کەسوکاری ئاوات بەیەکەوە پرسەی هاوژینمان بەڕێکرد، تەنیا رێگامان بەو برا و برازنەی ئاوات نەدا بێنە پرسەکەی کە شەڕیان لەگەڵ کردبوو لەسەر ئاو، سکاڵاشمان لەسەر مێردەکەی هەیە و دەمانەوێت یاسا کێشەی نێوان ئێمە و ئاوات یەکلایی بکاتەوە، چونکە پێمانوایە هۆکاری سەرەکی خۆسووتاندنی هاوژین، ئاوات بووە".

فەرمان ئەحمەد پیرۆت، بەڕێوەبەری کارگێڕیی نەخۆشخانەی گشتیی رانیە لەبارەی خۆسووتاندنی هاوژینەوە بە (رووداو)ی گوت: "کاژێر یەکی رۆژی 2018/3/3 ئافرەتێکی سووتاویان هێنا بۆ بەشی فریاکەوتن، پشکنینی سەرەتاییمان بۆ کرد و بەڕێمانکرد بۆ سلێمانی. بەپێی پشکنینەکان دەرکەوت کە بە نەوت خۆی سووتاندووە. هۆکارەکەشی مێردەکەی بووە، بۆیە هەر لە نەخۆشخانە دەمەقاڵێ لە نێوان کەسوکاری هەردوولا روویدا و پۆلیس کەوتە نێوانیان".

بەگوتەی فەرمان، هاوژین 85%ی جەستەی سووتابوو.

هەر لەوبارەوە رائید عەبدوڵڵا بابەڕەسوڵ، بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بە (رووداو)ی گوت: "ئەو ئافرەتە دانیشتووی شارۆچکەی بۆسکێنی سەر بە قەزای رانیە بوو، ئافرەتەکە بەهۆی دەمەقاڵێ لەگەڵ هاوژینەکەی، خۆی سووتاندووە، دادوەر بەپێی مادە 408 لە یاسای سزادانی عێراقی فەرمانی گرتنی بۆ مێردەکەی دەرکرد".



# دایکی پێنج منداڵ خیانەت لە هاوژینەکەی دەکات

**دیمەن بورهان**
**رووداو – هەولێر**

نیاز و زانا 15 ساڵە خێزانیان پێکەوەناوە و خاوەنی پێنج منداڵن، بەڵام زانا بەهۆی ئاشکرابوونی پەیوەندیی هاوژینەکەی لەگەڵ کەسێکی دیکە، بە گومانە لەوەی ئەو باوکی منداڵەکانی خۆی بێت و داوای پشکنینی DNA ی دەکات. نیازیش لە زیندانە و دەڵێت هەڵەی نەکردووە کە ناپاکی لە مێردەکەی کردووە.

نیاز، 34 ساڵ، ناوی خوازراوی ژنێکە، لەگەڵ زانای تەمەن 31 ساڵ بە خۆشەویستی هاوسەرگیرییان کردووە. نیاز باسی ژیانی خۆی بۆ (رووداو) کرد و گوتی: "دوای چەند ساڵێک لە هاوسەرگیریمان، هەستم کرد خۆشەویستی لەنێوانماندا نەماوە، زانا راکەڕاکی کاری بوو. بەیانی زوو دەڕۆیشت تا درەنگانی شەو نەدەگەڕایەوە و هەندێکجار شەوانیش نەدەگەڕایەوە. ئەمەش بۆشایی گەورەی خستە ژیانی منەوە. خۆم وەک ئامێرێک دەبینی لە ماڵەوە کە تەنیا منداڵم دەخستەوە، بێزار و ماندوو بووم، ژیانم بەتاڵ بوو لە سۆز و خۆشەویستی، من کێشەی سەرجێیکردنم لەگەڵ هاوژینەکەم نەبوو، بەڵکو نەبوونی سۆز بوو لەلایەن هاوژینەکەم. نەمبینی رۆژێک گوڵێکم بۆ بێنێ، یان پیاسەیەک بکەین. دەمویست کەسێک هەبێت ئەو بۆشاییەم بۆ پڕبکاتەوە، عاشقم بێت، گرنگیم پێبدات".

نەبەز کە ناسیاوی مێردەکەی نیازە، لەلای پۆلیس دانی بەوەدا ناوە کە پەیوەندی لەگەڵ ئەو ژنە هەبووە. نەبەز بە پۆلیسی گوتووە: "هەستم دەکرد نیاز بۆ کەسێک دەگەڕێت متمانەی پێبکات و لەگەڵیدا بێت، بۆیە منیش لێی چوومە پێشەوە، بەڵام دوای ماوەیەک وازم لێهێنا".

زانا هەرزوو گومان لە ژنەکەی دەکات، چاودێریی دەکات و دەبینێ تەماشای وێنەی کەسێک دەکات لەنێو مۆبایلەکەی، ئیدی لەسەر ئەوە دەبێتە دەمەقاڵەیان و نیاز پێیدەڵێت "بەڵێ دوو ساڵە پەیوەندیم لەگەڵ سەردار هەیە". بۆیە زانا رۆژی دواتر سکاڵا لەسەر هەردووکیان تۆمار دەکات".

نیاز نایەوێت باس لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ نەبەز بکات، ئەو تەنیا سەردار بە خۆشەویستی ژیانی دەزانێت و لەلای پۆلیس دانی بە هەموو پەیوەندییەکانیدا ناوە و گوتوویەتی "دوو ساڵ بەر لەئێستا سەردار بە ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرز رۆژانە بە گەڕەکەکەماندا دەڕۆیشت، رۆژێک ژمارە تەلەفۆنەکەی بۆم فڕێدا و منیش هەڵمگرتەوە. دوای هەفتەیەک بەیەکەوە چووینە دەرەوە. ئەو گرنگیی پێدەدام و هەستم بە بوونی خۆم دەکرد لەگەڵی، عاشقی بووم. تەنانەت ئەو شەوانەی هاوژینەکەم لە ماڵ نەبوو دەمهێنایە ماڵی خۆم و لەگەڵی دەخەوتم. هیچیش پەشیمان نیم".

هەرچەندە نیاز دانی بەهەموو شتێکدا ناوە، بەڵام سەردار نکۆڵی لەو پەیوەندییە کردووە و بە پۆلیسی گوتووە: "بەهیچ شێوەیەک لەگەڵی نەخەوتووم. ئەوە هەمووی قسەی خۆیەتی و بوختانم بۆ دەکات".

### سێ کەس دەستگیرکراون

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی ئەم کەیسە بە (رووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی هاوژینی ئەو ژنە سکاڵای لەسەر تۆمار کرد. ژنەکە دەستبەسەر کرا و لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسیش دانی بەوەدا نا کە خیانەتی لە هاوژینەکەی کردووە و لەگەڵ دوو گەنج خەوتووە. ئەوانیش دەستگیرکراون، یەکێکیان دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و یەکێکیشیان هێشتا نکۆڵی لە تاوانەکە دەکات".

**دراماکان هۆکارن**

جوان فاروق، توێژەری کۆمەڵایەتی، لەبارەی کەیسی نیاز و زانا بە (رووداو)ی گوت: "راستە نیاز هەڵەیە، بەڵام بۆ هەڵەی کرد و چ شتێک پاڵنەر بوو بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوان و ناپاکییە. راستە زانا سەرقاڵی کارکردن بووە بۆ پەیداکردنی پاروو نانێک بۆ هاوژین و منداڵەکانی، بەڵام ناکرێت پیاو هیچ کات نەهێڵێتەوە بۆ گرنگیدان بە خێزانەکەی". ئەو توێژەرە ئاماژە بۆ کاریگەریی خراپی دراما تەلەڤزیۆنییەکان لەسەر خێزانەکان دەکات و داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکات سنوورێک بۆ ئەو درامایانە دابنێت "دراما تورکییەکان وایان لە ژنان و پیاوانمان کردووە بۆ گەڕان بەدوای خۆشبەختیدا ناپاکی بەرامبەر یەکدی بکەن".

# لەسەر پەیوەندییەک بە زۆر بەشوو درا

**هیوادارم هیچ باوکێک ئەو هەڵەیەی من دووبارە نەکاتەوە**
باوکی خەندە

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو – هەولێر**

خەونی خەندە ئەوە بوو خوێندن تەواو بکات و ببێ بە پزیشک، بەڵام ئاشکرابوونی پەیوەندییە ئەڤینداریەکەی نەک خەونەکەی لە گۆڕنا، بەڵکو ئێستا وەکو نەخۆشێک دەچێتە لای پزیشکەکان. زیاتر لە دوو ساڵە، کونجی ماڵ، بووەتە شوێنی خەندە کە ناوی خوازراوی کچێکی تەمەن 16 ساڵانە.

ئەم کچە سێ ساڵ لەمەوبەر کە لە پۆلی حەوتی بنەڕەتی بوو، لەگەڵ کوڕێک دەکەوێتە پەیوەندی، بەڵام باوکیان بە پەیوەندییەکە دەزانێ و یەکسەر بەو تەمەنە کەمەوە لە کوڕەکەی مارە دەکات.

دایکی خەندە بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بەسەرهاتی کچەکەی بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "کچەکەم لە قوتابخانە زۆر زیرەک بوو، هەمیشە دەیگوت دەمەوێ ببم بە دکتۆر، بەڵام بەهۆی کوڕێکەوە ئەو خەونەی نەهاتەدی".

دایکی خەندە دەڵێت کچەکەی لە رێگەی قوتابخانە کوڕێکی ناسیوە بە ناوی زانا و پەیوەندی لەگەڵ داناوە، بەڵام دواتر باوکی خەندە بە پەیوەندییەکەی زانیون. دایکی گوتی: "باوکی خەندە هەردووکیانی لە کۆڵانێک پێکەوە بینیبوو، ئیدی بە کوڕەکەی گوت ئەگەر کچەکەم مارە نەکەی، هەردووکتان دەکوژم".

خەندە زۆر هەوڵی لەگەڵ باوکی دا، بەڵام هەوڵەکانی بێسوود بوون. دایکی خەندە گوتی: "خەندە زۆر لە باوکی پاڕایەوە و گوتی جارێ منداڵم و نامەوێ هاوسەرگیری بکەم، دەمەوێ بخوێنم، بەڵام سوودی نەبوو، بە ناچاری شووی بە زانا کرد. خەندە زۆر منداڵ بوو، تەنانەت لە دادگاش مارەیان نەکرد، لەلای مەلا مارە کرا و گرێبەستی هاوسەرگیری نەبوو".

نەهامەتییەکان ئەو رۆژە زیاتر بوون کاتێک خەندە پێی نایە نێو ماڵی زانا، هەرزوو زانا خەندەی لە قوتابخانە دەرهێنا و پێیگوت نامەوێ بخوێنی و لە ماڵەوە خزمەتی من بکە.

زانا هەر بەوەندە نەوەستا و شەڕی دەروونی و جەستەیی لە دژی خەندە دەستپێکرد. دایکی خەندە دەڵێت "سووکایەتی پێدەکرد، لێی دەدا، تا وای لێهات باری دەروونی تێکچوو، لەمەش خراپتر خیانەتی لێدەکرد و پێیدەگوت تۆم بە زۆر لێ مارە کراوە، بڕۆوە بۆ لای دایکت و باوکت".

وەک دایکی خەندە باسی دەکات، خەندە هەموو جارێک کە هاتووەتەوە لایان، شەکوای حاڵی خۆی لەلای باوکی کردووە و گوتوویەتی دەیەوێ لە زانا جیاببێتەوە، بەڵام باوکی رازی نەبووە و هەموو جارێک بە زۆر ناردوویەتییەوە لای هاوژینەکەی.

دایکی خەندە دەڵێت "شوێنەواری ئەشکەنجەدان بەسەر جەستەیەوە دیاربوو، قۆڵێکی شکابوو، لا چاوێکی شین ببوو، بەڵام بەناچاری گەڕایەوە لای مێردەکەی".

دوای چەند رۆژێک دایکی خەندە تەلەفۆن بۆ کچەکەی دەکات بۆ ئەوەی هەواڵی بپرسێ، بەڵام زانا وەڵام دەداتەوە و دەڵێت "کچەکەت نەخۆشە قسە ناکات، وەرە بیبەوە". دایکی خەندە یەکسەر بە تاکسییەک دەچێتە ماڵی خەندە. ئەو دەڵێت "کچەکەم لە ژوورێک کەوتبوو، هیچم لە دەست نەهات، یەکسەر هەڵمگرت و بردمەوە ماڵەوە".

زۆری نەبرد زانا هەر بە زارەکی تەڵاقی دا و خۆی لێشاردەوە، دایکی خەندە دەڵێت سکاڵایان لەسەر زانا تۆمار کردووە، بەڵام چووەتە دەرەوەی وڵات، لە دادگاش پێیانگوتوون لەبەر ئەوەی خەندە گرێبەستی هاوسەرگیری نییە، دادگا ناتوانێ داوای مافەکانی لە هاوژینەکەی بۆ بکاتەوە.

باوکی خەندە ئێستا بۆی دەرکەوتووە چ هەڵەیەکی بەرامبەر کچەکەی کردووە. ئەو کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت: "زۆر پەشیمانم لەوەی بەسەر کچەکەم هێنا، بەهۆی منەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو، چەندین پزیشکم پێی کرد، هیچ سوودی نەبوو".

ئەو ئاهێک بۆ کچەکەی هەڵدەکێشێ و دەڵێت: "نزیکەی دوو ساڵە کچەکەم لە ژوورەوە نایەتە دەرەوە، تەنانەت قسەش ناکات، دایکی رۆژانە بە زۆر خواردنی دەداتێ".

سەبارەت بە چارەنووسی زاناش، باوکی خەندە گوتی: "هیچ زانیارییەکمان لەبارەیەوە نییە، دەڵێن لە دەرەوەی وڵاتە". باوکی خەندە زۆر پەشیمانە و دەڵێت "هیوادارم دایکان و باوکان پەند لەو کارەی من وەربگرن و کچەکانیان بە زۆر بەشوو نەدەن".





ڕووداو
ژمارە (497) - دووشەممە 2018/3/12



## لە گوندێکی هەولێر سێ برا دەکوژرێن

**ڕووداو- هەولێر**

لە گوندێکی سەر بە پارێزگای هەولێر لەسەر کێشەی زەوی و زار سێ برا کوژران. ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2018/3/10 لە گوندی دووشێوانی سەر بە قوشتەپەی پارێزگای هەولێر سێ برا کوژران. لەبارەی هۆکاری ڕووداوەکە، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر گوتی "تەقەکردنەکە لەسەر کێشەی زەوی و زار ڕوویداوە، سێ برا لەلایەن کەسێکی ناسراو کوژراون". بەگوتەی شایەتحاڵێک کێشەکە کۆنە و لەسەر زەوی و زار بووە. پێشتریش چەند جارێک لایەنی پەیوەندیداری حکومەت هاتووەتە نێوانیان، بەڵام کێشەکە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە.

# گورچیلەی خۆی بۆ گواستنەوەی دەسگیرانەکەی دەفرۆشێت

کچێنیی خۆم بە ئەمیر بەخشی بۆ ئەوەی جیانەبینەوە

خەندە



خەندە و ئەمیر لە ڕۆژی ئەڵقەگۆڕینەوەدا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەمیری تەمەن 24 ساڵان، ئێوارەیەک دوای گەڕانەوەی لە کرێکاری، کچێک دەبینێت کە میوانی دراوسێکەیان بووە، ئەمیر و کچەکە دەکەونە داوی خۆشەویستی یەکدییەوە. دوای ساڵێک لە پەیوەندیی خۆشەویستی، ئەمیر دەچێتە خوازبێنی خەندەی تەمەن 18 ساڵان و ماوەی سێ مانگە ئەڵقەی دەستگیرانییان گۆڕیوەتەوە و لەلای مەلا مارەی کردووە.

بەهۆی ئەوەی ئەمیر ناتوانێت ئەو بڕە ئاڵتوونەی لەسەری ڕێککەوتوون بۆ خەندە بکڕێ، خێزانی کچەکە ڕێگە نادەن لە دادگا مارەی بکات و خەریکە بەزۆر لەیەکیان جیادەکەنەوە.

ئەمیر منداڵی گەورەی خێزانەکەیەتی و سێ خوشک و برای بچووکی هەیە، ئەو پێشتر کرێکاری کردووە، ماوەیەکیش لە نەخۆشخانەیەک کارگوزار بووە، بەڵام ئێستا گەنجێکی بێکارە، ئەو دەڵێت "ئەوەی لە کارکردنی چەند ساڵی پێشتر دەستمکەوتبوو، بۆ هاوکاریکردنی ماڵی باوکم و دروستکردنی خانوویەک خەرجمانکرد، پاش مارەکردنی خەندەش هەندێک پارەمان مابوو، بەڵام بەهۆی نەخۆشکەوتنی باوکم و دابینکردنی دەرمان و چارەسەرکردنی، ئەویشمان نەما و ئێستا بە خێری خەڵک دەژین". دەشڵێت "خوشک و براکانم بچووکن، بۆیە تەنیا کەسێک بتوانێت شتێک پەیدا بکات، منم، ڕۆژانە لەناو بازاڕ دەستگێڕی دەکەم، چوار پێنج هەزار دینارێکم دەستدەکەوێت، ئەمەش ژیانی خێزانێکی پێ بەڕێوەناچێ".

### گورچیلەی دەفرۆشێت

ئەمیر هیچ کارێکی حەڵاڵ نەماوە تاقینەکاتەوە بۆ دەستکەوتنی پارووە نانێک بۆ خێزانەکەی، لەبەرامبەر مارەکردنی خەندەش، خێزانی کچەکە داوای ئاڵتوونی لێدەکەن. ئەو دەڵێت: "دەبێت 15 مسقاڵ ئاڵتوون بۆ خەندە بکەم، ئینجا خێزانەکەی ڕازی دەبن بچم لە دادگا مارەی بکەم، بۆیە گەیشتمە ئەو بڕیارەی بەناچاری گورچیلەم بفرۆشم، بۆ ئەمەش چەند کەسێکم ڕاسپاردووە تا کڕیاری گورچیلەم بۆ پەیدا بکەن و بیفرۆشم، چونکە هیچ چارەیەکی دیکەم نییە".

### "کچێنیم بەخشی بۆ ئەوەی جیانەبینەوە"

خەندە بەهۆی گوشاری زۆری خێزانەکەی بۆ جیابوونەوەی لە ئەمیر، کچێنی خۆی بە کوڕەکە بەخشیوە، بۆیە بە جیابوونەوەیان، چارەنووسی خەندە لێڵ دەبێ و وەک خۆی دەڵێت ڕەنگە بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە، بۆیە داوای هاوکاری دەکات، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر هاوکاری نەکرێین، ناچارم خۆم بکوژم، بەخشینی کچێنیم بە ئەمیر لەپێناوی جیانەکردنەوەمان بوو، ئێستاش براکانم ڕێگە نادەن مارەم بکات، تەنانەت دەڵێت مادام پارەی نییە ئاڵتوونت بۆ بکات با تەڵاقت بدات".

### "دەسگیرانەکەم ڕزگار بکەن"

ئەمیر و خەندە وەک خۆیان باسی دەکەن، بەجۆرێک ژیانیان لەمەترسیدایە، شەو و ڕۆژیان بووە بە گریان، ئەمیر داوا لە خێرخوازان دەکات هاوکارییان بکەن تا بتوانێت خەندە لەو مەترسییە ڕزگار بکات، ئەو دەڵێت:

"من گەنجێکی دەستوپێ سپی و کارنەکەر نیم، بەڵام هیچ چارەیەکم نییە، هیچ کارێک نەماوە نەیکەم، ئێستا کارم دەستناکەوێت، لەگەڵ نەخۆشی و قەزاوقەدەر هیچ ناکرێت، بەهۆی ئەم بارودۆخەوە حاڵی ئێمە وای لێهات. داوا لە خێرخوازان دەکەم فریامان بکەون، چونکە ئەگەر ئێمە جیاببینەوە دڵنیام ڕۆژێکی ڕەش چاوەڕێمان دەکات".

# لە دهۆک پارێزەرێک دەبێتە پارێزەری تاوانلێکراو و تۆمەتبار

**ناسر عەلی**
**ڕووداو - دهۆک**

قاسم خەلیل، تووشی شۆک بوو، کاتێک بینی پارێزەرەکەی لە هۆڵی دادگا بەرگری لەو کەسە دەکات کە تۆمەتبار بووە بە دزینی پارەکەی. پارێزەرەکەش پێیوایە هەڵەی نەکردووە و دەڵێت ئەو هەڵەیە بەهۆی پارێزەرێکی هاوڕێی ڕوویداوە.



ڕۆژی 2016/9/9 لە کەمپی شاریای شاری دهۆک کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاوارەکانی دەڤەری شنگالە، بڕی شەش ملیۆن دینار و 2100 دۆلار لە ماڵی قاسم خەلیل یوسف دەدزرێ، قاسم لەلای پۆلیس سکاڵا تۆمار دەکات، پاشان دەچێتە لای پارێزەرێک بەناوی بەرەکات عومەر، بۆ ئەوەی لە دادگا بەرگری لە دۆسیەکەی بکات، ئەویش 600 دۆلاری لێوەردەگرێ و پێیدەڵێت دوو پارێزەری بۆ دەگرێ بە ناوەکانی (س.س.ش) و (س.س.ق).

شەریف قاسم کە دزی لە ماڵەکەیان کراوە بە (ڕووداو)ی گوت "دوای دزییەکە گومانمان لە کەسێک هەبوو کە شەو هاتبووە نێو خێوەتەکەمان، بۆیە لەلای پۆلیس سکاڵامان لەسەر تۆمار کرد".

ڕۆژی دادگایی هات، بڕیار بوو سێ پارێزەر بەرگری لە دۆسیەکەی قاسم بکەن، شەریف دەڵێت "ڕۆژی دادگاییەکە چووینە نێو هۆڵی دادگا لە دادگای سێمێل، بەڵام تووشی شۆک بووین، کە بینیمان یەکێک لە پارێزەرەکانی ئێمە بە ناوی (س.س.ش) بەرگری لەو کەسەش دەکات کە دزی لە ماڵەکەی ئێمە کردووە".

سەرەڕای ئەوەی سێ پارێزەریان هەبوو، بەڵام ئەو کەسەی قاسم سکاڵای لەسەر تۆمار کردبوو، بەبێ تاوان دەرچوو، تەنانەت دوای تەمیزکردنەوەی بڕیاری دادگاش دیسان بەبێ تاوان دەرچوو.

کوڕەکەی قاسم پێیوایە بەشێک لە هۆکاری بێ تاوان دەرچوونی تۆمەتبارەکە، بەرگرییەکەی (س.س.ش) بووە، بۆیە لە دادگای سێمێل و دهۆک سکاڵایان لەسەر پارێزەرەکە تۆمار کرد. شەریف گوتی "سکاڵامان لەسەر ئەو پارێزەرە تۆمار کرد، چۆن لە یەک کاتدا پارێزەری ئێمە و ئەو کەسەیە کە سکاڵامان لەسەری تۆمار کردووە، بەڵام دادگا سکاڵاکەی ڕەتکردینەوە، چونکە دەستی زۆر کەس لەنێو مەسەلەکەدا هەبوو".

شەریف لە ڕێگەی (ڕووداو)ـەوە داوا دەکات مافیان نەفەوتێ و دەڵێت "غەدرێکی گەورەمان لێکرا، پارەمان لێ دزرا، سێ پارێزەرمان گرت، 600 دۆلارمان دایە پارێزەر کەچی هیچمان بە هیچ نەکرد، پێویستە ئەو پارێزەرانە سزا بدرێن کە فێڵیان لە ئێمە کرد".

بەڵام پارێزەرەکان ڕەتیدەکەنەوە ئەوان هیچ کەموکوڕییەکیان هەبووبێ و دەڵێن ئەوان کاری خۆیان کردووە. بەرەکات عومەر کە یەکێک بووە لە پارێزەرانی دۆسیەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە هەر سێ پارێزەر بەرگریمان لە دۆسیەکەی کاک قاسم کرد، بەڵام ئەو بەڵگەی تەواوی نەبوو، بۆیە تۆمەتبارەکە بێ تاوان دەرچوو".

گلەیی قاسم لە پارێزەر (س.س.ش)ە بە پلەی یەک کە پارێزەری تۆمەتبارەکەش بووە، بەڵام (س.س.ش) ئەوەی ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "پارێزەر بەرەکات بەبێ ئاگاداری من، ناوەکەی منی لە نێو دۆسیەکەدا دانابوو، لە ڕۆژی دادگایی زانیم کە ناوی منیش وەکو پارێزەری ئەو کەیسە هاتووە، بۆیە من لە دۆسیەکە کشامەوە. تۆمەتبارەکە دوو پارێزەری دیکەی بۆ خۆی گرت و بەبێ تاوان دەرچوو". بەڵام بەرەکات دەڵێت ئەو پێشتر (س.س.ش)ی ئاگادار کردبووەوە کە پارێزەری قاسمە.

تووشی شۆک بووم کە بینیم پارێزەرەکەم بەرگری لە تۆمەتبار دەکات

تاوانلێکراو



# زاواکەی خۆی بە 19 گوللە دەکوژێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

هاوکار محەممەد، تەمەن 34 ساڵ و کەوسەری تەمەن 28 ساڵی خێزانی سەرئەنجام نەگەیشتنە لێکگەیشتن و کەوسەر چووەوە ماڵی باوکی. شەوی 2018/3/1 هاوکار دەستی کچ و کوڕەکەی دەگرێ و بە چەکەکەیەوە بەرەو ماڵی خەزووری دەچێ، بەڵام لەوێ هەر بە چەکەکەی خۆی دەکوژرێ.

هاوکار پێشمەرگە بووە و خاوەنی پێنج خوشک و برایەکی کەمئەندامە، دایک و باوکی لە ژیاندا نەماون، یەکێک لە خوشکەکانی هاوکار کە ئەو شەوە لە ماڵی ئەو بووە، باسی کوشتنی براکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "براکەم نێوانی لەگەڵ براژنەکەم و براکەی باش نەبوو، بەردەوام کێشەیان هەبوو، براژنەکەم پەیوەندی لەگەڵ ئێمەش نەبوو، حەزی بە کەسمان نەدەکرد و هاموشۆی نەدەکردین. تەنانەت برایەکی کەمئەندامامان هەیە، قبوڵی نەدەکرد لەگەڵیان بمێنێتەوە، ئێمەش گوێمان نەدایە و تەنیا بۆئەوەی ماڵی براکەم نەشێوێ، برا کەمئەندامەکەم هێنایە لای خۆم و خزمەتم دەکرد".

ئارەزوو محەممەد، خوشکی هاوکار دەڵێت دەستێوەردانی ژیانی خێزانی، چارەنووسی براکەی بەو ڕۆژە گەیاند "چەندینجار کێشەیان هەبووە و براکەم دەیگوت خەسووم وازناهێنێ، دەبێت هەموو ڕۆژێک کەوسەر ببەم بۆ لایان، ژیانی براکەم تەنیا هاتوچۆی ماڵە خەسووی بوو".

خوشکەکەی هاوکار باس لەوە دەکات کە بەردەوام براکەی و هاوژینەکەی کێشەیان هەبووە "چەندین ساڵە هاوکار و کەوسەر کێشەیان هەبوو، کەوسەر چەند جارێک تۆراوە و چووەتەوە ماڵی باوکی، دواتر ئاشت دەبوونەوە. دواپینجاریش نزیکەی هەفتەیەک پێش ڕووداوەکە بوو، کەوسەر تۆرابوو، براکەم ڕۆیشت بیهێنێتەوە، لەگەڵ کەوسەر و خوشکێکی کەوسەر ڕۆشتبوون بۆ دەرەوە تا قسە بکەن و ئاشت ببنەوە، بەڵام براکانی کەوسەر بەمە ڕازی نەبوون و پەیوەندییان بە هاوکارەوە کردبوو کە خوشکەکەیان بهێنێتەوە، براکەشم بۆ ئەوەی کێشەکە گەورە نەبێت، ئەوانی بردبووەوە".

ئارەزوو لەبارەی ئەو ڕۆژەی براکەی تێدا کوژرا، گوتی "هاوکاری برام ئەو ڕۆژە زۆر بێتاقەت بوو، هاوژینەکەی پەیوەندی پێوەکردبوو دیسان ببووە دەمەقاڵێیان. منیش لێمپرسی چی بووە؟ زۆر تووڕە بوو گوتی کەوسەر قسەی ناشیرینم پێدەڵێت، منیش غیرەتم قبوڵی ناکات، دواتر ڕایکردە دەرەوە، پەلاماری قاچیم دا و لێی پاڕامەوە کە نەڕوات، بەڵام گوێی نەگرت و ڕۆیشت".

هاوکار دەستی منداڵەکانی دەگرێت و کلاشینکۆفەکەشی دەبات و بەرەو ماڵی خەزووری دەچێت. وەک خوشکەکەی باسی دەکات، لەگەڵ گەیشتنی، لەگەڵ دوو برای کەوسەر دەبێتە شەڕیان و یەکێک لە براکانی بەناوی (م.ن) کلاشینکۆفەکە لە هاوکار دەستێنێ و دەستڕێژی گوللەی لێدەکات و 19 گوللە لە سەر و سنگی دەدات. دوای ڕووداوەکە، هەردوو براکەی کەوسەر بە ئۆتۆمبێلەکەی هاوکار هەڵدێن و تائێستاش کەس نازانێت لەکوێ خۆیان حەشارداوە.

بەڵام سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە جۆرێکی دیکە باسی ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت "هاوکار گەنجێکی سەر بەکێشە بوو، پەیوەندی سۆزداریی زۆری هەبوو، ئەمەش هۆکاری ئەوە بووە کە بەردەوام لەگەڵ هاوژینەکەی کێشەیان هەبێت، شەوی ڕووداوەکەش هاوکار لەگەڵ هاوژینەکەی بە تەلەفۆن دەمەقاڵێیان ببوو، هاوکار بە چەکەوە دەچێتە سەر ماڵی خەزووری، لەوێ لەگەڵ ژنبراکانی بووەتە شەڕیان". بەڵام ئارەزوو سوێند دەخوات کە براکەی بەدوور بووە لەو کارانە.

بەگوتەی ئەو خوشکەی هاوکار، براکانی کەوسەر هەفتەیەک پێش ڕووداوەکە بۆ کوشتنی هاوکار داوای چەکیان لە کەسێک کردووە. ئارەزوو گوتی "هەفتەیەک پێش ئەو ڕووداوە، برای کەوسەر چووەتە شوێنی دەوامی براکەم و داوای تفەنگی لە هاوڕێی براکەم کردووە، پێیگوتووە دەمەوێت هاوکار بکوژم، ئەوان پلانی کوشتنیان هەبوو. براکەم مەبەستی کوشتن بووایە تەقەی دەکرد، بەڵام ئەوان پەلاماریان داوە و بە کلاشینکۆفەکەی خۆی کوشتیان".

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر لەبارەی کوشتنی هاوکار بە (ڕووداو)ی گوت: "شەوی 2018/3/1 ئاگادار کراینەوە لە ڕووداوێکی کوشتن لە گەڕەکێکی دارەتوو، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە پیاوێکی تەمەنی 34 ساڵان بەناوی هاوکار محەممەد، لەبەردەم ماڵی خەزووری دەستڕێژی گوللەی لێکراوە و کوژراوە، تۆمەتبارەکانیش کە دوو بران و ژنبرای کوژراوەکەن، بە ئۆتۆمبێلی کوژراوەکە بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵاتوون".

ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی 70 هەزارە

پەرلەمانتارێکی کورد



ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی 150 هەزارە

فەرماندەیەکی حەشد

# یەکسانکردنی مووچەی حەشدی شەعبی و سوپا مشتومڕی ناوەتەوە

**ئاسۆ فیشەگی**
**ڕووداو - هەولێر**

حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق بڕیاری دا دەرماڵە و مووچە و پلە و پۆستی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەگەڵ سوپای عێراق یەکسان بکات، هەروەها مافی بەخۆی دا پۆستی فەرماندەیی لە نێو حەشد بەبێ مەرج ببەخشێ، عەبادی تەنانەت بڕیاری دا خۆبەخش، فەرمانبەری مەدەنی، بانگخوازیش لەنێو ریزەکانی حەشدی شەعبی دابمەزرێنێ.

سەرۆکوەزیرانی عێراق کە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانیشە، ڕۆژی هەشتی ئەم مانگە، چەندین بڕیاری لە بەرژەوەندی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەرکرد. هەندێک لە چاودێران و شرۆڤەکاران، ئەو بڕیارانە بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکەی 12ی ئایاری داهاتووەوە دەبەستنەوە، بەڵام فەرماندەیەکی حەشد دەڵێت ئەوان دەمێکە لیستێک لە داواکارییان ئاراستەی عەبادی کردووە.

هێزەکانی حەشدی شەعبی لە سەردەمی دەسەڵاتی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق و لەسەر فتوای ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، بەناوی شەڕکردن لە دژی چەکدارانی داعش دامەزران. لە تشرینی دووەمی 2016 لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە وەکوو بەشێک لە هێزە ئەمنییەکانی عێراقی پەسەند کران. هەنگاوەکانی حەشد لە سێ ساڵی ڕابردوودا دەریدەخەن ئامانجی دامەزراندنی ئەو هێزە لە تێکشکاندنی داعشدا کورت نابێتەوە.

حەیدەر عەبادی لە بڕیارەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە دەستەی حەشدی شەعبی سەرۆک و جێگری سەرۆکی هەیە. لە نێو هێزی حەشدی شەعبی فەرماندەی ناوچەکان، فەرماندەی یەکەکان، فەرماندەی هێزە شەڕکەرەکان، فەرماندەی گرووپە شەڕکەرەکان، فەرماندەی مەفرەزە دەبێت. بڕیاریشی دا ئەو چەکدارانەی حەشدی شەعبی کە شایەنی خانەنشینکردنن، خانەنشینیان بکات.

مەرجەکانی سەرۆکوەزیرانی عێراق تایبەت بە ئەندامبوون لە حەشدی شەعبی، زۆر لە مەرجەکانی بوون بە سەرباز لە ریزەکانی سوپای عێراق دەچن لە ڕووی تەمەن و بڕوانامە و تەندروستی و ڕابردووەوە. هەروەها فەرمانبەرە مەدەنییەکانی نێو حەشدی شەعبی یاسای فەرمانبەرانی مەدەنی عێراق دەیانگرێتەوە. پێدانی پلە و پایە و خانەنشینکردنی ئەندامانی حەشدی شەعبی بەپێی یاسای خزمەت و خانەنشینکردنی سەربازیی عێراق دەبێت. هەر بەپێی بڕیارەکەی عەبادی، کارمەندانی حەشدی شەعبی لە کۆلێژ و پەیمانگە سەربازییەکان وەردەگیرێن.

کەریم نووری کە فەرماندەیەکی حەشدی شەعبییە، ئاماژە بە بڕیارەکەی عەبادی دەدات و دەڵێت "ئەم بڕیارە دیوانییە مافێکی سروشتی ئەو شەڕکەرانەیە. منەت و چاکەی کەس نییە بەرامبەریان، داواکارییەکان نزیکەی ساڵێکە جەخت لەسەر گرنگیی یەکسانکردنی ئەمان دەکەنەوە لەگەڵ هاوتاکانیان لە هێزە چەکدارەکان".

کەریم نووری بە گومانەوە لە بڕیارەکانی عەبادی دەڕوانێ و دەڵێت "هیواداریین تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز نەبێ، پێویستە بە کردار جێبەجێ بکرێ. ئێمە نامانەوێ لەسەر نیازەکان بڕیار بدەین و چاوەڕوانی کردار دەبین".

ئەگەرچی بەشێک لە چاودێران پێیانوایە ئەو بڕیارانەی عەبادی تەنیا پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنن و بۆ ڕاکێشانی سۆزی حەشدی شەعبییە، بەڵام کەریم نووری ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە و گوتی: "نابێ هەموو کارێک کە لە بەرژەوەندی حەشدی شەعبی بێت بە هەڵبژاردنی ببەستینەوە، ئێمە دەمانەوێ شایستە و مافەکان بدرێن جا ئەگەر بۆ مەبەستی هەڵبژاردن بێت یان نا ئەوە گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە مافی ئەو برایانە بدرێت".

بە گوتەی کەریم نووری، ژمارەی ئەندامانی هێزەکانی حەشدی شەعبی گەیشتووەتە 150 هەزار کەس.

مووچەی سەربازێکی سوپا لە 900 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات، بەڵام مووچەی چەکدارێکی ئاسایی حەشدی شەعبی لە 500 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات.

ئەندامێکی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە ئەو بڕیارەی عەبادی لەو کاتەدا تەنیا پروپاگەندەی هەڵبژاردنە.

شاخەوان عەبدوڵڵا، لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "حەیدەر عەبادی ئەو پرسە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێنێ، چونکە کاتێک یاسای حەشدی شەعبی لە پەرلەمان دەرچوو، عەبادی ئەو ئیمتیازاتانەی نەدا، بە بیانووی ئەوەی کەموکوڕیی زۆری هەیە. یەکێک لەو کەموکوڕییانە پرسی ئیمتیازاتە کە لە یاساکەدا دەستنیشان نەکراوە، عەبادی گوتی دەبێ بگەڕێندرێتەوە پەرلەمان و گۆڕانکاری تێدا بکرێت، کەچی ئێستا بە بڕیارێکی دیوانی هەم هەیکەلی دەستنیشان کرد و هەم ئیمتیازاتیان".

بەبڕوای شاخەوان عەبدوڵڵا، یەکێک لە هۆکارەکانی دەرکردنی ئەو بڕیارەی عەبادی گوشاری لیستی فەتحی حەشدی شەعبی بوو کە دوای پەسەندکردنی بودجە ڕەخنەی زۆری لە عەبادی گرت و هەڕەشەی جوڵاندنی شەقامی کرد ئەگەر مووچە و ئیمتیازاتی حەشدی شەعبی لەگەڵ مووچە و ئیمتیازاتی سوپا هاوتا نەکرێت.

شاخەوان عەبدوڵڵا دەڵێت: "پێموایە عەبادی بڕیاری وا بە پەلە جێبەجێ ناکات و تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە بۆ ئەم دوو مانگە. دوای دوو مانگەکە ئەگەر هەیە پێداچوونەوەی پێدا بکرێتەوە، بۆیە ئەمەی عەبادی دەیکات دووفاقییە".

سەبارەت بە ژمارەی ڕاستەقینەی حەشدی شەعبی، شاخەوان عەبدوڵڵا گوتی: "بەپێی ئامارەکانی لای ئێمە هێزەکانی حەشدی شەعبی نزیکەی 70 هەزار دەبن، بەڵام لە بودجەدا 120 هەزار چەکداریان بۆ جێگیرکردوون، کەچی لە کاتی مووچە ئەوان مووچەی 150 هەزار چەکدار وەردەگرن".

ئەو مەرجانەی عەبادی دایناون بۆ پێدانی ئیمتیاز بە حەشدی شەعبی، بە دڵی هەموو حەشد نەبوو، بە تایبەتی عەسایبی ئەهلی حەق. شاخەوان عەبدوڵڵا لەو بارەیەوە دەڵێت: "لەبەرئەوەی عەبادی لە بڕیارەکەی مەرجێکی داناوە کە دەبێ لە چوارچێوەی لیواکان و سیستمێکی نوێ مووچە وەربگرن، ئەوکات شتێک نامێنێت بە ناوی گرووپەکانی حەشدی شەعبی وەکو عەسائیبی ئەهلی حەق یاخود بەدر، دەبێتە لیوای 99. ئەو هێزانەش چیدی ئینتیمایان بۆ حیزبەکانیان نامێنێ، بۆیە ئەوە مەرجێکی زۆر قورسە و حەشدەکان بۆ ئیمتیازات ئەوەیان دەوێ، بەڵام حیزبەکانیان لەگەڵ ئەوە نین، چونکە ژمارەی ڕاستەقینەیان ئاشکرا دەبێ".

## پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستانیش هەبووە

# ئەمریکا لێپرسینەوە لە پیاوەکەی مالیکی دەکات

**ڕووداو - هەولێر**

ساڵی 2012، بازرگان و نێوانگیرێکی لوبنانی ڕێککەوتنێکی کڕینی چەکی لە ڕووسیا بۆ عێراق ڕێکخست، هەر ئەو ڕێککەوتنەش ناکۆکیی نێوان دامەزراوە ئیدارییەکانی حکومەتی ئەوکاتی عێراقی دەرخست. ئێستاش هەمان بازرگان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی دەستتێوەردانی ڕووسیا لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لێپرسینەوەی لێدەکرێت.

جۆرج نادر لە ساڵی 2012 سەردانی مۆسکۆی کرد و لەوێ خۆی وەکوو نوێنەری نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق ناساند. دوو بەرپرسی حکومەتی عێراق بۆ ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر) یان ئاشکرا کردووە کە جۆرج نادر بە لایەنی ڕووسی گوتبوو گرێبەستی فرۆشتنی چەکی ڕووسیا بە عێراق دەبێت لە ڕێگەی ئەوەوە بکرێت. ئەو کات وەزارەتی بەرگریی عێراق سەرقاڵی دانوستاندن بووە لەگەڵ مۆسکۆ بۆ ئەوەی گرێبەستەکە بکەن، کەسیشیان ئاگایان لەوە نەبووە کە مالیکی دەیەوێت بە هاوکاریی جۆرج نادر کەناڵێکی نوێ بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕووسەکان بکاتەوە.

مالیکی لە تشرینی یەکەمی 2012 سەردانی مۆسکۆی کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، گرێبەستەکە واژۆ بکەن. یەکێک لە سەرچاوە عێراقییەکان دەڵێت خۆی بە شەخسی ئاگای لە قسەکانی مالیکی و نادر بووە.

جۆرج نادر لە ناوەڕاستی دوو هەزارەکانەوە تاوەکو کۆتایی دەسەڵاتی مالیکی لە 2014 ڕۆڵی نێوانگیری بۆ عێراق بینیبوو. پاشان ڕووی لە ئیماراتی عەرەبی کرد و لەوێ وەکو ڕاوێژکاری شازادە محەممەد بن زاید، شازادەی جێنشینی ئەبوزەبی، دەستبەکار بوو، هەر بەو ناوەشەوە لە نێوان ساڵانی 2016 بۆ 2017 لەگەڵ ئەندامانی ئێستا و پێشووی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، کۆببووەوە، بۆیەش ئێستا لە لایەن نووسینگەی فیدراڵی بۆ لێکۆڵینەوە (FBI) لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت و دەستبەسەرە.

### لە ڕۆژنامەڤانەوە بۆ نێوانگیری نێودەوڵەتی

جۆرج نادر ساڵانی هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (Middle East Insight) بوو، ئەو کات لەگەڵ بیل کلینتن، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا و عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەڤپەیڤینی کردبوو. هەر لەو سەردەمەدا لەسەر داوای ئیدارەی کلینتن بووە نێوبژیوانی دانوستاندنە نافەرمییەکانی ئیسرائیل و سووریا.

بازرگانە لوبنانییەکە لە ڕێگەی فاروق شەرع و وەلید موعەلیم، وەزیرانی دەرەوەی پێشوو و ئێستای سووریاوە، پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی حافز ئەسەد هەبوو. مارتن ئیندیک، یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەی ئیدارەی کلینتن بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێت: "ئەو زوو زوو دەچوو بۆ ئیسرائیل، تەنانەت هەڤپەیڤینێکیشی لەگەڵ شەرع بۆ ڕۆژنامەنووسێکی ئیسرائیلی ڕێکخست، بۆ ئەوەی متمانەی نێوان ئیسرائیل و سووریا گەشە بکات". بەگوتەی ئیندیک "لەگەڵ کۆتایی ماوەی ئیدارەی کلینتن، نادریش دیار نەما".

هیشام مولحیم، ڕۆژنامەنووسی لوبنانی دەڵێت: "دوایینجار کە گوێم لە نادر بووبێت دوای هێرشەکانی 2003ی ئەمریکا بوو بۆ سەر عێراق، ئەو کات لە کوردستانەوە تەلەفۆنی بۆ کردم، بەڵام نەمدەزانی محەممەد بن زاید چ پێویستییەکی بەو هەیە، لە کاتێکدا باڵیۆز یوسف عوتەیبە لە عێراق بوو".

### هاتنە ناو کێشمەکێشی عێراق

جۆرج نادر لە نێوەڕاستەکانی ساڵانی سەدەی نوێوە ڕووی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق کرد و دەیویست ئەزموون و پەیوەندییە کۆنەکانی خۆی بۆ ڕاوێژی کوتلە سیاسییە جیاجیاکانی عێراق بەکاربهێنێ، بەتایبەتیش شیعەکان و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان.

دوو سەرچاوە عێراقییەکە بە (ئەلمۆنیتەر)یان ڕاگەیاند کە جۆرج لە 2005 سەردانێکی واشنتنی بۆ ئەندامانی پلەبەرزی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عێراق ڕێکخست. یەکێک لە سەرچاوەکانیش ئاشکرای کردووە نێوانگیرە لوبنانییەکە لە ساڵی 2010دا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئیماراتی عەرەبی بۆ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕێکخستووە، یەکێک لەو بەرپرسە باڵایانەش کە بارزانی چاوی پێیکەوتبوو، شازادەی جێنشین بوو.

سەرچاوە عێراقییەکەی دیکە دەڵێت جۆرج هیچکات نەیتوانی جێی خۆی لە دڵی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکاتەوە "هەرچەند ئەوە نادر بوو کە کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ محەممەد بن زاید و سەعد حەریری (سەرۆکوەزیرانی لوبنان) ڕێکخست"، سەرچاوەکە دەڵێت ئەو کات سەبارەت بە جۆرج هۆشداری بە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، جۆرج نادر لە 2012 پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ نووری مالیکی و ئەحمەدی کوڕی دروستکرد، ئەوکات ئەحمەد بریکاری سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بوو. بە گوتەی بەرپرسێکی پێشووی عێراق، جۆرج بۆ پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لەگەڵ ئەحمەد کاری دەکرد، هەر ئەو هاوکارییەش وایکرد جۆرج بێتە نێو بازنەی بڕواپێکراوانی نووری مالیکی و دواتر لە گرێبەستەکانی کڕینی چەک لە ڕووسیا پشتی پێ ببەسترێت.

لە ئابی 2012 سەعدون دلیمی، وەزیری بەرگریی ئەوکاتی عێراق، 24 ڕۆژ لە مۆسکۆ مابووەوە بۆ ئەوەی ڕێککەوتنە 4.2 ملیار دۆلارییەکە لەگەڵ ڕووسیا تەواو بکات. بە گوتەی بەرپرسەکەی پێشووی حکومەتی بەغدا، لە ماوەی دانوستاندنەکەدا یوری شەفرانیک، وەزیری پێشووی وزەی ڕووسیا، نامەیەکی بۆ شاندە عێراقییەکە ناردبوو تێیدا باسی ئەوەی کردبوو کە شاندێکی دیکەی عێراقی لە مۆسکۆن و دەڵێن



جۆرج نادر نەیتوانی جێگەی خۆی لە دڵی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکاتەوە

ئەوان نوێنەرایەتی حکومەتی مالیکی دەکەن، نەک وەزیری بەرگری، بۆیەش گرێبەستەکە دەبێت لەگەڵ ئەوان بکرێ.

شەفرانیک لە تشرینی یەکەمی 2012 سەردانی بەغدای کرد، لە سەردانەکەدا پەیامێکی پوتینی بە سەرۆکوەزیرانی عێراق دابوو کە تێیدا پێشنیازی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان خۆی و مالیکی کردبوو، بۆ ئەوەی "ڕێگە لە دزەکردنی زانیاری بگیرێت و ئەو شتە نادروستانەش دووبارە نەبنەوە"، بەڵام ئەمە وای نەکرد جۆرج نادر لە مەسەلەکان بچێتە دەرەوە.

مالیکی لە تشرینی یەکەمی 2012 سەردانی مۆسکۆی کرد، شاندە عێراقییەکە لە هۆتێلی ڕادیسۆنی مۆسکۆ دەمانەوە. سەرچاوەکەی (ئەلمۆنیتەر) لەوێش چاوی بە جۆرج کەوتبوو کە بەرەو نهۆمی نیشتەجێبوونی مالیکی دەچوو. بەرپرسەکە دەڵێت: "کاتێک وەزیری بەرگری هاتە نهۆمی یەکەم، پرسیارم لێکرد جۆرجی بینیوە، ئەویش گوتی بەڵێ بینیم کە بەرەو سویتی مالیکی دەچوو". ئەوکات شاندەکەی وەزارەتی بەرگری بۆیان دەرکەوتبوو کە شاندە سێ کەسییەکەی مانگی ئابیش هەر سەر بە بازنەی مالیکی بوون "یەکێک لەو سێ کەسەش جۆرج بوو". کۆنە بەرپرسەکە دەشڵێت: "زانیم مەسەلەکە بۆ پەیوەندیی جۆرج نادر و کوڕەکەی مالیکی دەگەڕێتەوە".

لە ڕۆژی 10ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ، وەزیری بەرگریی عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند کە بەهۆی گومانی هەندێک گەندەڵییەوە ڕێککەوتنەکەی نێوان ڕووسیا و عێراق ڕادەگیرێت. هەر ئەو کاتیش نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق وێڕای پشتڕاستکردنەوەی گومانی گەندەڵی لە گرێبەستەکە، ڕایگەیاند کە ڕێککەوتنەکە لە شوێنی خۆی ماوە، بەڵام پێویستی بە دانوستاندنی دووبارە هەیە.

پاش تەواوبوونی ماوەی دەسەڵاتی مالیکی، جۆرج نادر بارگەی بەرەو ئیمارات تێکنا. ئێستاش FBI بەنیازە سەبارەت بەو ڕاپۆرتانە پرسیاری لێبکات کە باس لە هەڵڕژانی پارەی ئیماراتی بۆ ئەندامانی ئیدارەی ترەمپ دەکەن، ئەمەش وەکوو هەوڵێک بۆ ئەوەی نفوزیان لە کۆشکی سپیدا زیاتر بێت، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە ئیمارات لەگەڵ قەتەردا کێشەی گەورەی هەیە.

# نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەردی ژنان سەختتر دەکەن

سەروەر سالار
رووداو - سلێمانی

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ڕاگەیێنراوێکی نوێدا داوا دەکات لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و مافە تەندروستییەکاندا، ڕەچاوی یەکسانیی جێندەری بکرێ و ژنانیش هاوتای پیاوان لە هەموو ماف و خزمەتێکی تەندروستی بەهرەمەند بن، ئەوە لەکاتێکدایە کە وەکو پزیشکان و چالاکڤانانی ژن لە کوردستان دەڵێن، ژنی کورد هێشتا گیرۆدەی نەریت و ڕێگرییە کولتوورییەکانە و بەوهۆیەوە دەرد و نەخۆشییەکانی سەختتر بووە.

هەفتەی ڕابردوو ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕاگەیێنراوێکی بڵاوکردەوە سەبارەت بە خانمان و مافەکانیان لە سیستەمە تەندروستییەکاندا، تێیدا هاتبوو "ئێمە هیوا بۆ جیهانێک دەخوازین کە تێیدا هەموو ئافرەتێک چاودێرییەکی تەندروستیی ئاستبەرزی هەبێ، جیهانێک کە ژنان بە سەربەستی لە مافە تەندروستییە سێکسی و زایەندییەکانیان بەهرەمەند بن".

ڕێکخراوەکە دەڵێ ژن مافی خۆیەتی پلان بۆ دووگیانبوون دابنێ یان ڕێگا لە دووگیانبوون بگرێ، دەبێ خزمەتی تەندروستیی دووگیانی بۆ دابین بکرێ، بەڵام پزیشکانی کوردستان دەڵێن زۆر مافی لەوانە بنەڕەتیتر هەن و هێشتا ژنی کورد لێیان بێبەشن.

دکتۆر گۆڤار ئەبووبەکر، پزیشکی هەناو دەڵێ: "ژنێک هۆشیار نەبێ دەربارەی تەندروستی و جەستەی خۆی، چۆن دەزانێ پێداویستی و مافە تەندروستییەکانی چین؟". ئەو دەڵێت: "باری کۆمەڵایەتی و ئاینی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕێگە نادەن پزیشک بە ڕاشکاوی باسی تەندروستی سێکسیی ژنی کورد بکات".

هەرچی د. هەوری محەممەد ئەمین، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵبوونە، دەڵێ "مافی لەباربردن زۆر پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی ئێمە ئاسان نییە و هێشتا شتی گرنگتر و سادەتر هەن پشتگوێ خراون".

پزیشکە پسپۆڕەکەی ژنان دەڵێ سەرەتا با ژنی کورد شەرم نەکا لەوەی باسی مایەسیرییەکەی، دروستبوونی گرێ لە مەمکی بکات، با بە کراوەیی باسی گرفتەکانی سووڕی مانگانەی بکات "خانمی بەتەمەنم بینیوە لە تەمەنی 65 ساڵی خوێنی دامێنی هەبووە، زانیویشیەتی ئەمە ئاسایی نییە، بەڵام شەرمی کردووە سەردانی پزیشک بکات و باسی بکات، کاتێک هات کە ئیدی شێرپەنجەی منداڵدان بە جەستەیدا بڵاوەی کردبوو، ئیدی چارەسەری مەحاڵ بوو".

پزیشکێکی ئافرەت پێیوایە گرفتە تەندروستییەکانی خانمانی کوردستان دوو ڕەهەندیان هەیە، بەشێکیان حکومەت و بەشێکیان کۆمەڵگە لێی بەرپرسە.

دکتۆرە ڕێزان هەردی، پزیشکی پسپۆڕی فریاکەوتنی خێرا و بەرپرسی هۆبەی پێشوازیی نەخۆش لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت: "خزمەتی تەندروستی، بەشێوەی گشتی خراپە. لەولاشەوە تەندروستیی تاکی کورد و بەتایبەتی خانمان لە ئاستێکی نزمدایە. واتە هەردوولا حکومەت و هاووڵاتی بەرپرسیارن، هەر خۆی پزیشک و کەرتی تەندروستی کەمترین کاریان لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی تەندروستی تاکی کۆمەڵگا کردووە".

> ژن هەبووە، باسی نەخۆشییەکەی نەکردووە تاوەکو گەیشتووەتە ئاستێکی کوشندە
>
> پزیشکێک



## ژنان ناچنە لای پزیشکی پیاو

د.ڕێزان دەڵێ ژنی کورد تا زۆریان بۆ نەیەت ئامادەنین جەستەی خۆیان پێشانی پیاو بدەن "ئەگەر خانمێک بەهەر هۆکارێک بێت بۆ نموونە، ئازاری مایەسیری یان هەوکردنی مەمک سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بکات، ئەگەر پزیشکەکە پیاو بێت خۆیانی پێشان نادەن، یان کە دێن درەنگ دێن، چونکە شەرم دەکەن، ئیدی کار دەگاتە ئەوەی کە زۆریان بۆ دێت و حاڵەتەکە ئاڵۆز دەبێت و دەبێتە حاڵەتی کتوپڕیی نەشتەرگەری، لەکاتێکدا ئەگەر زوو بهاتایە، چارەسەری ئاسانتر بوو".

بەڵام وەک ئەو پزیشکە تێبینی کردووە، کەمترین پزیشکی ژن لە بواری نەشتەرگەری و لە بواری فریاکەوتنی خێرا کار دەکەن لە کاتێکدا زۆر گرنگە لەوێش پزیشکی ژن زۆر بن، چونکە خانمێک وەک مرۆڤێک بۆی هەیە تووشی مایەسیری و هەوکردنی میزەڵدان و مەمک ببن و خوازیار بن پزیشکێکی ژن بیانبینێ و چارەسەریان بکات. "بەداخەوە خانمە پزیشکەکانیش زۆرتر کار لە بەشی منداڵبوون و ژنان دەکەن. ڕاستە ئەوە بەشێکی زۆر زۆر گرنگە، بەڵام ئەوە تەنیا گرفتێک نییە کە خانمان ڕووبەڕووی دەبنەوە. بۆیە پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێ کە پزیشکانی ژن بچنە هەموو پسپۆڕییەکانەوە".

د.ڕێزان هەردی بە گرنگی دەزانێت کار لەسەر ئەوە بکرێت کە چەندین پزیشکی پیاو و ژن لە یەک کاتدا لە شوێنە هەستیارەکان کار بکەن، تاوەکوو بتوانن نەخۆشەکان دابەش بکرێن و یەک یەک ببینرێن، تاوەکو تایبەتمەندێتی خانمان بپارێزرێت و ئەگەر پزیشکی ژن لەوێ بوو، خانمەکە ئازاد بێ لەوەی داوا بکات ژنەکە پشکنینی بۆ بکات".

سەبارەت بە کارمەند و پەرستارەکانیش، ڕێزان هەردی دەڵێت: "پێویستە کارمەندی ژن سۆندەی میز بۆ خانمێک دابنێت و هێڵکاری دڵی بۆ بکات. هەرچەندە هەندێک ئەمە بەدواکەوتن دەزانن، بەڵام من بە پاراستنی تایبەتمەندێتیی کەسایەتی مرۆڤەکانی دەبینم. بەهەمانشێوە بە ڕاستی نازانم خانمە کارمەندێک هێڵکاریی دڵ بۆ پیاوێک بکات و سۆندەی میزی بۆ دابنێ".

# ئاژەڵ چۆن نەخۆشمان دەخات؟

رووداو- ئاژانسەکان

هەموو کەسێک ئەگەری هەیە لە ئاژەڵەماڵییەکانەوە نەخۆش بکەوێ، بەڵام هەندێک چین و توێژ لەوانە منداڵان، ئەوانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە، هەروەها خانمانی دووگیان مەترسییەکی زیاتریان لەسەرە کە لەو ئاژەڵانەوە ڤایرۆس، بەکتریا و کەڕووەکانیان بۆ بگوازرێتەوە، چونکە بەرگریی جەستەیان لاوازە.

**ڕێگا سەرەکییەکانی گواستنەوە ئەمانەن:**

1- مامەڵەی نزیک لەگەڵ ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ
2- بەرکەوتنی گیانەوەرە ماڵییەکان، وەکوو سەگ و پشیلە
3- بەرکەوتن لەگەڵ ئەو خاک و ئاوەی ئاژەڵەکان پیسیان کردووە
4- خواردنەوەی شیری پاستۆرەنەکراو
5- خواردنی گۆشتی نەکوڵاو
6- هێلکەی نەکوڵاو

**ڕێگاکانی خۆپاراستن:**

1- پەیڕەوکردنی بنەما جێگیرەکانی خاوێنی، وەکوو دەستشووشتن لەکاتی پێویست
2- لەبەرکردنی جلی ئەوتۆ کە زۆربەی جەستە داپۆشێت
3- کوتان و چارەسەرکردنی ئاژەڵە ماڵییەکان

**ئەمانە هەندێک نموونەن:**



### 1 پشیلە و سەگ:

بەکتریای "کۆمپایلۆباکتەر" بۆ مرۆڤ دەگوازنەوە کە دەبێتە هۆی سکچوون و ڕشانەوە. پشیلە بەوەش ناسراوە کە بەکتریای سالمۆنێللا دەگوازێتەوە کە دەبێتە هۆی گرانەتا و هەوکردنی جۆراوجۆر. دەردەپشیلەش لە پشیلەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە و هۆکارێکی لەبارچوونی منداڵە لە خانماندا.



### 2 خشۆک و وشکاوەکییەکان:

ئەمانیش بەکتریای "کۆمپایلۆباکتەر" دەگوازنەوە. توێژینەوەیەک سەلماندوویەتی 11%ی حاڵەتەکانی گواستنەوەی ئەو بەکتریایە لە کەسانی خوار تەمەنی 21 ساڵدا لە بۆق و کیسەڵ و ماری ماڵییەوەن.



### 3 تووتی و کۆتر:

کۆتر و تووتییەکان نەخۆشیگەلێک دەگوازنەوە کە لە منداڵ و پیرەکاندا مەترسیدارن. ئەو بەکتریایانەی لەلایەن کۆتر و تووتییەوە دەگوازرێنەوە بە کلامیدیا ناسراون. هەندێکجار جیقنەی وشکەوەبووی ئەو باڵندانە بەهۆی باوە هەڵدەگیرێن و لە ڕێگەی هەواوە بەکتریاکە بۆ خەڵک دەگوازرێتەوە.



### 4 مێشوولەی حەشاردراو:

هەندێکجار کەرەستەی لەنگە و تەنانەت نوێش کە لە ناوچەکانی بڵاوبوونەوەی تای دانکەوە باردەکرێن، مێشوولەی هەڵگری ئەو نەخۆشییەیان تێدایە و کاتێک لە وڵاتی میوان بەرەڵڵا دەبن، نەخۆشییەکە دەگوازنەوە بۆ خەڵکی.



### 5 سەگ و ڕێوی:

دەکرێ لە ڕێگەی گەستنەوە ڤایرۆسی کوشندەی هاری بۆ مرۆڤ بگوازنەوە، بەڵام کوتانی سەگ لە دژی ڤایرۆسەکە ئەو مەترسییە کەم دەکاتەوە.

***دەکرێ ژیان لەگەڵ ئاژەڵ سوودی هەبێ؟**

توێژینەوە هەن دەریانخستووە ئەو منداڵانەی سەگ و پشیلە لە نزیکیان دەژین، کەمتر تووشی هەستەوەری و ڕەبۆ دەبن. لە کەسانی پێگەیشتووشدا ژیان لەگەڵ ئاژەڵە ماڵییەکاندا دەروون ئارام دەکاتەوە و دژی دڵەڕاوکێ و گوشاری دەروونییە.

***چۆن مەترسیی ئاژەڵی ماڵی کەم بکەینەوە؟**

دەبێ ماوە ماوە پێشانی پزیشکی ڤێتەرنەری بدرێن و کوتانی پێویستیان بۆ بکرێ. هەموو جارێکیش دوای دەستدان لە ئاژەڵەکان، بە باشی دەستەکانمان بشۆین.

# چەند ڕاستییەک لەبارەی گورچیلە

رووداو – ئاژانسەکان

گورچیلە یەکێک لە ئەندامە هەرە گرنگەکانی جەستەی مرۆڤە، ڕۆڵی پاڵاوگە لەنێو لەشی مرۆڤدا دەبینن، لێرەدا چەند ڕاستییەک لەبارەی گورچیلەوە دەخەینەڕوو.



1- هەر گورچیلەیەک 11 - 12 سەنتیمەتر درێژە و بارستاییەکەی 140 گرامە و قەبارەکەی نزیکەی مستەکۆڵەیەکە.

2- گورچیلەکان لە ماوەی 24 کاژێردا 225 لیتر خوێن دەپاڵێون کە بە 225 کیلۆمەتر بۆڕیدا دەڕۆن.

3- گورچیلەکان هەر 30 خولەک جارێک خوێن پاڵفتە دەکەن و 1%ی قەبارەکەی دەکەن بە میز.

4- یەکەم نەشتەرگەریی سەرکەوتووی چاندنی گورچیلە ساڵی 1954 ئەنجامدرا، پێشتر لە 1933 ئەنجامدرا، بەڵام شکستی هێنا.

5 - گورچیلەی ڕاست بچووکترە و شوێنەکەی نزمترە بەراورد بە گورچیلەی چەپ.

6 - ئەو کەسەی بە یەک گورچیلەوە لەدایک دەبێ، گورچیلەکەی هێندەی دوو گورچیلە گەورە دەبێ بە تێپەڕینی کات، واتە یەک گورچیلەکە کێشی دوو گورچیلەی دەبێ!

7- لە زیاتر لە 75%ی خەڵکیدا، یەک گورچیلە دەتوانێ زۆر ئاسایی کاری خۆی بکات، ئەگەر ئەوی دیکەش لاببرێ.

8 - گورچیلە بەرپرسە لە چالاککردنی ڤیتامین دی لە جەستەدا.

9- لەباری ئاساییدا گورچیلە ڕۆژانە 1-2 لیتر میز دروست دەکات،-10 چواریەکی وێنی لەش لە دڵەوە دەنێردرێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیگورچیلە.

# منداڵەکەت تووشی پەتا بووە یان هەستەوەری؟



رووداو – ئاژانسەکان

کۆتایی زستان و سەرەتای بەهار، وەرزی زیادبوونی حاڵەتەکانی هەستەوەری (حەساسیە)ی منداڵانە، بۆیە گرنگە نیشانەکانی بزانن، چونکە زۆر لە نیشانەکانی هەڵامەت دەچن و ئەگەر هۆشیاری پێویستتان نەبێ بە هەڵە چارەسەریان دەکەن.

لە هەریەکە لە هەستەوەری و هەڵامەتدا منداڵ تووشی کۆکە، پژمین، سووربوونەوە و ئاولێهاتنی چاو و لووت دەبن.

لە هەڵامەتدا ئەو نیشانانە بە هێواشی دەردەکەون و چەند ڕۆژێک بەردەوام دەبن، زۆرکات لەگەڵیاندا پلەی گەرمیی لەش بەرز دەبێتەوە، هەروەک لە سەرەتای هەڵامەتدا دەردراوی لووت ڕوون و ئاوییە، کەچی دوای چەند ڕۆژێک خەست دەبێتەوە و ڕەنگی بۆ سەوز و زەرد دەگۆڕێ.

بەڵام هەستەوەری، بە خێرایی دەردەکەوێت و لە ماوەیەکی کورتدا نیشانەکان دەگەنە ئەوپەڕی توندییان و لە چەند دۆخێکی تایبەتدا دەردەکەون، وەک بەرکەوتن و نزیکبوونەوە لە هەندێک ڕووەک و گوڵی دیاریکراو، یان مووی ئاژەڵ و تەپوتۆزی نێوماڵ و خواردنی هەندێک خۆراک. بەدرێژایی نەخۆشییەکەش دەردراوی لووت هەر بە ڕوونی و بێڕەنگی دەمێنێتەوە.

باشترە هەموو نیشانەکان و کاتی ڕوودان و ماوەی بەردەوامییان و ئەو هۆکارانەی باشتر و خراپتریان دەکەن تۆمار بکرێن و کاتێک منداڵ دەبرێتە لای پزیشک پیشانی بدرێن، تاوەکو بە وردی و زانستییانە دەستنیشانی حاڵەتەکە بکات و هەوڵی چارەسەرکردنی بدات.



# تورکیای ئەردۆغان.. لە هێزی نەرمەوە بەرەو جوڵاندنی سوپا

**جێگری سەرۆکی جەهەپە:**

ئێستا تورکیا جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی نییە

**محەممەد بن سەلمان:**

تورکیا هێزێکی نەگریسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە

**رووداو- هەولێر**

هەفتـەی رابـردوو تـۆڕی تەلەڤزیۆنـی (MBC) بڕیـاری دا پەخشـی دراما تورکییـەکان رابگرێـت. تاوەکـو ئێسـتا دیـار نییە کـێ ئـەو بڕیـارەی داوە، بەڵام ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و سـعودیە بەهۆی قەیرانی قەتەر بە هۆکاری ئـەو ئاڵۆزبوونـە دەزانرێـت. ئـەو رووداوە هاوکاتـە لەگـەڵ هێرشـی تورکیـا و هێزە لایەنگرەکانی بۆ سـەر عەفرین لە رۆژئاوای کوردسـتان. هەرچەنـدە ئـەو دوو رووداوە پێکەوە نەبەستراونەتەوە، بەڵام هەردووکیان پێکەوە گوزارشت لە وەرچەرخانێکی گەورە لە سیاسەتی تورکیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن. واتە تورکیا دەسـەڵاتی کولتووریی خۆی بۆ دەسـەڵاتی سـەربازی لـە وڵاتانی عەرەبیدا گۆڕیوەتەوە.

تاوەکو پێـش دەسـتپێکردنی "بەهاری عەرەبـی" تورکیا وەکـوو نموونەی وڵاتێک سـەیر دەکـرا کـە توانیویەتی ئیسـلام و دیموکراسـی لەناو سیسـتەمێکی سیاسیدا ئاشـت بکاتـەوە، هەروەها بـە وڵاتێکیش دەزانـرا کـە بـە پێچەوانـەی زلهێزەکانـی ناوچەکە (لەوانەش سعودیە و ئێران) هەوڵی بەکارهێنانی ئامرازە کولتوورییەکان "هێزی نـەرم" دەدات بـۆ ئـەوەی هەژموونی خۆی لەناوچەکـەدا بسـەپێنێ. بـەڵام لە حەوت سـاڵی رابردوودا، ئەنقـەرە بەرەبەرە رووی کردە بەشـداریی سـەربازی لە کێشـەکانی ناوچەکەدا.

لە 10 ساڵی رابردوودا دراما تورکییەکان یەکێک لـەو ئامرازانە بوون کـە هەژموونی کولتووری تورکیایان لـە جیهانی عەرەبیدا چەسـپاندووە، تەنانەت وەکوو رێگەیەک بۆ پەرەپێدانی کرانـەوەی زیاتری کولتووری و شێوازی ژیان لە وڵاتانی کەنداو سەیرکراون. دراما تورکییـەکان هۆکارێکیـش بوون بۆ ئەوەی هـەزاران گەشـتیار و وەبەرهێنەری عەرەبی کەنداو ساڵانە روو لە تورکیا بکەن.

رەجـەب تەیـب ئەردۆغـان، سـەرۆککۆماری تورکیا، هیچکات تموحی خۆی بۆ زیندووکردنەوەی خەونی ئیمپراتۆریی عوسـمانی نەشاردووەتەوە. تەنانەت بەشـێک لەو درامایانەش کە لە وڵاتانی عەرەبیدا لایەنگرێکی زۆریان هەبووە، ئەو درامایانە بوون کە باس لە رابردووی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی عوسـمانی دەکەن. بەڵام ئەو تموحەی ئەردۆغان خەریکە بەرەبەرە روویەکی سەربازی وەردەگرێت. بەشـداریی کارای تورکیـا لـە شـەڕی نێوخۆی سووریا و بڕیاری ناردنی هێزی سەربازی بۆ نزیک کەنارئاوەکانی قەتەر نموونەی ئەو گۆڕانکارییەن کە لە روانگەی ستراتیژیی تورکیادا روویانداوە.

هەفتـەی رابـردوو محەممـەد بـن سـەلمان، شازادەی جێنشینی سـعودیە، لەکاتی سەردانی قاهیرەدا بە ژمارەیەک رۆژنامەنووسـی میسـری راگەیانـد کە لـە رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا "سـێ هێـزی نەگریس" هەن: ئێـران، گرووپە چەکدارە جیهادییـەکان و تورکیـا. ئەردۆغانیشـی بـەوە تۆمەتبـار کـردووە کە هەوڵـی زیندووکردنەوەی "خەلافەتـی عوسـمانی" دەدات. پاش دزەکردنی لێدوانەکەی بن سـەلمان، باڵیۆزخانەی سـعودیە لـە تورکیا هەوڵی هێورکردنـەوەی دۆخەکەی دا و رایگەیاند کە مەبەسـتی شـازادەی جێنشـین "گرووپە تیرۆریستەکان و ئیخوان موسلمین" بووە.

محەممـەد ئەلیەحیـا، توێـژەر لـە ناوەندی لێکۆڵینەوەی کەنداو، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی (وۆڵ سـتریت جورنـاڵ)ی ئەمریکـی دەڵێـت: "تورکیا زۆر شـتی هەبوو پێشـکەش بە جیهانی عەرەبی بکات، بەڵام سیاسەتی ئەردۆغان هەموو ئەو شتانەی بەژێرەوە کرد".

بەڵام تورکیا تەنیا لە ئاستی ناوچەییدا وێنەی هێزێکـی سـەربازی پـێ نـەدراوە، بەڵکو لە دوای هەوڵـی کودێتـای تەممـوزی 2016 لە ئاسـتی نێوخۆیـش وێنـەی تورکیـا لە وڵاتێکـی ئازادی ئیسـلامییەوە بۆ دەسەڵاتێکی ئەمنی و پۆلیسی گۆڕاوە. گشتپرسییە دەستوورییەکەی پارساڵیش دەسەڵاتێکی نیمچە رەهای بە ئەردۆغان بەخشی و رێگەشی بۆ خۆش کرد تاوەکو 10 ساڵی دیکە حوکمی تورکیا بکات.

ئۆزتـورک یڵماز، جێگری سـەرۆکی گشـتیی پارتـی گەلـی کۆماریی تورکیا، بە وۆڵ سـتریت جورناڵـی گوتـووە "پێشـتر خەڵک لـە جیهانی عەرەبـی بۆ ئەزموونکردنی ئازادی، دیموکراسـی و دەسـەڵاتی یاسا سـەردانی تورکیایان دەکرد. ئەوان تورکیایان وەکوو نموونەیەک دەبینی، بەڵام ئێستا تورکیا وەکوو هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی دەبینن".

پارتـی گەلی کۆمـاری (جەهەپـە) گەورەترین پارتی ئۆپۆزیسـیۆنی تورکیایـە. هەفتەی رابردوو، سـەرۆکی تورکیـا رایگەیانـد کـە عەفریـن تەنیا دەسـتپێکە و گوتی "ئەمڕۆ لە عەفرینین، سـبەی لـە مەنبج دەبیـن و رۆژی دواتریش لـە رۆژهەڵاتی رووبـاری فـورات". مەنبـج و رۆژهەڵاتـی رووباری فـورات ناوچەی دەسـەڵاتی هێزەکانی سـووریای دیموکـرات و ئەمریکایـە. بەشـێک لە سـتراتیژی ئەمریکا بۆ سـووریا و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەیە ئەو ناوچانە وەکو بنکەی دەسـەڵات و نفوزی خۆی لە سـووریا بەکاربهێنێ. ئاکپارتـی و ئەردۆغان لە ساڵانی سەرەتای دەسەڵاتی خۆیاندا هەوڵیان دەدا چینی نێوەڕاسـت و گوندنشـینی تورکیا بکەن بە بنکەی جەماوەریی خۆیان، لە پاڵ ئەمەدا هەوڵێکی زۆریشیان دا بە کۆمەڵێک پڕۆژەی چاکسازی دەنگی ناوچە کوردییەکانیش بۆ لای پارتە ئیسـلامییەکە رابکێشـن. بـەڵام لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی دەنگی پارتـی دیموکراتیکـی گەلان (هەدەپـە) لە ناوچە کوردییـەکان و بەهێزبوونـی هێـزە کوردییەکانـی رۆژئاوای کوردستان، ئەردۆغان و ئاکپارتی وازیان لە سیاسەتی پەرەپێدانی مافی کورد لە تورکیا هێنا و هەوڵی راکێشانی دەنگی ناسیۆنالیستە توندئاژۆکانی تورکیایان دا.

عوسمان جان، یاساناس و پەرلەمانتاری پێشووی ئاکپارتی، لەوبارەیەوە بـە رۆژنامە ئەمریکییەکەی گوت: "ئامانجی سەرەکی حکومەتی تورکیا ئەوەیە دەسەڵاتی پارتی زۆرینە بپارێزێت و لەسەر دەسەڵات بیهێڵێتەوە. ئەوەی ئێستا تورکیا لە سووریا دەیکات هەر لە پێناوی ئەو ئامانجەیە، نەک لێکدانەوەیەکی عەقڵانی بـۆ بەرژەوەندییەکانی تورکیا". تورکیا لە سـاڵی 2019 هەڵبژاردنـی لە پێشـە و ئەردۆغان دەیەوێـت دەنگـی ناسیۆنالیسـتە تورکەکان بۆ خۆی مسـۆگەر بکات.

لێدان لە هێزە کوردییەکانی سـووریا و توندکردنـی سیاسـەتی حکومـەت لـە ناوچـە کوردییـەکان ئامرازێکـی سـەرەکییە بۆ ئەوەی ئەردۆغان لە پاڵ وێنەی سەرکردەیەکی ئیسلامی، وێنەی سـەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی تورکیش نیشان بدات.

سـاڵانێک تورکیـا لەسـەر بنەمـای "نەهێشـتنی کێشـە لەگـەڵ دراوسـێکان" سیاسـەتی دەکـرد. ئـەو هەڵوێسـتە وای کردبـوو تورکیا لە زۆر کێشـەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا رۆڵـی نێوبژیـوان بگێڕێـت. بەڵام لەدوای بەهـاری عەرەبییەوە تورکیا سیاسـەتی دەسـتتێوەردانی لە کاروباری وڵاتانـی ناوچەکـە گرتووەتەبـەر، کەم وڵاتـی ناوچەکە و تەنانەت هاوپەیمانە لەمێژینەکانی هەیە کە تورکیا کێشەی لەگەڵی نەبێت.

**سەرکردایەتی هێرشی سەر غوتەی رۆژهەڵات دەکات**

# پڵنگ... خۆشەویستەکەی پوتین لە سووریا

**رووداو- هەولێر**

بەرەبەیانی 18ی شـوبات فەرماندەیەکی سوپای سـووریا هێزەکانـی لـە نزیـک غوتـەی رۆژهەڵات کۆکـردەوە بۆ ئـەوەی پەیـام و هەڕەشـەی پێش دەسـتپێکردنی هێرشـی سـەر غوتەیان پێشکەش بکات. دوای چەند قسـەیەکی کورت، سـەربازەکان هاواریان کرد "لە خزمەت تۆداین ئەی پڵنگ". پڵنگ ناوبانگێکـە لە چەند سـاڵی رابردوودا بـە ژەنەراڵ سوهەیل حەسەن بەخشراوە کە فەرماندەیی هێزێک بە هەمان ناو دەکات.

سوهەیل حەسـەن سەر بە کۆمەڵگای عەلەوییە و بەشـداریی کارای لە حەوت ساڵ شەڕی نێوخۆی سووریادا هەبووە. لە پاییزی 2015 بە سەختی بریندار بـوو، گومان دەکرا کوژرابێـت، بەڵام دوای ماوەیەک دەرکەوتەوە. هەندێکیش لەناو ئۆپۆزیسیۆنی سووریا باس لەوە دەکەن کە "پڵنگ"ی راستەقینە کوژراوە و ئەوەی ئێستا قسە دەکات ساختەیە.

سـوهەیل حەسەن بە پێچەوانەی بەشار ئەسەد، بێ سڵکردنەوە باسی لەناوبردنی هەموو دژبەرەکانی رژێم دەکات، هەر ئەمەش وایکردووە لای لایەنگرانی ئەسەد و تەنانەت لای کریملینیش پێگەیەکی تایبەتی هەبێـت. چەنـد کاژێرێک دوای گوتارەکە، هێرشـی سـەر غوتـەی رۆژهـەڵات دەسـتپێکرد. دواتریش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سـەر بە هێزەکانی رووسیا لە سووریا رایانگەیاند "هێزەکانی پڵنگ" پێشەنگی هێـزی پیادە دەکـەن لـە ئۆپەراسـیۆنەکەدا. لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەش کرابوو کە هێزی ئاسمانیی رووسیا پشتگیری لە هێزە سوورییەکانی ئەو ئۆپەراسـیۆنە دەکەن. دواتـر ماڵپەڕێکی نزیک لە حکومەتی سـووریا ئاشـکرای کرد کە هێزەکانی رووسـیا لە ناوەندێکی فەرماندەیی لە نزیک غوتەی رۆژهەڵات هاوکاریی هێزەکانی سوهەیل دەکەن.

لە رۆژی دەسـتپێکردنی هێرشـەکانی غوتەوە، سـەتان هاووڵاتیـی مەدەنی کـوژراون و هەزارانیش برینـدار بـوون. شـەش رۆژ دوای هێرشـەکان، ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی داوای ئاگربەسـتێکی 30 رۆژەی کرد، ئاگربەسـتەکە ئەو گروپانـەی لەخۆنەدەگرت کە حکومەتی سـووریا و رووسـیا بە تیرۆریسـت لەقەڵەمیـان دەدەن. چەند رۆژێـک دواتر فلادیمیر پوتین، سـەرۆکی رووسـیا، راگرتنـی شـەڕی بۆ مـاوەی پێنـج رۆژ راگەیاند بۆ ئەوەی هەم رێگە بۆ دەرچوونی هاووڵاتیانی مەدەنی و چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن بکرێتەوە و هەم پێداویستییە دەرمانی و خۆراکییەکان بگەنە نێو شارەکە.

بەگوێـرەی راپۆرتێکـی گۆڤـاری ئەتڵانتیکـی ئەمریکی، سوپای رووسیا هیچکات نەیشاردووەتەوە کە مەشـق و پێداویسـتی سـەربازی پێشکەش بە "یەکەیەکی سـەربازیی دابڕاو" لە سـوپای سـووریا دەکات لەژێر فەرماندەیی سـوهەیل حەسـەندا. ئەو هێـزە لە پـاڵ هێزەکانی 4 و 5ی خۆبەخشـەکان، گروپـی میلیشـیایین و لکێنـراون بـە هێزەکانـی رژێمەوە. کۆتایی ساڵی رابردوو، ڤالێری گێراسیمۆڤ، فەرمانـدەی گشـتیی هێزەکانی رووسـیا رایگەیاند "هێزەکانی سەر بە ژەنەراڵ سوهەیل حەسەن ئەرکی زۆر گرنگی لە شەڕە سەرەکییەکاندا بە سەرکەوتوویی تـەواو کـردووە، گومانیشـی تێدا نییـە هەموو ئەو سـەرکەوتنانە بـە پشـتگیریی فڕۆکە و کەرەسـتە سەربازییەکانی سوپای رووسیا بوون".



حەسەن سوهەیل لەلایەن سوپای رووسیاوە میدالیای ئازایەتی پێبەخشراوە

**چارەنووسی پڵنگ**

چارەنووسی حەسەن سوهەیل لەداهاتووی سووریادا چی دەبێت؟ ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە رووسیا کەیفی پێی دێت و رەنگە سوهەیل و هێزەکەی لە سووریای داهاتوودا بناغەیەک بن بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی مۆسکۆ لە سووریا. بەڵام ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە قسەیان بۆ (ئەتلانتیک) کردووە بە دووری دەزانن ئەسەد بتوانێت تاوەکو کۆتایی لەگەڵ ناوبانگە زۆرەکەی سوهەیلدا هەڵبکات و دوور نییە ئەسەد بڕیاری کوشتنی بدات و دواتریش تاوانەکە بخاتە ئەستۆی "تیرۆریستان". ئەمەش ئەو چارەنووسەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی سەر بە بازنەی ناوەوەی دەسەڵات تووشی بوون، بەتایبەتیش کاتێک ئەسەد هەستی کردبێت کەسەکە دەکرێت چاوی لەسەر کورسیی دەسەڵات بێت.

ناوبانگی ژەنەراڵەکەی سـوپای سووریا بۆ چەند ساڵێک پێش بەشداریی راستەوخۆی رووسیا لە شەڕی نێوخۆی سووریا دەگەڕێتەوە. چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ کۆکن لەسـەر ئەوەی سـوهەیل دەسـتێکی باڵای لـە کوشـتاری خەڵک لە خۆپیشـاندانەکانی 2011دا هەبـووە. بەگوێـرەی راپۆرتێکی چاودێریی مافەکانـی مـرۆڤ (HRW)، هـەر سـەربازێکی سووری ئامادە نەبووایە تەقە بکات، لە هەمان شوێن دەیانکوشـت، جیا لەمە خۆی و هێزەکانی دەورێکی باڵایان لە ئەشـکەنجە و کوشتنی خۆپیشاندەران لە گرتووخانەکانی سووریادا هەبووە، ئەوە جگە لەوەی لە ژمارەیەک کۆمەڵکوژیدا بەشـداریی راسـتەوخۆی هەبووە.

لە نێوان ساڵانی 2012 بۆ 2014، خەڵکانێکی زۆر وازیان لە سوپای سووریا هێنا. ئەو کات ژەنەراڵە 48 سـاڵانەکە هەوڵی کۆکردنەوەی گروپە لایەنگرەکانی ئەسـەد و میلیشـیا عەلەوییەکانـی دا. بەو پێیەش دەورێکی باڵای لە پاراستنی هێزی بەرگریی رژێم لە قۆناغە بەراییەکانی شەڕی نێوخۆدا هەبووە.

بەڵام سـوپا و میدیای رووسیا سوهەیل حەسەن بە "یەکێک لە بەناوبانگترین فەرماندە سەربازییەکانی سووریا" ناودەبەن و هێزەکەشی بە "نەبەز" لەقەڵەم دەدەن و نیشـانەی ئازایەتیشـی لە لایەن سـوپای رووسیاوە پێبەخشراوە.

کانوونی یەکەمی ساڵی رابردوو، ڤلادیمیر پوتین سەرۆکی رووسـیا، بە سـەردانێکی چاوەڕواننەکراو گەیشـتە بنکـەی سـەربازیی حمێمیم لە سـووریا، بۆ ئەوەی شکسـتی رێکخـراوی داعش لە سـووریا رابگەیەنێت. جگە لە ئەسەد (کە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سـووریایە) تاکە فەرماندەی سـووری کە بەشداری کۆبوونەوە لەگەڵ پوتینی کردبێت حەسەن سـوهەیل بـوو. لـە دیدارەکەدا پوتین بـە ژەنەراڵە سوورییەکەی گوتبوو "هاوکارە رووسییەکانت پێیان راگەیانـدووم کـە تـۆ و هێزەکەت ئازایانە شـەڕتان کردووە و ئەنجامی باشتان بەدەستهێناوە".

شـەڕی غوتەی رۆژهـەڵات بەردەوامە. زۆرجار لە میدیاکانی نزیک لە حکومەت دیمەشـق بە هێلانەی شـێر ناودەبەن، ئەمەش وەکوو ئاماژەیەک بۆ ناوی خێزانی ئەسـەد کە بەمانای شـێر دێت. لایەنگرانی رژێم لە ئێستاوە باس لەوە دەکەن سەرکەوتنی پڵنگ بۆ رزگارکردنی "دەروازەی هێلانەی شێر" مسۆگەرە.

# ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئیتاڵیا ئەورووپای تووشی دڵەڕاوکێ کردووە

**رووداو- هەولێر**

هەفتەی رابردوو پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا رایگەیاند کە ئامادەیە لەگەڵ پارتی یەکێتی دیموکراتیکی مەسیحی و یەکێتی سۆسیالیستی مەسیحی حکومەتی هاوپەیمانی پێکبهێنێت و کۆتایی بە پێنج مانگ دوودڵی لە ئەڵمانیا بهێنێ. ئەم هەواڵە هەناسەیەکی وەبەر یەکێتیی ئەورووپادا هێنایەوە. بەڵام 12 کاژێر دواتر و لەگەڵ دەرچوونی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی ئیتاڵیا، جارێکی دیکە نیگەرانی باڵی بەسەر یەکێتییەکەداکێشایەوە.

لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی هەفتەی رابردووی ئیتاڵیادا هیچ پارتێک نەیتوانی زۆرینەی دەنگەکانی هەڵبژاردنەکە مسۆگەر بکات، بەڵام پۆپۆلیستەکانی بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە زۆرترین ژمارەی دەنگەکانیان برد و پارتی راستڕەو و پۆپۆلیستی لیگای باکوور لە پلەی سێیەمی هەڵبژاردنەکان هات. بەو پێیەی هیچ پارتێک زۆرینەی رەهای دەنگەکانی نەهێناوە، چاوەڕوانکراوترین حکومەتی هاوپەیمانی بریتی دەبێت لە حکومەتی هاوپەیمانیی بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە و لیگای باکوور.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئیتاڵیا هاوکات کۆتایی بە زیاتر لە 10 ساڵ حوکمی میانڕەوەکان هێنا. ماتیۆ رێنزی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئیتاڵیا و کاندیدی پارتی دیموکرات و سیڵڤیۆ بێرلسکۆنی، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری ئیتاڵیا و کاندیدی پارتی فۆرزا ئیتاڵیا، تووشی شکستی گەورە بوون. هەردوو پارتەکە پێکەوە کەمتر لە 35%ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. رێنزی نوێنەرایەتی چەپی میانڕەوی ئیتاڵیا و بێرلسکۆنیش نوێنەرایەتی چەپی راستڕەوی دەکرد، بەڵام ئەوەی ئەورووپییەکانی نیگەران کردووە، کەوتنی رێنزی و پارتی دیموکراتیکی ئیتاڵیا بوو.




هەڵبژاردنەکەی ئیتاڵیا کۆتایی بە 10 ساڵ حوکمی میانڕەوەکان هێنا

ماتیۆ رێنزی سەرەتا وەکوو چاکسازیخوازێکی بەجەربەزە دەرکەوت و لە 2014 بوو بە گەنجترین سەرۆکوەزیرانی مێژووی نوێی ئیتاڵیا، دوو ساڵ دواتر و پاش شکستی هەوڵەکانی بۆ چاکسازیی دەستووری، دەستی لەکارکێشایەوە. هەڵبژاردنەکەی هەفتەی رابردووی ئیتاڵیا پارتێکی دیکەی چەپی میانڕەوی ئەورووپی کرد بە ئۆپۆزیسیۆن، لە کاتێکدا رێنزی رایگەیاند کە پارتەکەی بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە لەگەڵ پارتە راستڕەوە توندئاژۆکان بچێتە ناو حکومەتی هاوپەیمانی.

لە هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی رابردووی هۆڵەندا، پارتی کاری ئەو وڵاتە 29 کورسی پەرلەمانی لەدەست دا و بۆ پلەی حەوتەمی پارتەکانی نێو پەرلەمان دابەزی. لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی فەرەنسا لە 2017ش، زۆرینەی دەنگەکانی پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا بۆ ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی ئێستای فەرەنسا چوو. لە ئەڵمانیاش پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەو وڵاتە دواجار رازی بوو لەگەڵ کۆنزەرڤاتیڤە مەسیحییە دیموکراتەکانی ئەڵمانیا یەک بگرێت و حکومەت پێکبهێنێ. ئەم هەنگاوەی سۆسیال دیموکراتەکانیش ترسی هەڵوەرینی قۆناغ بە قۆناغی سۆسیال دیموکراتی لای چەپە میانڕەوەکانی ئەڵمانیا دروستکردووە.

سۆسیال دیموکراتەکان هەموو کات جەختیان لەوە کردووەتەوە کە سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەستکراوەی وڵاتانی ئەورووپی بەستراوەتەوە بە پرۆژە و ئەجێندای ئەوانەوە. بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردن و راپرسییەکانی دوو ساڵی رابردوو دەریدەخات خەڵکی وڵاتانی ئەورووپی دەیانەوێت لە دەرەوەی ئەجێندای چەپی میانڕەو، بە تایبەتیش سۆسیال دیموکراتەکان، بەدوای ئاسایشی ئابووری و گەرەنتیی خۆشگوزەرانی و یەکسانیی کۆمەڵایەتیدا بگەڕێن.

لە ماوەی یەک دەیەی رابردوودا حکومەتە چەپە میانڕەوەکانی ئەورووپا پشتگیرییان لە سیاسەتێک کردووە کە تێیدا سیاسەت و ئەجێندای نێوخۆیی بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان دارێژراوە، هەروەها پاڵپشتی سەرەکیی پرۆژەی یەکێتیی ئەورووپا بوونە کە لەلایەکەوە لە بەها کولتوورییە لۆکاڵییەکانی کەمکردووەتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە تووشی کێشەی کۆچبەرانی کردوون.

سەرهەڵدانی پارتە راستڕەوە رادیکاڵەکان و شکستی پرۆژەی سۆسیال دیموکراسی، هەندێک لە چەپە میانڕەوەکانی ئەورووپای پەلکێشی ئەجێندای چەپی توندڕەوی پۆپۆلیست کردووە. نموونەی زەقی ئەمە لە بەریتانیا دەبینرێت کە تێیدا لە دوو ساڵی رابردوودا دەسەڵاتی جێرێمی کۆربن، سەرۆکی پارتی کاری بەریتانیا، لە ناو پارتەکەیدا رووی لە زیادبوون کردووە و تۆنی بلێر، سەرۆکوەزیرانی پێشووی بەریتانیا و دەسەڵاتداری رەهای پێشووی پارتەکە، بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز بووە. کۆربن هیچکات دژایەتییەکی تەواوی جیابوونەوەی بەریتانیای لە یەکێتیی ئەورووپا نەکردووە کە لە بنەڕەتدا پرۆژەی راستڕەوە توندئاژۆکانی پارتی موحافزکار بوو.

نموونەیەکی دیکەی فەشەلی ئەجێندای سۆسیال دیموکرات لە دانیمارک دەبینرێت کە تێیدا پارتی سۆسیال دیموکراتی دانیمارکی هەوڵ دەدات بە نزیککردنەوەی ئەجێندای خۆی لە ئەجێندای راستڕەوەکان دەنگی جەماوەر بۆ لای پارتەکەی خۆی رابکێشێ. ئەم هەنگاوە لە کورتخایەندا دەکرێت سەرکەوتن بۆ پارتەکە مسۆگەر بکات، بەڵام ناسنامەی پارتەکە وەکوو پارتێکی چەپی لیبراڵ دەخاتە مەترسییەوە.

> "هەڵەی سەرەکیی چەپە لیبراڵەکانی رۆژئاوا ئەوە بوو کە لە خەوی جیهانێکی بان ـ نەتەوەییدا دەژیان"

یاسچا مۆنک، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی، لە وتارێکدا لە رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی دەڵێت سەرهەڵدانەوەی گرووپە راستڕەوە پۆپۆلیستەکان "پەیوەندی بە زیندووبوونەوەی سەیروسەمەرەی ناسیۆنالیزمەوە هەیە کە چاوەڕێ دەکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە داهاتوودا وەکوو پاڵنەرێکی سەرەکیی سیاسی بمێنێتەوە".

مۆنک پێیوایە هەڵەی سەرەکی چەپە لیبراڵەکانی رۆژئاوا (بە ئەمریکاشەوە) ئەوە بووە کە لە خەوی جیهانێکی "بان ـ نەتەوەیی"دا دەژیان، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە گۆڕانکارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی رۆژئاوا بەستراوەتەوە بەوەی "ئەو ناسیۆنالیزمە نوێیە لە داهاتوودا چ فۆرمێک وەردەگرێت و چەپە میانڕەوەکان هەتا چەندە رۆڵیان دەبێت لەو فۆرمەی ناسیۆنالیزمی نوێ بە کۆمەڵگا و سیاسەتی وڵاتانی رۆژئاوایی دەبەخشێت و تاوەکو چەندە دەتوانن ئەو کۆمەڵگا ناسیۆنالیستییە نوێیە بکەن بە کۆمەڵگایەک کە هەموو پێکهاتەکان لەخۆیدا جێبکاتەوە".

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هەفتەی رابردووی ئیتاڵیا تەنیا رۆمای تووشی نادڵنیاییەکی گەورە بەرامبەر داهاتووی وڵاتەکەی نەکردووە، بەڵکو کۆی دامەزراوەکانی یەکێتیی ئەورووپاشی بەرەورووی ئەو پرسیارە کردووەتەوە کە رێکخراوەکە چۆن بتوانێت لەگەڵ سەرهەڵدانی گرووپە پۆپۆلیستییە دژە- دامەزراوەکاندا هەڵبکات کە ناسیۆنالیزم و بەها نەتەوەییەکان وەکوو چەکێک لەدژی دامەزراوە نێونەتەوەییەکان بەکاردەهێنن؟ دامەزراوەیەکی بان ـ نەتەوەیی وەکوو یەکێتیی ئەورووپا چۆن لە سەردەمی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی نوێدا رزگاری دەبێت؟

# سوورییەکان بەدوای شوێنبزرەکانی دەستی داعشدا دەگەڕێن

**رووداو- هەولێر**

داعش لە ماوەی سێ ساڵ دەسەڵاتی خۆی لە سووریا زیاتر لە 7000 کەسی بەند کردبوو، ئێستا کە دەسەڵاتی داعش تەفروتونا بووە، خێزانی ئەو بەندکراوانە لەنێو مەلەفە بەجێماوەکانی داعش و گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا بۆ سەرەداو و زانیاری لەبارەی چارەنووسیان دەگەڕێن.

ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی رەققە، پایتەختی خەلافەتەکەی داعش، زیاتر لە چوار مانگی خایاند، لەو ئۆپەراسیۆنەدا کە بە هاوکاریی سەرەکی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بەڕێوەچوو، بەشی زۆری شارەکە وێران بووە و نزیکەی 90%ی دانیشتووانەکەشی ئاوارە بوون.

لە گەرمەی بڵاوبوونەوەی هەواڵی رزگارکردنی رەققەدا عامر مەتەر، رۆژنامەنووسی سووری تەمەن 31 ساڵان، لە شوققەکەی خۆی لە بەرلین سەیری وێنەی باڵەخانە وێرانبووەکانی شارەکەی خۆی دەکرد. خانووبەرەکەیان، گەڕەکەیان و ئەو قوتابخانەیەی قۆناغی سەرەتایی تێدا خوێندبوو بە تەواوەتی وێران ببوون. بەڵام هیچکام لە وێنەکان سەرەداوێکیان لەبارەی چارەنووسی محەممەدی برای پێ نەدەدا.

محەممەد لە رۆژی هەشتی ئابی 2013 بۆ وێنەگرتنی خۆپیشاندانێکی مەدەنی چووبووە بەردەم دادگای رەققە. خۆپیشاندانەکە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بوو بەرامبەر بەو شەڕە نێوخۆییەی لە نێوان ئەحرار شام، سوپای ئازادی سووریا، بەرەی نوسرە و داعش هاتبووە ئاراوە. رەققە لەو بەهاری ئەو ساڵە لە هێزەکانی رژێم پاککرابوویەوە، بەڵام ئەو سێ هێزە نەیاندەتوانی لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە شارەکەدا رێکبکەون.

لە نزیک شوێنی خۆپیشاندانەکە ئوتۆمبێلێک تەقییەوە کە بووە هۆی کوژرانی دەیان کەس. ئەوانەی بە زیندوویی دەرچووبوون داعش کۆی کردنەوە و راپێچی کردن. ئەو رۆژە عامر لە ئەڵمانیاوە بەرەو رەققە دەگەڕایەوە. رۆژی دوای تەقینەوەکە عامر و مەزاری برای سەردانی شوێنی تەقینەوەکەیان کرد، جگە لە پارچەکانی کامێراکەی هیچ ئاسەوارێکی دیکەی محەممەدیان بەدی نەکرد، سەردانی نەخۆشخانەکانی رەققەش هیچ سوودێکی نەبوو.

چەند هەفتە دواتر عامر نامەیەکی لە کەسێکەوە پێگەیشت کە خۆی لە گرتووخانەکانی داعش بووە و پێی راگەیاند محەممەدی لە گرتووخانەکە بینیوە. ئێستا زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر ئەو نامەیەدا تێدەپەڕێت، بەڵام عامر هیچ زانیارییەکی دیکەی لەبارەی چارەنووسی محەممەد برای بەدەست نەگەیشتووە.

عامر کە بۆ گۆڤاری (نەیشن)ی ئەمریکی قسەی کردووە دەزانێت کەیسی براکەی لە شارێکی وەکوو رەققەی ژێر دەسەڵاتی داعش حاڵەتێکی دانسقە و دەگمەن نییە، بەڵکو هەزاران کەس لە سێ ساڵی دەسەڵاتی ئەو گرووپە بەسەر شارەکەدا دەستبەسەرکراون. بۆیەش چەند هەفتە دوای رزگاربوونی رەققە، بڕیاری دا کەمپینێک بەناو "رفێنراوەکانی داعش لە کوێن" دەستپێبکات کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی رەققە و ئەوانەی لە تاراوگە دەژین تێیدا بەشدارن. بەپێی راپۆرتەکەی (نەیشن) ئامانج لە کەمپینەکە گەڕانە بەدوای ئەو هاوڕێ و کەسوکارانەی کە داعش دەستبەسەری کردبوون و کەس بە چارەنووسیان نازانێت.

بەگوێرەی راپۆرتی روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ، داعش لە سێ ساڵی دەسەڵاتی خۆیدا زیاتر لە 7000 کەسی لە سووریا دەستبەسەرکردووە. لەو ژمارەیە سەتان کەسیان لەبەر چاوی خەڵک لەسێدارەدراون. دایکی محەممەدیش لە 2013ەوە تاوەکو کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە هیوای ئەوەی مابوو کوڕەکەی زیندوو بێت و رۆژێک لە رۆژان چاوی پێی بکەوێتەوە. بەڵام لەگەڵ دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی رەققە و بۆردومانی رۆژانەی هاوپەیمانان لەسەر شارەکە، دایکی محەممەدیش بێ هیوا بوو.



داعش لە سووریا 7000 کەسی دەستبەسەر کردبوو

بەڵام عامر ئامادە نییە کۆڵ بدات.

عامر و خێزانەکانی دیکە پەیوەندییان بە هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە کردووە کە ئیدارەی رەققەیان بەدەستە، بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوتبوو کە داعش گرتووخانەکانی چۆڵ کردووە، ئەوەی ماوەتەوە تەنیا مەلەفەکانی دادگای داعشە. لە ناو مەلەفەکاندا ناوی دەستبەسەرەکان، هۆکاری دەستبەسەرکردنیان و حوکمەکەیان هاتووە، لە هەندێکیشیاندا باسی کوشتن و شێوازی کوشتنەکەی بەندکراوەکە کراوە.

بەپێی راپۆرتەکە دیواری گرتووخانەکان پڕە لە شیعری دڵداری، نامە بۆ خێزان و دەربڕینی رق بەرامبەر چەکدارانی داعش، وەکوو بڵێی بەندکراوەکان دڵنیابوون لەوەی رۆژێک لە رۆژان داعش تێکدەشکێت و ئەندامانی خێزانەکەیان سەردانی شوێنەکە دەکەن و ئەو نامەیە دەبینن. عامر بەدەم خوێندنەوەی فایلەکان بە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێت "نازانم ئەوانەیان بۆ کوێ بردوون، ئەوە چەند مانگە هەوڵدەدەین وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە بدۆزینەوە. بەڕای من دوو ئەگەر هەیە: یان ئەوەتا لە ناو گۆڕێکی بە کۆمەڵدا نێژراون یان داعش لەکاتی پاشەکشە لە رەققە وەکوو قەڵغانی مرۆیی بەکاری هێناون".

خەلیفە خزر، خەڵکی ئەلباب، یەکێک لە ئەندامانی تیمەکەی عامرە. ئەو خۆی ماوەیەک لە گرتووخانەکانی داعش بووە و دەزانێت "ئەگەر رام نەکردبایە، ئێستا یەکێک لەو کەسانە بووم کە عامر بەدوای چارەنووسیاندا دەگەڕێ". خەلیفە لە حوزەیرانی 2014 لە حەلەبەوە بەرەو رەققە دەچوو، بۆ ئەوەی راپۆرتێک بۆ رۆژنامەی (حنگە) ئامادە بکات. داعش لە کانوونی یەکەمی 2015، ناجی جەرف، دامەزرێنەری حنگەی لە غازی عەنتاب لە تورکیا کوشت. لە نیوەی رێگا خەلیفە کەوتە بۆسەی چەکدارانی داعشەوە و دەستگیرکرا.

رۆژنامەنووسە سوورییەکە شەش مانگ لە گرتووخانەکانی داعش مایەوە و وەکو خۆی دەڵێت "گەیشتبوومە خاڵێک لە تەنیایی کە حەزم دەکرد هەر هیچ نەبێت دەنگی مرۆڤێک ببیستم. دەمویست رووخساری مرۆڤێک بە تەواوەتی ببینم، چونکە ئەشکەنجەدەرەکانم دەموچاویان داپۆشیبوو". خزر دەڵێت لە گرتووخانەکانی داعش نەیدەتوانی ئایین و تەقسە ئایینییەکانیش وەکوو سەرچاوەیەکی دڵنەوایی و ئارامی ببینێ، چونکە ئەشکەنجەدەرەکان بەناوی خوا و ئایینەوە لێیان دەدا. وەک خەلیفە دەگێڕێتەوە "جارێکیان ئەشکەنجەدەرەکەم هاواری دەکرد من نوێژ بۆ خوا دەکەم و دەگەڕێمەوە لای ئەو، لەو کاتەدا پرسیارم بۆ دروست بوو، تۆ بڵێی خوا لەگەڵ من بێت یان لەگەڵ ئەو؟".

خەلیفە ئێستا لەگەڵ گرووپی بەرگریی مەدەنیی سووریاش کار دەکات و لە ئەلباب و ناوچەکانی دەوروبەری بەدوای گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا دەگەڕێت و تاوەکو ئێستا 17 گۆڕی بە کۆمەڵیان دۆزیوەتەوە کە جگە لە ئێسقانی مرۆڤ هیچی دیکەی تێدا نییە. خەلیفە بە (نەیشن)ی گوتووە "بەداخەوە کەرستەی دیاریکردنی ناسنامەی ئەو ئێسقانانەمان نییە". هیچ رێکخراوێکی نێودەوڵەتیش ئامادە نەبووە بە هانایانەوە بچێت.

دیاریکردنی (DNA)ی کوژراوەکان ساڵانێکی زۆر و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی دەوێت، عامر پێیوایە دۆخی مەترسیداری سووریا وایکردووە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکوو ئەمنستی و چاودێری مافەکانی مرۆڤ نەوێرن خۆ لە سووریا بدەن، بۆیەش "ئێمە و خێزانەکانی هاوشێوەی ئێمە هیچ چارەیەکمان نییە جگە لەوەی چاوەڕێ بکەین". تاوەکو لە کاتی گونجاودا رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاوڕێکیان لێبدەنەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ڕێککەوتنی تورکیا و ئێران بۆ لێدان لە کورد

بەهۆی ئەو واقیعەی وەک دەرئەنجامی جەنگی کەنداو هاتە ئاراوە کە تێیدا شانبەشانی ڕاپەڕینی شیعە لە باشووری عێراق، خەڵکی کوردستانیش ڕاپەڕین و پاشان کۆچڕەوی ملیۆنیی کورد، بەرهەمەکەی چەسپاندنی دۆخێکی تایبەت بوو لە باشووری کوردستان و بووە بناغەی حوکمڕانییەکی نیمچە سەربەخۆی کوردی لە ناوچەکە. هەروەها بەهۆی جۆرێک لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕازیکردنی وڵاتانی ئێران و تورکیا و ڕەواندنەوەی مەترسیەکانیان لە دروستبوونی کیانێکی کوردی، هێزە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران، ڕازی کران بۆ موراعاتی ئەزموونەکەی باشوور چەکەکانیان بێدەنگ بکەن و لەبری سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کەمپی ئاوارەیی هەڵبژێرن.

ملنەدانی پەکەکە بۆ هەمان ستراتیجی پارتی و یەکێتی، ڕووداوەکانی ساڵی 1992ی لێکەوتەوە کە هەردوو هێزە سەرەکیەکەی باشوور بە هەموو قورساییانەوە چوونە شەڕی پەکەکەوە.

ئەم شێوازی مامەڵەکردنە لەگەڵ کوردی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، تێڕوانینێکی تازەی لای ئێرانی و تورکەکان هێنایە ئاراوە کە دەتوانن وەک حاڵەتی ئەمری واقیع مامەڵە لەگەڵ ئەم نیمچە کیانە کوردیە بکەن، بێ ئەوەی ببێتە هۆکاری بزواندنی هەستی کوردایەتی لای کوردەکانی ژێردەستەی خۆیان. تورکیا کەمتر، بەڵام بەهۆی بوونی ناکۆکی قووڵ و ستراتیجیی ئەوکاتی نێوان ئێران و عێراق، ئێران لەوەش زیاتر لە هەرێمی کوردستان هاتە پێش و یارمەتیدەرێکی گەورەی هەرێم بوو تا بەرگەی سزا ئابووری و سیاسییە سەپێنراوەکانی سەری بگرێت و بمێنێتەوە.

دوای ڕووخانی سەدام، بەهۆی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن شیعەوە، هەروەها بەهۆی زاڵبوونی هەژموونی ئێران لەسەر عێراق، ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە جەمسەربەندی و هاوکێشەی هەرێمایەتیی ناوچەکەدا ڕوویدا. بەو هۆیەوە گۆڕانکاریەکی زۆر بەسەر تێڕوانینی تورکیاشدا هات بۆ کێشەی کورد و بەتایبەتیش لە مامەڵەکردنی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەجۆرێک کە بەشێک لە ستراتیجی خۆی لەڕووی ئابووریی وزەوە (نەوت و غاز) ببەستێتەوە بە پێگەی هەرێمی کوردستانەوە. ئەم ستراتیجەی تورکیا هێندە پەرەی پێدرا، گومان دەخرایە سەر تورکیا کە لەپشت هاندانی کوردەوە بێت بۆ سەربەخۆیی.

بەڵام لە بەهاری عەرەبی و دەستپێکی ڕووداوەکانی سووریا و سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان لە ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوا، لە ڕێککەوتنی نێوان ئێران و پەکەکە و ئەسەد، بۆ گواستنەوەی سوپای پاسداران بۆ سووریا و پشتیوانیکردن لە مانەوەی ئەسەد، هەروەها چوونی بەشێک لە فەرماندەکانی پەکەکە و کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردنی هەست و سۆزی کورد لە سووریا و دروستکردنی بناغەیەک بۆ خۆبەڕێوەبەرێتی ناوچە کوردییەکان و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن هێزەکانی نزیک لە پەکەکە، پاشان بەهۆی سەرهەڵدانی داعش و دەرئەنجامەکانی، تورکیا ترسی زۆری بۆ دروستبوو کە ئەم ئەزموونەی ڕۆژئاوای کوردستان پێچەوانەی باشوور، مەترسی ڕاستەوخۆ دەخاتە سەر ستراتیجی ئابووری و ئاسایشی سیاسی وڵاتەکەی. لە بەرانبەردا دەبێتە هۆی باڵاکردنی کێشەی کورد لە ناوچەکە.

ئێران ڕۆڵێکی ورد و ژیرانەی هەبوو لە دروستکردنی ئەو مەترسییانە لای تورکیا، سوودی لە تواناکانی پەکەکە و پەیەدە بینی بۆ ئەوەی تورکیا لە ستراتیجیەتی خۆیدا هەژموونی کورد وەک هەڕەشە و مەترسی ببینێ نەک هەژموونی شیعە و ئێران. ئەمە سەرەتای قەناعەتهێنان بوو بە تورکیا کە دەست لە خەونەکانی لە باشووری کوردستان هەڵگرێ و هەمان ئەو ستراتیجە ئابوورییە لەڕێگەی تورکمانی شیعەوە لە ناوچەکانی کەرکووک دەستەبەر بکات.

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، کۆبوونەوە بەردەوامەکانی دەزگا هەواڵگرییەکانی نێوانیان، ڕێککەوتنە سەربازی و سیاسیەکانیان، ئەوە بەرهەمەکەی بوو کە تورکیا ڕەزامەندی دەربڕێت بۆ بەچۆکداهێنانی باشوور. لە بەرامبەردا دەستەبەرکردنی هەمان ئەو خەون و پرۆژە ستراتیجیانە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە عێراق و لە سەرووی ئەوانەشەوە ڕێگەخۆشکردن بۆ تورکیا بە کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردییەکانی سووریا و دوورخستنەوەی مەترسیی قەندیل لەسەری.

ئێستا نازانرێ وردەکاری و خاڵەکانی ڕێککەوتنی ئێران و تورکیا چین، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەسەر پاشەکشەکردن بە کێشەی کوردە. باشوور ڕۆڵی جارانی نەما و تا ئەندازەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر دۆزەکە لاواز بووە، لە ڕۆژئاوا بە کۆتایی عفرین زۆر شت لە بەرژەوەندی وڵاتانی سەردەستەی ناوچەکە کۆتایی دێت. دوای 16ی ئۆکتۆبەریش یەکەمجار عەبادی ئاشکرای کرد کە لەگەڵ تورکیا ڕێککەوتوون بۆ وەدەرنانی مەترسیی تیرۆر لە نێوان هەردوولا و تا ئێستا چەند جارێکیش لەسەر ئاستی باڵا تورکەکان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لەگەڵ عێراق پێکەوە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشمان دەبێت بۆ لەناوبردنی پەکەکە لە قەندیل. بەدوور نازانرێ سوپای عێراق و تورکیا لە شنگال و قەندیل لە پەکەکە بدەن.

ئەوەی دەبینرێ و لە پشتەوەی ڕووداوەکانەوە دەخوێنرێتەوە، پیلانێکی هەرێمایەتی بە ئاگاداری و ڕەزامەندیی بەشێک لە ڕۆژئاوا لەئارادایە دژ بە کورد وەک نەتەوە، دەستپێکی جێبەجێکردنەکەشی بە گرتنی کەرکووک بوو، ئەوەی ئێستا لە عەفرین ڕوودەدات و هەر پێشهاتێکی تر بۆ سەر قەندیل و لە داهاتووشدا لە قاڵبدانی کورد لە هەریەک لەم وڵاتانەی ناوچەکە، جێبەجێکردنی بەند و برگەکانی ڕێککەوتنی تورکیا ئێران ڕۆژئاوایە کە هێشتا ئێمە بە وردەکارییەکانی نازانین و ڕەنگە دوای ساڵانێکی تر بۆمان دەرکەوێت.

لە دۆخێکی وادا کورد چۆن دەتوانێ پارێزگاری لە مانەوەی بکات؟ یان چۆن دەتوانێ ئەو پیلانە هەرێمایەتیە هەڵوەشێنێتەوە، لەکاتێکدا هێشتا بەشی ئەوە هێزی هەیە بتوانێ ببێتە سەرچاوەی ناسەقامگیریی ناوچەکە. خاڵی لاوازی کورد ناتەبایی و پێکەوە نەبوونی خۆیەتی، دابەشبوونی هێزەکانی بەسەر هەر یەک لە جەمسەرەکانی ناوچەکە، وای کردووە بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین، خۆمان کراوین بە ئامرازی جێبەجێکردنی ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی لەسەرمانن.

لێرەدا درککردن بە موئامەرەکە زۆر گرنگە. پێدەچێت پەکەکە پێش هەمووان درکی بەو مەترسیە کردبێت، بۆیە نەیهێشت دوای 16ی ئۆکتۆبەر هێزە عێراقییەکان لە شنگالەوە بەناو خاکی سووریادا بچن بۆ تەواوکردنی قۆناغی دووەمی ئۆپەراسیۆنەکە کە پەلاماردانی هەرێمی کوردستان بوو لە پشتەوە دوای شکستەکانیان لە پردێ و سحێلا، هەروەها بۆ گرتنی فیشخابوور و کردنەوەی ڕێگایەک بەناو خاکی سووریادا و پێکەوە بەستنەوەی تورکیا و عێراق لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە بۆ بەستنەوەی هێڵی بۆڕی نەوت و غاز و بازرگانیی نێوانیان.

ئەوەی پەکەکە کردی لەلایەک یارمەتییەکی گەورە بوو لە پارێزگاری و مانەوەی هەرێم وەک قەوارە و کیانێکی کوردی. لەلایەکی تریشەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەگەر کورد پێکەوە بین، توانای هەڵگەڕاندنەوەی هاوکێشەکانمان هەیە. ئایا ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی لەسەر دۆزی کوردە لە ئێستادا، یەکمان دەخات، یان زیاتر دابەشمان دەکات؟



مامەند ڕۆژە
m.roje@rudaw.net

# چەمبەری عەفرین

مخابن هێڵەکانی بەرگریی لە عەفرین دەکەون. ئێستا لەبەر نەبوونی هێڵی دووەمی بەرگری، هێزە داگیرکارەکان لەدوو هێڵەوە خەریکن لە شارەکە نزیک دەبنەوە. ستراتیژی سوپای تورک بریتییە لە: تەوقدانی شارەکە و بەیەکگەیاندنی هێڵی هێرشی باکوور و ڕۆژئاوا و داخستنی دەرگاکانی شارەکە. داکشانی هێزە داگیرکارەکان لە هێڵی ڕۆژئاواوە ڕەنگە تەنها چەند کیلۆمەترێکی مابێت. لە هێڵی باکووریشەوە هەر ئەوەندەی ماوە. بەشێوەیەک کەوا لە بەرازییەکانەوە دەتوانن شارەکە ببینن!

عەفرین لە کەوتن نزیکە و هەر ئێستا هێزەکانی سوپای تورک خەریکن هێزەکانی کۆماندۆ و تیمە تایبەتەکان و هێزەکانی جووڵانی تایبەتی جەندرمە و پۆلیس و هێزەکانی سوپای ئازاد بۆ چوونە ناو شارەکە ئامادە دەکەن. بەمجۆرە بە ئەگەری زۆر لەم چەند ڕۆژەی کە ماوە، هێزە داگیرکارەکان (ئەگەر دەستوەردانێکی نێودەوڵەتی ڕوونەدات) چەمبەری شارەکە کامڵ دەکەن و لە هەندێک گەڕەکەوە بۆ چوونەناوەوە ئامادەکاری دەکەن.

گەلۆ بۆچی شەقامی باکووری کوردستان بۆ هاوسۆزی لەگەڵ عەفرین ناجووڵێت؟ گەلۆ عەفرین چی لێ بەسەردێت؟

ئەگەری ئەوە هەیە لە چەند ڕۆژی ئایندەدا چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و چ لەسەر ئاستی ناوخۆی سووریا و تەنانەت تورکیاش ڕووداوێکی لەناکاو ڕووبدات و کۆی ئەم هاوکێشەیە بەراوەژوو بکاتەوە.

**عەفرین: باجی ناسنامەی کوردستانی**

عەفرین باجی بزووتنەوەی سیاسی باکووری کوردستان دەبژێرێت. هەروەها باجی پێگەی جیۆسیاسی خۆی دەدات کەوا نەیاری ستراتیژی بەئاشکرا دەڵێت: ناهێڵین ڕاڕەوی تیرۆر کامڵ بکەن. لەکاتێکدا ئێستا خاڵی کلیلی بەدەست کوردی باکووری کوردستانەوەیە و یەک تەقینەوەی کۆمەڵایەتی لە باکووری کوردستان کۆی هاوکێشەکە بەراوەژوو دەکاتەوە. بەڵام ئەرێ بەڕاستی بۆچی باکووری کوردستان ئاوا کشوماتە؟

ڕاستییەکەی باکووری کوردستان وزەی ماتی هەموو وەرگۆڕانەکانی کوردستانە و جاران ئەگەر هەڕەشەیەک لەلایەن تورکیاوە بۆ سەر کوردستان هەبووایە، جووڵانی شەقامی باکووری کوردستان دەیڕەواندەوە. بەڵام لەوەتەی تەنگژەی عەفرین قەوماوە، لەگەڵ ئەوەی دەیان بانگەواز لەلایەن کەجەکەوە بۆ هەدەپە و کۆمەڵگەی باکووری کوردستان کراوە، کەچی هیچ پەرچەکردارێکی کۆمەڵایەتی بۆ عەفرین نایەتە کایەوە. بۆچی؟

ئەمە پەیوەندی بە چەند هۆکارێکەوە هەیە:

**یەکەم** – وزەی چالاکی کۆمەڵگە لە ستراتیژیەتی خەندەقدا بەفیڕۆ درا. لە ستراتیژیەتی خەندەقدا کەرتە زیندوو و چوست و چالاکەکانی کۆمەڵگە لەباربران. چەند هەزارێک جوانی چالاک لە ئۆپەراسیۆنەکاندا گیانیان لەدەستدا. زیاتر لە پێنج هەزار کەس دەستگیرکراون و لە شارە کوردپەروەرەکاندا نزیک بە پێنسەد هەزار هاووڵاتی کورد، شارەکانیان جێهێشتووە. ئەمەش کەرتی زیندوو و چالاکی کۆمەڵگە بووە کەوا ئێستا لە باکوور نەماوە.

**دووەم** – بزاڤی سیاسی بە ستراتیژیەتی پێچەوانە سەری لە خەڵک شێواندووە. لەماوەی سێ مانگدا دوو ستراتیژیەتی دژبەیەکی پیادە کردووە. لە هەڵبژاردنەکانی حەوتی حوزەیراندا خەڵکی هانداوە ڕوو لە ستراتیژیەتی ئاشتەوایی و دیموکراتیانە بکەن و بە هەڵبژاردن، پرسی کورد بۆ پایتەختی تورکیا بگوازنەوە. خەڵک پێشوازی لەمە کردووە و کورسییەکانی هەدەپە لە 35 کورسییەوە بۆ 81 بەرزبوونەوە.

بەڵام ڕێک یەک مانگ دوای ئەمە بە کوشتنی دوو پۆلیس ڕایگەیاند کەوا یەکلایەنە کۆتایی بە ئاگربەست و پرۆسەی چارەسەری دەهێنرێ و شەڕ دەستپێدەکرێتەوە. چەند مانگێک دوای ئەمەش شەڕی خەندق دەستپێکرد. ئەمەش چەند ستراتیژییەکی دژبەیەک و بەراوەژوون کە کۆمەڵگەیەک ناتوانێ لەیەک کاتدا خۆی لەگەڵ هەموویان بگونجێنێ.

**سێیەم**– لە حەوتی حوزەیراندا دەوڵەت لە مەترسی سەرکەوتنی پەرلەمانی کورد تۆقیوە. پێش ئەوەش دەوڵەت پێگەکانی جەنگی تۆکمە دەکرد. واتە خۆی بۆ جەنگی کتوپڕ ئامادە دەکرد. لەوێوە ئامادەکارییەکانی بۆ دەسپێکردنەوەی جەنگ کردووە و 12ی تەمموز نیعمەتێک بوو کە قۆستییەوە.

بۆیە بەهۆی ئەم فاکتەرانەی باسیان لێوەکرا، بزاڤی سیاسی ناتوانێ وەک جاران کۆمەڵگە بجووڵێنێ، چونکە: کۆمەڵگە لە قەیرانی متمانە بە بزاڤی سیاسیدا دەژیت. پینەکردنەوەی ئەم درزی متمانەیە وەختی دەوێت. لەگەڵ ئەمەش ئەگەر هەیە ئەم نەورۆزە، هەندێک شتی لەناکاو بقەومێن، چونکە دۆخی عەفرین بە خاڵی شکانەوە گەیشتووە و ئەردۆغان هەموو سنوورەکانی تەحقیرکردنی گەلی کوردی بەزاندووە.

**ئەنجام:** چارەنووسی عەفرین بە چی دەگات؟

ئێستا چارەنووسی عەفرین بە دوو فاکتەری کوردی (باکووری کوردستان) و فاکتەری نێودەوڵەتییەوە بەندە. گەلۆ ئەم دوو فاکتەرە چۆنی شیدەکرێنەوە؟

سەبارەت بە فاکتەری یەکەم: ئەگەر لەم نەورۆزەدا باکووری کوردستان بتەقێتەوە، ئەوە ئۆپەراسیۆنی عەفرین تەگەرەی تێدەکەوێت. خۆی ئەم فۆرموولە بۆ عەفرین هەیە: ئەگەر عەفرین بکەوێ باکووری کوردستان دەتەقێتەوە. ئەگەر سوپای تورک بشکێ، تورکیا دەتەقێتەوە کە ئەگەری هەڵبژاردنی پێشوەخت، جەنگی ناوخۆیی و تەنانەت کودەتاش لەئارادا هەیە.

سەبارەت بە فاکتەری دووەم: ئەگەر شارەکە تەوق بدرێ، کارەبای لێ ببڕێت، ئاوی لێ بگیرێتەوە و شەڕ بەناو شارەکە بگات و ئازووخە بە خەڵک نەگات، ئەگەری ڕوودانی کارەساتی مرۆیی هەیە و لەم حاڵەتەدا دەشێ چاوەڕوانی بڕیارێکی ناودەوڵەتی بکرێت. ئەگەر ئەمەش ڕوونەدا، ئەوە ئەگەری کۆڕەوێکی گەورە هەیە. حاڵەتێکی دیکەش هەیە کەوا تورکیا خۆی نەیەوێ بچێتە ناو شارەکەوە. لەم حاڵەتەدا چاوەڕێی ڕێککەوتنی نێوان ئەمریکا – تورکیا یاخود ڕووسیا – تورکیا سەبارەت بە عەفرین دەکرێت.

**بەگشتی:** عەفرین ئێستا لە لووتکەی تەنگژەکەی نزیک دەبێتەوە.



ئیسماعیل حەمەعەلی خورماڵی *

# هەڵبژاردن و پێوەرەکانی پاڵاوتنی پاڵێوراو

پاڵاوتن بۆ هەر هەڵبژاردنێک پێویستی بە کۆمەڵە پێوەرێکی دیاریکراوە. پێوەرە سەرەکی و گشتییەکان لە دەستوور یان یاسادا دیاری دەکرێن، دەشێت لەلایەن کۆمسیۆن و دەزگا پەیوەندیدارەکان بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە پێوەری تری لاوەکی دابنرێت بۆ پاڵێوراو. سەبارەت بە خودی ئەو پارت و قەوارانەش کە لیستی پاڵێوراوان پێشکەش دەکەن، هەندێجار مەرج و پێوەری تری سەربار دادەنرێت. لەدواتریشدا ناوی ئەو پاڵێوراوانە بەکۆمەڵە پرۆسێسێکدا دەبرێن بۆ ئەوەی متمانەیان پێبدرێت و بتوانن بەشداری پرۆسەکە بکەن، یاخود پاڵاوتنیان ڕەت بکرێتەوە.

**مەرجەکانی پاڵێوراو لە عێراق و لە کوردستان**

لە ماددەی (20) ی دەستووری عێراقدا هاتووە: "هاووڵاتیان، پیاوان و ژنان مافی بەشداربوونیان هەیە لە کاروباری گشتی، سوودمەند بن لە مافی سیاسی، لەوانەش مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن". هەروەها لە برگەی (دووەم) لە ماددەی (49) دا هاتووە: "مەرجە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران، عێراقی بێت بەتەواوی شایستەیی (کامل الاهلیە)". لەبرگەی (سێهەم) ی هەمان ماددەدا هاتووە: "مەرجەکانی پاڵێوراو و دەنگدەر و هەموو پەیوەندیدارەکان بە هەڵبژاردنەوە بە یاسا ڕێکدەخرێت".

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان لە عێراق و کوردستان، بەم شێوەیە لەیاسادا باس لە مەرجەکانی پاڵێوراوان کراوە.

**یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق:**

سەرەڕای ئەو مەرجانەی لەدەنگدەردا هەیە، لە ماددەی (8)ی یاساکەدا هاتووە:

**یەکەم:** عێراقی بێت و شایستەیی تەواوی هەبێت، (30) ساڵ تەمەنی تەواو کردبێت کاتی خۆپاڵاوتنی.

**دووەم:** یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس یان هەر یاسایەکی تری جێگرەوەی نەیگرێتەوە.

**سێهەم:** ڕەوشت و ناوبانگی باش بێ و بەهیچ تاوان و کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ.

**چوارەم:** ا– هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان هاوتاکەی بێت.

ب– لیستەکانی هەڵبژاردن بۆیان هەیە ڕێژەیەک زیاتر نەبێت لە 20%ی پاڵێوراوەکان تایبەت بکەن بە توێژەکانی تری کۆمەڵگا لە هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەی.

**پێنجەم:** بەشێوەیەکی ناڕەوا لەسەر حسابی نیشتمان و ماڵی گشتی دەوڵەمەند نەبووبێت.

**شەشەم:** نابێت ئەندامی هێزە چەکدارەکان و دامەزراوە ئەمنییەکان بێت لە کاتی خۆپاڵاوتنیدا.

**یاسای پەرلەمانی کوردستان – عێراق:**

لە (ماددەی بیست و یەک)ی یاساکەدا مەرجەکانی پاڵێوراو بەم شێوەیە هاتووە:

پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی پەرلەمان ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

1 – لە هاووڵاتیانی کوردستان – عێراق بێت و لێی نیشتەجێ بێت.

2 – تەواو و شیاو بێت و گەیشتبێتە تەمەنی بیست و پێنج ساڵ.

3 – بەچاکی خوێندن و نووسین بزانێت.

4– بەجۆرە تاوانێک سزای بەندکردن نەدرابێ کە لە ڕەوشت و ئادابی گشتی و دەستپاکی لایدابێت.

5 – بەجەریمەی کوشتنی دەسئەنقەست و دزی حوکم نەدرابێ.

6 – لەو تاوانانەدا بەشداری نەکردبێ کە دەسەڵاتی سەرکوتکاری لە کوردستان پلانی بۆ دانابێ یان ئەنجامی دابێ.

یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق

**لە برگەی (یەکەم)ی ماددەی (چوارەم) ی یاساکەدا هاتووە:**

پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنەکان ئەم مەرجانەی لێ بێتەدی:

1– پێویستە عێراقی بێت و بەتەواوی شیاو بێ و بیست و پێنج ساڵی لە تەمەنی لەکاتی خۆپاڵاوتنیدا تەواو کردبێ.

2 – پێویستە بۆ پاڵێوراوی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجوومەنی محەلیی قەزاکان بەلانیکەم بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەیان هەبێ و بۆ پاڵێوراوی ئەنجوومەنە خۆجێیەکانی ناحیەکانیش بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەیان هەبێ.

3 – پێویستە ڕەوشت و ناوبانگی باش بێ و بەهیچ تاوان و کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نەدرابێ.

4 – پێویستە لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕییەکە بێت بەپێی تۆماری باری شارستانی یان بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ ماوەیەک لە (دە) ساڵ کەمتر نەبێ لێی دانیشتبێ بەمەرجێک نیشتەجێبوونەکەی بۆ مەبەستی گۆڕانکاری دیموگرافی نەبێت.

5 – نابێ لە هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێ.

6 – نابێ بەشداریی لەو تاوانانەدا کردبێ کە ڕژێمی بەعس نەخشەی بۆ کێشابوون یان جێبەجێی کردبوون.

ئەم خاڵانەی سەرەوە بەگشتی ئەو مەرج و پێوەرانەن کە لەیاسادا جێگیر کراون بۆ خۆپاڵاوتن بۆ هەریەک لەو هەڵبژاردنانەی لەعێراق و کوردستاندا هەن. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، مەرجەکان بەگشتی چوونیەکن و جەخت لەسەر پەسەندی خورەوشت و نەبوونی تاوان دەکەنەوە. تەنها لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان مەرجی نیشتەجێبوون لەخودی پارێزگاکە چەسپاوە، سەبارەت بە بڕوانامەش بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەکالۆریۆسە، تەنها 20% دەشێت ئامادەیی بێت. بۆ پەرلەمانی کوردستان تەنها نووسین و خوێندنەوەیە، بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش بڕوانامەی ئامادەییە.

**قەوارەکان چۆن پاڵێوراوانیان دەستنیشان بکەن؟**

سەبارەت بە پاڵێوراو لەهەر قەوارەیەک یان ئەگەر لیستی سەربەخۆ بێت، پێویستە ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە بۆ هەر پرۆسەیەک دانراون سەرەڕای کۆتای ئافرەتان. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە ڕەچاوی چەند خاڵێکی تر بکەن بۆ سەرکەوتنیان، لەوانە:

1– کەسی جەماوەری و خاوەن پێگە دیاری بکەن تا بتوانن زۆرترین دەنگ کۆبکەنەوە.

2 – پاڵێوراوان لەڕووی بڕوانامەو پسپۆڕییەوە هەمەجۆر بن، بۆ ئەوەی بتوانن لەداهاتوودا لە لیژنە هەمەچەشنەکاندا کار بکەن.

3– زۆر گرنگی بدرێت بەسەرۆکی لیست کە لەداهاتوودا دەبێتە سەرۆکی فراکسیۆن، تا بتوانێت لەداهاتوودا نوێنەرایەتیەکی دروست و شایستەی قەوارەکە بکات.

4 – لەڕووی فیکرییەوە پێگەیشتوو بێت و توانای تێگەیشتن و پەیوەست بێت بەو ئامانجانەی کە قەوارەکە خستوویەتیەڕوو وەک بەرنامەی کاری لیستەکە.

5 – ڕەچاوی دابەشبوونی جوگرافی بکرێت بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن.

6– ڕەچاوی حاڵەتی پێکهاتە و هەر دابەشبوونێکی تر بکرێت کە لەو ناوچەیەی هەڵبژاردندا بوونیان هەیە.

7 – لەدیاریکردنی پاڵێوراوەکاندا ڕاو سەرنجی ڕێکخستن و لایەنگران وەربگیرێت و بەڕێگای دیموکراسیانە کەسەکان دەستنیشان بکات، بۆ ئەوەی گەرموگوڕی و پەرۆشییان هەبێت بۆ هەڵمەت و کەمپینەکانیان.

**پاڵێوراوان چۆن متمانە وەردەگرن؟**

پاش ئەوەی لیستی پاڵێوراو و قەوارەکان لەو ماوەیەی کە دیاریکراوە پێشکەشی کۆمسیۆن دەکرێن، کۆمسیۆن هەڵدەستێت بە پێداچوونەوەی بەڵگەنامەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەسەرجەم بەڵگەنامەکان و ئەگەر کەموکوڕییەک هەبوو، قەوارەکە ئاگادار دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی. دواتر ئەو ناوانە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێن بۆ دڵنیابوونەوە و ڕاستاندنیان کە بەگشتی وەزارەتی خوێندنی باڵایە بۆ بۆ بڕوانامەکان، وەزارەتی ناوخۆیە بۆ دڵنیابوون لە ئەستۆپاکی و نەبوونی سزا و تاوان.

لەیاسادا (15) ڕۆژ دەستنیشان کراوە بۆ پرۆسەی وردبینی و بەدواداچوونی پاڵێوراوان، ئەگەری هەیە ماوەکە درێژ بکرێتەوە لەبەر زۆریی ژمارەی پاڵێوراوان یان هەر هۆکارێکی تر. دوای ئەوەی کۆمسیۆن وەڵامی فەرمی لایەنەکانی وەرگرتەوە، بەتایبەت دروستیی (بڕوانامەکان) و (ئەستۆپاکیان) لە نەبوونی سزا و تاوان وەک لە مەرجەکاندا هاتووە، ئەوکات کۆمسیۆن بەفەرمی ناوەکان بڵاودەکاتەوە و قەوارەکانیش ئاگادار دەکرێنەوە لە پەسەندکردنی لیستەکانیان.

ئەگەر پاڵێوراوێک یان زیاتر گرفتی هەبوو، ئەوا ئەو قەوارەیە ئاگادار دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لەماوەیەکی دیاریکراودا ئەو گرفتە چارەسەر بکات و بەپێچەوانەوە ئەو پاڵێوراوانەی کە بەڵگەنامەکانیان پەسەند نەکراوە یان ناتەواو بووە، لە پرۆسەکە دوور دەخرێنەوە.

ڕیزبەندی پاڵێوراوەکان لە بنەڕەتدا بەو شێوەیە دەبێت کە لە لیستەکەدا پێشکەش کراوە، بەڵام ئەگەر پاڵێوراوێک یان زیاتر پەسەند نەکران لە لیستەکەدا ئەوا ڕیزبەندی پاڵێورەکان دەگۆڕێت و ناوەکان هەڵدەکشێن بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی لەئەنجامی لادانی پاڵێوراوەکانەوە دروستبوون.

*** بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمسیاران، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.**

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# یەکێتی.. دۆڕاوە گەورەکە

1

گوشار و هاتوهاواری هەردوو بنەماڵەی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد بۆ بەستنی کۆنگرە و سەپاندنی ئەمری واقیعی بنەماڵەیی پێش هەڵبژاردنەکانی 12ی مایسی ئەمساڵ، دەلالەتە لەوەی کە دەیانەوێ یەکێتی بە هەر ئەنجامێک لە هەڵبژاردنەکان دەربچێ، لەدەست ئەوان دەرنەچێ. بۆیە تەنانەت تا ئاستی لەتبوونێکی دیکەش ئامادەن و باکیان بەوە نییە کە دوایی چی ڕوودەدات، بەڵام لەوە غافڵن کە ئیتر منداڵە بەنازپەروەردەکراوەکەی ئێران نەماون تا چییان بوێ بۆیان بکات. 16ی ئۆکتۆبەر، دوایین ئەرک بوو کە ئێران بەو دوو بنەماڵەیەی هەبوو، دەمێکە لەسەر ئەڵتەرناتیڤی ئەوان قسە و گفتوگۆ هەیە.

ئەڵبەتە کۆسرەت ڕەسوڵ (لە غیابی مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕی) وەک تاکە بڕیاردەری شەرعیی ناو یەکێتی، قەت ڕێگە نادات دابەشبوونێکی دیکە لەسەر دەستی ئەو لەناو یەکێتیدا ڕووبدات. پرۆژەی کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ ئایندەی یەکێتی بەندە بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و مەبەستیەتی لە دەرەوەی کۆنگرە و پلینیۆم، بە میکانیزمی بڕیاری سەرکردایەتی، هەم نەخشە ڕێگاکەی خۆی بچەسپێنێ و هەمیش یەکێتی بەرەو کۆنگرە ببات. بەپێی ئەو نەخشە ڕێگایە بە دوور نازانرێت دەنگدەرانی یەکێتی لەسەرانسەری کوردستان (بە ناوچە داگیرکراوەکانیشەوە) سەرپشک بکرێن لەوەی دەنگ بە هاوپەیمانییەکەی بەرهەم ساڵح دەدەن (کە لەوەشیاندا کۆسرەت ڕەسوڵ مەبەستیەتی حەجمی بەرهەم ساڵح لای دەنگدەرانی ببینێ)، یان ئەو لیستانەی کە ئێستا بەناوی یەکێتییەوە ئامادە کراون (ئەگەرچی ئەگەری ئەوە لەئارادایە کە یەکێتیش وەک پارتی لە کەرکوک بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکات). بۆیە لەو پرۆسەیەدا هێز و کاریگەریی هەموو لایەک دەردەکەوێت و بەو شێوەیە دەکرێ لەسەر سیغەیەک بۆ داهاتووی یەکێتی ڕێکبکەون کە تێیدا، جارێکی دیکە بەرهەم ساڵح بگەڕێتەوە ناو یەکێتی و لە ئۆرگانەکانی دیکەی ناو یەکێتیدا، جێگە بۆ چەند کەسێک لە بنەماڵەی تاڵەبانی بکرێتەوە. بنەماڵەی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد ئاگاداری ئەم نەخشەڕێگایەن، بۆیە هەر لەئێستاوە قۆڵیان لەوە هەڵماڵیوە کە دکتۆر بەرهەم هەناردەی بەغدا بکەن! تا خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا بمێننەوە (تەنانەت قوباد تاڵەبانی لە سلێمانی دەچێ ئیفتیتاحی ئەو پرۆژە تەواو نەکراوە دەکات کە بەرهەم ساڵح سەرپەرشتیی دەکات!)، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پارتیش دکتۆر بەرهەمی لە کوردستان دەوێت و هیوای ئەوەی هەیە کە بتوانێ بە پاڵپشتیی کۆسرەت ڕەسوڵ ببێ بە سەرکردەی زۆنی سەوز و نیلی.

---

## نەجمەدین کەریم، دەرد بوو نەک دەرمان!

2

لە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەرەوە، چەندین جار دکتۆر نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک لە میدیاکانەوە دەرکەوتووە. زۆربەی قسەکانی لە وەڵامی پرسیاری میدیاکاندا سەبارەت بە کەوتنی کەرکوک و ئەو دۆخەی ئێستا حاکمە، یان تەنانەت بەشدارینەکردنی لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی، بەوەوە دەبەستێتەوە کە بنەماڵەی تاڵەبانی لە کاتێکدا دەستیان بەسەر یەکێتیدا گرتووە، بەشێکیان خیانەتیان کردووە و بەشەکەی دیکەش (کە مەبەست لێی قوباد تاڵەبانییە) بێدەنگییان هەڵبژاردووە. تا ئێرە هەمووی ڕاستە، بەڵام ئەگەر کەمێک فیلمەکە ببردرێتە پاش و کەمێک زاکیرەی مێژوویی ئەکتیڤ بکرێت، ڕۆڵی نەجمەدین کەریم لە دروستکردنی ئەم واقیعەی ئێستا زۆر ڕوون و ئاشکرا دیارە.

دکتۆر نەجمەدین کەریم لە هەموو ئەو دیمانە و گفتوگۆیانەدا، هەرگیز بەرەورووی ئەو پرسیارە نەکرایەوە کە بۆچی دوو ساڵی ڕەبەق (لە 2012 تا 2014) وەک تاکە گوتەبێژ لەبارەی تەندروستیی جەلال تاڵەبانی درۆی لەگەڵ داروبەرد کرد؟ ئەو لەکاتێکدا کە باش دەیزانی (بە حوکمی پسپۆڕییە پزیشکییەکەی) تاڵەبانی قەت جارێکی دیکە لەفزی ناجوڵێت و کۆتایی هاتووە، درۆی بۆ خەڵک و یەکێتی دەکرد. لێدوانەکانی ئەو سەبارەت بە دۆخی تەندروستیی تاڵەبانی کە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە شعوری لەدەست دابوو، ڕێگر بوو لەوەی کە لە بەغدا کەسێکی دیکەی شایستە ببێتە سەرۆککۆمار و لە کوردستانیش لە دوو جێگرەکەی یەکیان ببێتە سکرتێری گشتی و یەکێتی بەو دەردەی ئێستا نەچێت. ئەو وای کرد کە بنەماڵەی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد لە ڕێگەی لێدوانە ناڕاستەکانی ئەوەوە دەست بەسەر دۆخی ناوخۆی یەکێتیدا بگرن و ناڕازییەکان فت بکەن. تەنانەت بەڕێزیان لە پێناوی ملشکاندنی کاندیدێکی کارامەی وەکو دکتۆر بەرهەم، بە ڕاسپاردەی ماڵی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد چووە ناو کێبڕکێی دیاریکردنی کاندیدی سەرۆککۆمارەوە و، ئەوەش وای کرد کە ئەمڕۆ هەر خۆی دانیشێ ڕەخنە لە سەلەفەکەی تاڵەبانی بگرێ و پێی بڵێت قابیلی بەراورد نییە! ئەگەر دکتۆر نەجمەدین کەریم وەک موعتەمید و سەروەسیەتی بنەماڵەی تاڵەبانی دەرنەکەوتبا و خەڵکی بە ئاراستەیەکی ڕاستدا بردبایە، ئێستا نە یەکێتی وای لێدەهات کە فرمێسکی تیمساحی بۆ بڕژێنرێت، نە کوردستانیش تووشی ئەو حاڵە دەبوو.

## دکتۆر فوئاد زۆر مەعسومە

3

نازانم کورد چ خێرێکی لە پۆستی سەرۆکایەتی تاڵەبانی بینی تا چاوەڕوانیی خێری لە فوئاد مەعسووم هەبێ؟ هەر جەلال تاڵەبانی نەبوو کە کاتێ بارزانی داوای لابردنی مالیکیی دەکرد لە 2012 بەهۆی ئەوەی سوپای دیجلەی هێنابووە سەر کەرکووک، نامەی دەستلەکارکێشانەوەی نووسی و گوتی ئەگەر مالیکی لابەرن منیش لادەچم وەک پشتیوانییەک بۆ مانەوەی مالیکی؟! ئینجا گوتی بەدیلی مالیکی هەر مالیکییە! پۆستی سەرۆککۆماری لە ناوچەی سەوزی بەغدا، گەورەترین ئاواتی سیاسیی تاڵەبانی بوو کە پێی گەیشت و کۆتایی هات. هەر بۆیە گلەیی و گازەندە لە دکتۆر فوئاد کە جێگرەوەی بەرهەقی تاڵەبانییە، چاوەڕوانییەکی زیادەیە. لەلایەکی دیکەشەوە، هێرشەکان بۆ سەر ئەو پیاوە بێ ئەوەی کە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە سەبارەت بە مانەوە یان نەماوە لە پرۆسەی سیاسیی بەغدادا بدرێت، غەدرە. فوئاد مەعسووم ئامادەیە سبەی ئیستیقالە بکات بە مەرجێک هەموو لایەنەکان ئەو شەهامەتەیان هەبێت.



دەیڤید ڕۆمانۆ

# جیهان دەبێ خۆی بۆ تورکیایەکی نوێ ئامادە بکات

ئەم هەفتەیە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لەکاتی گوتاردان بۆ گردبوونەوەیەکی لایەنگرانی، بە دەستی ئاماژەیەکی پیشانی ئامادەبووان دا، ئەو ئاماژەیە بە ڕۆژئاوای گوت کە پێویستە چ شتێک لەبارەی تورکیای نوێوە بزانن.

زۆربەی ئەوانەی چاودێری ئەردۆغان دەکەن لەگەڵ ئاماژەی چوار پەنجەکە، کە بە "ڕابیعە" ناسراوە و بۆ ئیخوان موسلیمین دەگەڕێتەوە، ڕاهاتوون. بەڵام ئەم هەفتەیە ئەردۆغان سیمبولێکی دیکەی پیشانی ئامادەبووان دا: نیشانەی فاشیستی گورگە بۆرەکانی تورک، کە بە بەرزکردنەوەی پەنجەی ئاماژە و پەنجە تووتە و لکاندنی دوو پەنجەکەی نێوەڕاست بە پەنجەی گەورەوە دروست دەکرێت.

ئەم نیشانەیەی دەست کە لە گورگ دەچێت، بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ بوونەوەرێکی ئەفسانەیی بەناوی ئاسێنا. ئاسێنا دێڵە گورگێکە کە لە دۆڵە ئەفسانەییەکەی ئەرگەنەکۆن لە دەشتەکانی ئاسیای نێوەڕاست ژیاوە، واتە ئەو ناوچەیەی دەگوترێت تورک لەوێوە هاتوون. ئەو نیشانەیەی دەستە دەبەسترێتەوە بە گروپە ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی تورکیاوە، کە ڕاپۆرتێکی ئار دەبلیو ئەپڵ، ڕۆژنامەنووسی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی، بە تۆڕێکی "دژەبێگانە، ناسیۆنالیستی دڕندە، فاشیستی نوێی نوقمبوو لە توندوتیژی" وەسفیان دەکات.

لە کاتی دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە 1923، هیچ سەرۆک و سەرۆکوەزیرانێکی تورکیا ئەم نیشانەیەی بەکارنەهێنابوو. ئەگەر ئەو نیشانەیەی دەستی ئەردۆغان بۆ دروستکردنی زەماوەند لە نێوان ناسیۆنالیزمی فاشیستیی نوێ لەگەڵ ئیسلامگەرایی بێت، ئەوە کردەوەکانی ئەردۆغانیش پشتگیری لەم سیمبۆلیزمە دەکەن.

ڕەنگە خوێنەرانی ئەم ڕۆژنامەیە ئاشناییەکی باشیان لەگەڵ ئەو پێشێلکارییانەی ئازادی مەدەنی و لەناوبردنی دامەزراوە و پاڵپشتە دیموکراتیکەکان هەبێت کە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا دەکرێن. بۆیەش پێویست ناکات هەموویان لێرەدا دووبارە بکەینەوە.

هەرچۆنێک بێت، ئەوە نزیکەی دوو ساڵە ئەردۆغان لە حاڵەتی ئاوارتەدا حوکمی تورکیا دەکات، ئەمەش ڕێگەی بۆ خۆشکردووە ڕاوی نارەزایەتییەکان بنێت، بێ ئەوەی خۆی ڕووبەڕووی لێپێچینەوە ببێتەوە. شێوازی حوکمکردنی تورکیا تاوەکو ئێستاش لە هی ئەو ڕژێمانەی میسر دەچێت کە ئیخوان موسلیمینە ڕەسەنەکە بۆ ماوەیەکی درێژ بەرەنگاری دەبووەوە؛ ڕاستیەکەی لە ژێر دەسەڵاتی سیسی، موبارەک و ئەوانی دیکەدا، دۆخە ئاوارتە بێکۆتاییەکان وایان کردبوو، دەستوور و لێپێچینەوە لە دەسەڵاتی پاوانخوازی وڵاتەکە بکەوێتە ژێر گومانەوە.

وڵاتانی ڕۆژئاوا دەیانتوانی لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی میسردا هەڵبکەن، لەبەر ئەوەی میسر، سەرەڕای دەسەڵاتە تاکڕەوانەکەی لە نێوخۆ، خاوەنی سیاسەتێکی دەرەوەی میانڕەو بوو. بەڵام لە تورکیای نوێی ژێر دەسەڵاتی ئەردۆغاندا کەم ڕۆژ هەیە بانگەشەیەکی توند بۆ زیندووکردنەوەی شانازییەکانی پێشووی عوسمانییەکان بەرگوێمان نەکەوێت، کە تێیدا باس لە گەڕاندنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیش دەکرێت. تورکیا هەڕەشە لە دوورگەکانی یۆنان دەکات، هێرش دەکاتە سەر سووریا، پشتگیری لە گروپە جیهادییەکانی سووریا دەکات، سیاسییەکانی ئەوروپا بە "نازی" ناودەبات، باسی لێدان لە هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەکات و بە کردنەوەی دەرگا لە کۆچبەران هەڕەشە لە ئەوروپا دەکات، بەم پێیەش وادیارە تورکیای نوێ ئامادەیە دەست بۆ هەموو شتێک بەرێت.

بۆیە ئەمریکی و ئەوروپییەکان دەبێت کۆمەڵێک پرسیار لە خۆیان بکەن: بۆ نموونە چەندی ماوە بۆ ئەوەی تورکیا، کە پێشتر فڕۆکەیەکی ڕووسی خستووەتە خوارەوە، کەشتییەکی یۆنان یان قوبرس نوقم بکات؟ چەندی ماوە بۆ ئەوەی سکاڵای کوژرانی باڵیۆزی ئەمریکا لە تورکیا ببێت بە ڕۆژەڤ، وەکوو چۆن باڵیۆزی ڕووسیا لەلایەن پۆلیسێکی ئیسلامگەرای ناسیۆنالیستی تورکەوە کوژرا؟ چەندمان کات لەبەر دەستە پێش ئەوەی بەهۆی پشتگیریی تورکیا بۆ گروپە جیهادییە جیاجیاکان داعشی داهاتوو دروست ببێت؟ چەندمان کات لەبەردەمە پێش ئەوەی وڵاتێکی دیکەی دراوسێی تورکیا تووشی دەستدرێژی سەربازیی ئەنقەرە ببێتەوە، کە ڕەنگە ئەمجارەیان ناوی بنرێت "کۆتری سپی"، بۆ ئەوەی لەگەڵ "ئۆپەراسیۆنی چڵی زەیتوون" لە سووریا بگونجێت؟

لەدۆخێکی ئاوهادا باشتر وایە سەرکردەکانی ئەمریکا و ئەوروپا خۆیان بۆ ژمارەیەک پلانی هێرش ئامادە بکەن. ئەڵمانیا و ئەمریکا سەبارەت بە گەشت بۆ تورکیا هۆشدارییان بە هاووڵاتیانی خۆیان داوە. ئەڵمانیا هەنگاوێکی ئەخلاقیشی ناوە و فرۆشتنی تانکی لیۆپارد بە تورکیای وەستاندووە، ئەم هەنگاوە بەهۆی نیگەرانییەکانی ئەو وڵاتەیە لەبارەی هێرشی هێزەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین.

بەریتانیا، ئەمریکا و هەموو ئەندامانی دیکەی ناتۆ دەبێ زۆر بە وریاییەوە بیر بکەنەوە پێش ئەوەی هیچ جۆرە کەرەستەیەکی سەربازیی دیکە بە "هاوپەیمان"ەکەی خۆیان لە ناتۆ بفرۆشن.

ئەگەر سەرکردەکانی ڕۆژئاوا بەڕاستی بیانەوێت مارەکە لە کونەکەیدا بکوژن، پێش ئەوەی تورکیا بەڕاستی ببێت بە هێزێکی زیانبەخش لەناوچەکەدا، ئەوە دەبێت هەموو بیانوویەک بەکاربهێنن بۆ ئەوەی سزا لەسەر ڕژێمەکەی ئەردۆغان دابنێن و بیخەنە پەراوێزەوە. بێگومان ئەمە زیانی بازرگانی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا بە دواوە دەبێت، بەڵام دەبێتە هۆی پاراستنی ڕۆژئاوا لەو کێشە لەناکاو و گەورانەی بەرێوەن. جیا لە سەرکوتی نێوخۆیی لە تورکیا، هەر هێرشەکەی عەفرین دەکرێت هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی بیر لە ستراتیژێکی ئاوها بکرێتەوە.

ئەگەر ئەوروپی و ئەمریکییەکان تاوەکو ئێستاش توانای ئەوەیان تێدا مابێت بە ڕیالپۆلیتیک بیر بکەنەوە، ئەوە دەبێت پەی بەو ڕاستییە بەرن کە بە قازانجی خۆیانە ئۆپەراسیۆنەکەی عەفرین ئاوها دەرنەچێت کە ئەردۆغان دەیویست ـ وەکو چۆن بە قازانجی ئێرانییەکان بوو هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق وەها دەرنەچوو کە ئەمریکا دەیویست.

لە هەمانکاتدا ئەوروپییەکان و سەرکردەکانی ڕۆژئاوا دەبێت ئەوەیان لا ڕوون بێت کە گەڕانەوە بۆ دیموکراسی لە تورکیا و دوورکەوتنەوە لە شەڕفرۆشتن لە سیاسەتی دەرەوەدا دەتوانێت زۆر بە خێرایی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕۆژئاوا چاک بکاتەوە. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە تاوەکو ئەو کاتەی ئەمە ڕوونەدات، هیچ شتێکیش نییە دەوڵەتە دیموکراتەکانی ڕۆژئاوا بە بانگەشەکارانی نیشانە فاشیستی و ئیسلامییەکان ببەستێتەوە.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# کورد و ئێس 400-ی ڕووسی

بەینێکە بازاڕی ئێس– چوارسەدی ڕووسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەرمە و عێراقیش بەتەمایە ببێتە کڕیار! مەسەلەکە تەنها کڕین و فرۆشتنی تەکنەلۆژیایەکی جەنگی نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی قووڵتری لەپشتە و ئێس چوارسەد، خەریکە دەبێتە فاکتەرێکی یاریگۆڕ لە گەمە جیۆسیاسییەکانی ئەم ناوچەیەدا، بۆیە لە نزیکەوە کاریگەری لەسەر دۆخی کورد دادەنێت!

باس لە سیستەمێکی بەرگریی مووشەکی دەکەین کە لە وەختێکدا، 100 ئامانج دەستنیشان دەکات و لە دووریی 400 کیلۆمەتریشەوە، بە جارێک توانای پێکانی 12 دانەیانی هەیە: ئێس-400ی ڕووسی!

عێراق ئەمەی بۆ چییە؟ ئایا بڕیارە شەڕێکی نوێ ڕووبدات؟ هێشتا تازە بە ڕواڵەت شەڕی داعش تەواو بووە و زۆرێک لە دەوڵەتانی دۆست و نادۆستی جاران، پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ ئەم عێراقەی ئێستادا هەیە. بەڵام، بەرپرسانی بەغدا، باش دەزانن کە ئەم دۆخە، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە هەتا سەر نییە. بۆیە دەیانەوێ تەگبیری داهاتوو بکەن.

هێشتا عێراق سیستەمەکەی نەکڕیوە، بەڵام ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوە دانی بەوەدا ناوە کە وڵاتەکەی بەتەمایە بیکڕێ، ئەگەر بۆی دەست بدات. ئەمریکاش بە یاسای "کاتسا" هەڕەشەی لە عێراق کرد ئەگەر بێتو ئەو سیستەمە ڕووسییە بکڕێت. یاسایەک کە تایبەتە بە گەمارۆدانی دوژمنانی ئەمریکا!

بەئەگەری زۆر،عێراق لە ماوەی کورتخایەندا، مەسەلەی کڕینی چەک و تفاقی سەربازیی ڕووسی (بە ئیس400- یشەوە) وەک کارتێکی گوشار لەسەر ئەمریکا بەکاردەهێنێ، تا لە مەسەلەی پڕچەککردنی سوپای عێراقدا دەستوبرد بکات و کەمتر لە عاقیبەتی چەکەکانی لە عێراق بکۆڵێتەوە! وەک نموونەی تانکە ئابرامزەکان کە دەست حەشدی شەعبی کەوتبوون. بەڵام لە ماوەی درێژخایەندا، بەغدا وەک ئەڵتەرناتیڤێکی جیددی سەیری ڕووسیا دەکات تا بنیاتی سوپا-دەوڵەتەکەی پێ تۆکمە بکات.

### تەکنۆلۆژیایەکی یاریگۆڕ!

ئەوەی لێرەدا جێی بایەخە، ئەوەیە کە بەشێوەیەکی گشتی، ئێس400- خەریکە دەبێتە فاکتەرێکی یاریگۆڕ لە گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکییەکانی ناوچەکەدا. دوو وڵاتی هاوپەیمانی ئەمریکا، گرێبەستی کڕینی ئەو سیستەمەیان مۆرکردووە: سعودیە و تورکیا! ڕووسیاش وەک مشتەرییەکی گریمانەیی لە میسر، سوودان، عێراق و سووریا دەنوارێت. هەندێک وڵاتیش پێشتر ئێس300-یان کڕیوە.

جا ئەگەر لەسەر نەخشەیەک سەیری ئەو وڵاتانەی ناوچەکە بکەین کە پەنایان بۆ چەتری بەرگری مووشەکی ڕووسی بردووە یان بە نیازن پەنای بۆ بەرن، دەبینین کە مەیلێکی زۆر بۆ پەیداکردنی سیستەمی بەرگریی مووشەکی ڕووسی هەیە و ئەگەر زۆربەی وڵاتە گرنگەکانی خۆرئاوای ئاسیا بە سیستەمی بەرگری مووشەکی ڕووسی پڕچەک بکرێن، دەشێ چەند ئەنجامیکی گرنگی لێبکەوێتەوە:

**یەکەم:** ڕووسیا شوێنپێی خۆی قایم دەکات و گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا، بەبێ حوسن و ڕەزای مۆسکۆ مومکین نابێت. ئەگەر وابێت، ڕەنگە ئیتر سەردەمێک بێت کە قورسایی هێزی ڕووسی لە دەریای سپی، کەنارەکانی دەریای سوور و خەلیج، کە گرنگترین ڕێگاکانی گواستنەوەی وزەی جیهانن بە ڕوونی هەستی پێبکرێت.

**دووەم:** یەکێک لە ئەنجامەکانی جێگیربوونی سیستەمی بەرگریی مووشەکی ڕووسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەیە کە ڕەنگە بەهۆی پەیدابوونی هاوسەنگییەک لە هێرش و بەرگری ئاسمانیدا، جەنگەکانی داهاتوو لەم ناوچەیە زیاتر سروشتی محەلی بە خۆیانەوە بگرن، مەگەر ئەو کاتانەی کە ئیدی زلهێزەکانیش شەڕی یەکتر لەبەرچاوبگرن.

**سێیەم:** سیستەمی بەرگریی مووشەکی ئێس-400 دەتوانێت دەرفەتێک بۆ ڕژێمە سیاسییەکانی ناوچەکە بخوڵقێنێ هەتا بەو دڵگەرمییەی کە لە ڕێی بەرگری ئاسمانی لە هێرشی دەرەکی پەیدای دەکەن، بە ورەیەکی زیاترەوە ناڕەزاییە ناوخۆییەکانیان سەرکوت بکەن.

سەرگوزەشتی کورد، نموونەیەکی زیندووە بۆ ئەوەی کە دەریخات، چۆن تەکنەلۆژیای جەنگ دەتوانێت کاریگەری لەسەر چارەنووسی سیاسیی گەلێک دابنێت. ئەو وەختانەی کە مەغۆلەکان بە ئەسپە تیژڕەوەکانیان،لایەک لە دنیایان تاڵان دەکرد، ئەسپ لە کوردستانیش هەبوو، بەڵام زۆرتر ئاژەڵی خاو بەکاردەبرا. ئەو وەختەی کە تورکەکانی عوسمانی بە سوودوەرگرتن لە تۆپ و باڕووت، خۆیان لە دەرگای قەڵاکانی ئەوروپا دەدا، کورد هێشتا بەو تەکنەلۆژیایە ئاشنا نەبوون. لە ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کورد دەستیان بە برنەو و ماوزەڕ گەیشت، بەڵام ئیدی وەختی بەسەرچووبوو، گەلانی دنیا، ئیتر بە تیربار و فڕۆکە و تانک شەڕیان دەکرد. لە کاتی جەنگ و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیش، هێزی ئاسمانی و بۆمبی ئەتۆمی و بۆمبی هایدرۆجینی و...تاد، لە جبەخانەی سوپای وڵاتاندا جێیان گرت. بەڵام، شۆڕشگێڕانی کورد تازە بە کلاشینکۆفی ڕووسی ئاشنا دەبوون! ئێستاش کە شەڕ لە جیهاندا خەریکە چوارڕەهەندی دەبێتەوە و دنیا، دنیای شەڕی دوور و شەڕی مووشەک و شەڕێکی هەمەلایەنەیە لە ئاسمان و زەوی، لە وشکانی و لە تەڕایی، کورد تازە بە تازە، ئەویش بەشێوەیەکی سنووردار، بەشێک لە تەکنەلۆژیای جەنگی سەرعەرزیان دەسکەوتووە.

ئەمەی کە باسکرا بۆ ئەوە نییە کە کورد بێ هیوا بێت. بەڵکوو زیاتر بۆ ئەوەیە کە پەنجە بۆ بایەخی تەکنەلۆژیا لە گۆڕانکارییە جیۆسیاسییەکان ڕاکێشێت. دواجار تەکنەلۆژیا بە جێگیری لەو شوێنە نامێنێتەوە کە لەوێ گەشەی پێدراوە و بڵاودەبێتەوە. وەک چۆن چینییەکان باڕووتیان کەشف کرد، بەڵام ئەوەی بۆ یەکەمجار کردی بە تۆپ و قەڵاکانی پێ ڕووخاند، تورکەکانی عوسمانی بوون! ئەم بابەتە پەیوەندی بە ڕادەی زانایی گەلان و لێوەشاوەیی سەرکردەکانیانەوە هەیە. هەمووکات دەرفەت بۆ گەشەکردنی ئەوانە هەیە کە ژیر و لێوەشاوە بن. دەشێ کوردیش لەوانە بێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# بازاڕی تابلۆ رووتەکانی تارا گەرمە

« 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





